# نووسینگەی ڕۆژنامەوانێکی بەرپرس

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

مارگریت سولیفان

# نووسینگەی ڕۆژنامەوانێکی بەرپرس

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

ناوی کتێب: نووسینگەی ڕۆژنامەوانێکی بەرپرس
نووسینی: مارگریت سولیفان
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٤٥
هەڵەگری: بۆکان نووری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# له دانەرەوە

خۆشحاڵ بووم کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا گەشت بۆ ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپا و ئاسیا بکەم، وەک بەشداریکردنێک لە بەرنامەی گوتیارانی سەر بەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. لەمیانەی ئەو گەشتانەدا زۆر لە بەرپرسانی حکوومیم بینی، بەپشتبەستن بەئەزموونی ڕۆژنامەوانیم هەروەها وەک گوتیارێک بەناوی زۆر ئاژانسی حکوومیی ئەمریکییەوە، هەندێک زانیاریم لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەی کاروباری گشتیی بەشێوەیەکی کارا پێشکێش کردن.

ئەم کتێبە وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی زۆر لەو پرسیارانەیە کە لەمیانەی ئەو گەشتانەدا ئاراستەم کراون، وەک ڕێبەرێکی گیرفان بۆ سەرکردە حکوومییەکان و بەرپرسانی فەرمانگە گشتییەکانی ڕاگەیاندن نووسیمەوە، ئەوانەی ئارەزوو دەکەن میکانیزمێکی کارای گەیاندن لە نێوان ڕۆژنامەوانی و حکوومەتدا پەیڕەو بکەن.

هەڵبژاردنی بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە، ڕەنگدانەوەی ئەو پرسانەیە کە ئەو گوتیارە ڕەسمییانە ورووژاندوویانە، جا چ لە ڕووی ئەو بابەتە دیاریکراوانە بێ کە تاوتوێ کراون، یاخۆ لە ڕووی ئاستی وردەکاری بەردەستەوە بێ.

ئەو پرسیارانەی لێرەدا خراونەتە ڕوو بە بەشێکی دیاریکراو لەم جیهانە پێوەست نین، بەڵکو سەرجەمیان وەک یەک یان هاوشێوەی ئەو

پرسیارانەن کە لە ئەمریکا و وڵاتانی تردا ئاراستەم کراون.

لە کاتی تەنگژەکاندا چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەوانیدا بکەم؟ لەو دەزگایەی کاری لێ دەکەم چۆن پەرە بەو پەیامە بدەم کە بەرپرسە حکومییەکەم داوام لێ دەکات، بەجۆرێک خەڵک لێی تێ بگەن و وەری بگرن؟ چۆن داوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن هەڵبسەنگێنم؟ چۆن ئامادەکاری بۆ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بکەم؟ چۆن هاوسەنگییەک لە نێوان پێویستیی نووسینگەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ ستراتیجییەتی درێژخایەنی گەیاندن و، بەرپرسێتی کارکردن لەگەڵ ڕۆژنامەوانی لەسەر بنەمایەکی ڕۆژانە دروست بکەم؟ مەودای ئەو هەستە دۆستانەیە چەندە کە دەکرێ یان دەبێ لە نێوان گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان و ڕۆژنامەواناندا دروست بێ؟

نووسینی نێو ئەم ڕێنوێنییە ڕەنگدانەوەی شارەزای پراکتیکی تایبەتی خۆمە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا. تێبینیم کرد حکوومەت لە دەرەوە چۆن گەیاندنی ئەنجام دەدا، وەک ڕۆژنامەوان و سەرنجلێدەرێک کە کاروبارە حکوومییەکان دەگوازێتەوە و، لە ناوەوە، وەک گوتیارێکی ڕەسمی حکوومیی کە لەگەڵ ڕۆژنامەواناندا کار دەکات. هەروەها وەک ڕۆژنامەوانێک، کاروباری حکوومەتم لە هەموو ئاستەکاندا، لە ئاستی نێوخۆییەوە بۆ ئاستی نەتەوەیی گواستەوە. وەک گوتیارێکی ڕەسمی حکوومیش، لەگەڵ ئەندامانی ڕۆژنامەوانیی هەرێمی و نێودەوڵەتی و جیهاندا کارم کرد و وەڵامم دانەوە. هەروەها وەک سەرۆکی یانەی ڕۆژنامەوانیی لە واشنتۆن و وەک بەرپرسێک لە چەند گرووپێکی جێبەجێکاری حکوومی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە گرینگی ڕێکخراوە پیشەییەکان تێ گەیشتم، کە لە ڕێگەیەوە دەکرێ

لەگەڵ هاوڕێکانت لە شارەزایی و کێشە و سەرکەوتنەکاندا هاوبەش بی.

دواجار، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا تێبینی ئاستی گرینگی ڕۆڵی گوتیارە ڕەسمییە حکومییەکان و ڕۆژنامەوانانم لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا کرد و، چۆن بتوانن پێکەوە کار بۆ گواستنەوەی زانیاری لە حکوومەتەوە بۆ هاووڵاتیان بکەن و، چۆن وەڵامدەری بایەخی ئەو خەڵکە بن.

مارگریت سولیفان

## بەشی یەکەم

ئەوەی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی دەیکات

"جێمس مادیسۆن" چوارەم سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٢٢دا دەڵێ: "بوونی حکوومەتێکی جەماوەریی بەبێ زانیاریی جەماوەریی یان هۆیەک بۆ دەستکەوتنی، جگە لە پێشەکییەک بۆ گاڵتەبازی یان مەینەتی، یاخۆ هەردووکیان هیچی تر نییە". هەروەها "ئەبراهام لنکۆڵن" شەشەم سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٦٤دا دەڵێ: "لێ گەڕێن خەڵک ڕاستییەکان بزانن، ئەوکات وڵات ئارام دەبێ".

ئەم دوو سەرۆکەی ئەمریکا باسیان لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی دیموکراسییەت دەکرد، گوتەکانیان بۆ ئەو سەردەمە ڕاست بوو، تەنانەت بۆ سەردەمی ئێستاش جێبەجێ دەبێ. بۆ ئەوەی خەڵک دەسەڵات پەیڕەو بکات، دەبێ لەسەر بنەمای زانیارییەکان و بڕیاردانی ڕاستەوخۆ توانای هەڵبژاردنی هەبێ. ئەگەر زانیاریی ڕاستەقینە و باوەڕپێکراویان دەست نەکەوتبێ ئەمە نایەتە دی، ئەوان ئەمەیان لە ڕۆژنامەوانیی ئازادەوە دەست دەکەوێت، ڕۆژنامەوانیی ئازاد لەجیاتی هاووڵاتییان ڕۆڵی چاودێر لەسەر حکوومەت دەبینێ. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریی ڕەچاوی چالاکی حکوومیی دەکات و هانی گفتوگۆ دەدا و، بەرپرسە گشتییەکان بە پابەندبوون بە بەرزترین پێوەرەکان ناچار دەکات و، ئەوە بڵاو دەکاتەوە کە ئایا حکوومەت پارێزگاری لە متمانەی گشتیی دەکات یان نا؟

له شۆڕشی ئەمریکایی لە سەدەی نۆزدەمدا بیرۆکەیەک هاتە ئارا، بەوەی حکوومەت پێویستە بەرامبەر گەل بەرپرس بێ و، ئەو کەسانەی لە حکوومەت کار دەکەن لە خزمەتی گەلدا فەرمانبەرن، بەڵام خزمەتکردنی گەل پرسێکی دوو ئاراستەیە، لە دیموکراسییەتدا خزمەتکردنی گەل ئەرکی ڕۆژنامەوانی و ئەرکی بەرپرسانی حکومییە.

هەروەک "جۆن ئێف کنیدی" سەرۆکی ئەمریکا گوتی: "هەڵقولانی زانیارییەکان و توانای هەڵبژاردن لەسەر بنەمای زانیاریی و، توانای ڕەخنەگرتن و، هەموو ئەو گریمانانەی کە دیموکراسییەتی سیاسی لەسەری دەوەستێ، لە بنەمادا پشت بە گەیاندن دەبەستێ".

## نووسینگەی ڕۆژنامەوانی چییە و چی نییە؟

"نووسینگەی کاروباری گشتیی حکومیی بنەمایەکە بۆ سیستەمێکی تەواوی گەیاندن لەگەڵ گەلدا". ئەمە وتەی "شیلا تیت"ە کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا سکرتێری ڕۆژنامەوانیی نانسی ڕیگەنی خانمی یەکەمی ئەمریکا بوو، هەروەها جێگری سەرۆک جۆرج بوش بوو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییە سەرکەوتووەکەی لە ساڵی ١٩٨٨دا. وەک تیت دەڵێ: "پرۆسەی ڕۆژنامەوانی حکوومیی ئەو کەناڵە ڕۆژانەیەیە کە ڕۆژنامەوانیی لە ڕێگەیەوە زانیاریی لەبارەی کارەکانی حکوومەتەوە دەست دەکەوێت".

باسکردنی چۆنیەتی کاریگەریی بەرنامە حکوومییەکان و سیاسەتەکانیان لەسەر هاووڵاتیان، ڕۆڵی سەرەکیی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی حکومییە، کە زانیارییە گشتییەکان و بایەخی بەرپرسان و پلانەکانیان بۆ گەل دەگوازنەوە و، یارمەتیی گەل دەدا بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن پرسە جیاوازەکان کار لەسەر ژیانیان دەکات.

"مایک کیری" سکرتێری پێشووی ڕۆژنامەوانی سەرۆک بیل کلینتون دەڵێ: "بڕێکی زۆر لە زانیاریی لای حکوومەتەکان هەیە و پێویستی بە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتییانیدا". هەروەها دەڵێ: "گوتیاری ڕەسمی وەک ئەو ڕۆژنامەوانەیە کە لە ناو حکوومەتدا کار دەکات و، زانیارییەکان بۆ گەل کۆ دەکاتەوە، ڕۆڵی گوتیاری ڕەسمی ئەوەیە زۆرترین زانیاریی بە گەل بگەیەنێت".

بۆیە بەرپرسانی ڕۆژنامەوانی حکوومیی دوو ڕۆڵیان هەیە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بەرگریکاری هەڵوێستی حکوومەت دەبن و، لایەنی باشی کارەکانی حکوومەت ڕوون دەکەنەوە و، زانیارییە هەڵەکان ڕاست دەکەنەوە و، هەوڵ بۆ باش لێکدانەوە و تێگەیشتنی زانیارییەکان دەدەن.

لەلایەکی ترەوە بەرەڤانی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ناو حکوومەتدا دەکەن و، پێویستیی ڕۆژنامەوانان دەگوازنەوە، وەک ئارەزوو لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەیی لەبارەی بابەتێک کە لەوانەیە بەرپرسە حکومییەکان ئامادە بن یان نەبن بۆ باسکردنی. گەلێک جار گوتیارە ڕەسمییەکان تا ڕادەیەک کاری ڕۆژنامەوانان دەکەن، وەک کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ڕۆژنامەوانی و ئەوەی شارەزایانی حکوومیی دەیڵێن بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی دەگوازنەوە.

"ئاری فلایشەر" سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش لە کۆشکی سپی، دەڵێ: "ئەرکی سکرتێری ڕۆژنامەوانی خستنەڕووی هەڵوێستی سەرۆک و بیرکردنەوەکانیەتی، بەشێوازێک یارمەتیدەری بێ بۆ پشتگیری لە کارنامەکەی، لە کاتێکدا ڕۆژنامەوانی یارمەتیدەرێتی لە ئاگابوون لەوەی حکوومەت دەیکات". هەروەها دەڵێ: کارێکە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو لادا ڕادەگرێ و پێویستی بە

بڕیارێکی وریایانە لە خزمەتی هەردوو لادا هەیە.

ئەرکی گوتیاری ڕەسمی لە یەک کاتدا سووربوون و کاردانەوە لەخۆ دەگرێ، واتە هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لە کۆمەڵە لایەنێکی هەواڵ و، وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆژنامەوانانیش. بۆ نموونە، لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، وەک هەمیشە ڕۆژانە چەند ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەوانی دەردەچێت، تێیدا بەرنامەی نوێ یان ئەو چالاکییانەی سەرۆک کە کۆشکی سپی ئارەزووی بڵاوکردنەوەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکات، لەخۆ دەگرێ. لە هەمان کاتدا، ڕۆژنامەوانان کە دەنگوباسی کۆشکی سپی دەگوازنەوە پێوەندی بە نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکەوە دەکەن و لەبارەی ئەو هەواڵانەی کە بەرپرسانی کۆشکی سپی ئارەزوو دەکەن یان ناکەن لە بڵاوکردنەوەی، پرسیاریان لێ دەکەن. "جۆنی ئینمان" سەرۆکی کۆمەڵەی نەتەوەیی بۆ گوتیارانی ڕەسمی حکوومیی «کۆمەڵەیەکە نوێنەرایەتی بەرپرسانی ڕاگەیاندنی گشتیی ئەمریکایی لە حکوومەتە نێوخۆیی و ویلایەتەکان و حکوومەتی فیدرالیدا دەکات»، دەڵێ: «لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکەکە لەوە زیاترە کە تەنیا زانیاریی بڵاو بکرێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئێمە لە نێوان حکوومەتەکانمان و گەلدا ئەڵقەی گەیاندنین و، زانیارییەکان لە حکوومەتەوە بۆ گەل دەگەیەنین. دەبێ بزانین کە چی دێتە ڕێگەمان و گوێبیستی ئەوە بین کە لە شەقامدا ڕوو دەدا و دای بڕێژینەوە و بە بەرپرسە حکوومییەکانمانی بگەیەنین». "ئینمان" بەڕێوەبەری پێوەندییەکانی هاووڵاتییانە لە شاری لیکوود لە ویلایەتی کولورادو.

لێ بەرپرسی ڕۆژنامەوانی حکوومیی جادووگەر نییە، بەوەی توانای گۆڕینی سیاسەت یان بەرنامەیەکی ناسەرکەوتووی هەبێ بۆ شتێک کە وا دەربکەوێ کە سەرکەوتووە. هەروەک کۆمەڵەی دادوەرە

نەتەوەییــیــەکــانی دادوەرانی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکــان لە بابەت و هەواڵنامەکانیاندا خستوویانەتەڕوو، پێوەندییە گشتییەکان ناتوانێ جێگەی بەرنامە کاراکان یان بیرۆکە بەهادارەکان بگرێتەوە. لە توانای سکرتێری ڕۆژنامەوانیدا نییە وێنەیەکی سەرڕاست بخولقێنن ئەگەر بەرپرســە حکوومــیــیــەکــان ســەرڕاست نەبن. هەروەها ناتوانێت حکوومەت وەها وێنا بکات کەوا دان بە گرفتەکاندا دەنێ و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدا، ئەگەر گرفتەکان بەردەوام بن و هیچ شتێک لە بەرامــبەریدا نەکرێ. لە توانای نووسینگەی ڕۆژنامەوانیدا نییە ڕۆژنامەوانیی بە نووسین لەبارەی کرانەوەی حکوومەت ڕازی بکات، لە کاتێکدا حکوومەت کراوە نەبێ، یان لەبارەی شارەزاییی کارگێڕی بەرپرسانی حکومییەوە کە لە ڕاستیدا لە کارگێڕی نازانن. هەروەها نووسینگەی ڕۆژنامەوانی ناتوانێ ئامانجەکانی حکوومەت بگوازێتەوە، ئەگەر سەرکردە حکوومییەکان ئەوانەی ئەو لەبەردەستیاندا کار دەکات، ئامانجەکانیان ڕوون نەبێ.

## ڕۆژنامەوانان و بەرپرسانی ڕۆژنامەوانی حکوومی

بەرپرسانی ڕۆژنامەوانی حکوومیی پێویستە پێشبینی نەکەن لەوەی ببنە هاوڕێ یان نەیاری ڕۆژنامەوانان. دەبێ ڕۆژنامەوانان چاودێری بێلایەنی حکوومەت و کار و پلانەکانی بن –لە وڵاتێکی دیموکراسیدا، ناکرێ ڕۆژنامە و حکوومەت هاوبەش بن. ئەوان ڕکابەری سروشتیی یەکترن و ئەرکەکانیان جیاوازە– لەسەر هەریەکەیان پێویستە ڕێز لە ڕۆڵی ئەوی تر بگرێت، بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ کە ناکۆکییەکی سروشتی لە نێوان هەردوو لادا هەیە. لە لایەکەوە پێوەندییەکە جۆرێکە کە بەرپرسان هەوڵ دەدەن بە ئارەزووی خۆیان ڕووداوەکان

بگێڕدرێتەوە، لە کاتێکدا ڕۆژنامەوانی بەدوای هەڵەکاندا دەگەڕێت و گوشار بۆ دەستکەوتنی زانیاریی دەکات، لەلایەکی ترەوە پێوەندییەکە ئاڵوگۆڕە، بەجۆرێک ڕۆژنامەوانان پێویستییان بە بەرپرسانی ڕۆژنامەوانی حکوومییە بۆ یارمەتیدانیان لە تێگەیشتن لە کارەکانی حکوومەت و پلانەکانی و، بەرامبەریش پێویستی بە ڕۆژنامەوانانە بۆ ئەوەی زانیاریی لەبارەی کارەکانی حکوومەت و پلانەکان بۆ گەل بگەیەنن. هەندێک لە بەرپرسانی ڕۆژنامەوانی حکوومی وا لە ڕۆژنامەوانان چاوەڕوان دەکەن کە هاوڕێیان بن و ڕاپۆرتی خراپی ڕۆژنامەوانی نەنووسن، بەڵام ڕۆژنامەوانی پیشەیی ڕێگە نادات هاوڕێیەتی لەگەڵ بەرپرسێکدا ببێتە ڕێگر لە بەردەم ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی. بەو پێیەی کەسی ڕۆژنامەوان ئەرکەکەی بەردەوامە، ڕۆژنامەوانی باش هەرگیز لە کارکردن ڕاناوەستێ.

"مایک کیری" گوتیاری ڕەسمی پێشوو بەناوی سەرۆک کلینتون لە کۆشکی سپی دەڵێ: "پێویستە گوتیارە ڕەسمییەکان پێوەندیی دۆستانە بەڵام پیشەییانە، لەگەڵ ڕۆژنامەوانان ببەستن". هەروەها دەڵێ: ڕۆژنامەوانان ئەرکگەلێکیان لە ئەستۆیە پێویستە ڕای پەڕێن، گوتیارە ڕەسمییەکانیش ئەرکی خۆیان هەیە و دەبێ ئەنجامی بدەن. دەکرێ گوتیاری ڕەسمی هاوڕێی ڕۆژنامەوان بێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانێ کە ڕۆژنامەوانان بەردەوام کارەکەیان دەکەن وەک چۆن ئەمانیش دەیکەن".

پێویستە بەرپرسانی حکوومیی لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو بنەمایانە ڕوون بکەنەوە کە بەپێی ئەوە لێدوانەکانیان دەدەن، وەک گوتنی لێدوانەکە «بەمەبەستی بڵاوکردنەوە نییە» یان «زانیارییەکان تەنیا پاشخانیان هەیە» یاخۆ «قسەکردن بەشێوەیەکی ڕەسمی

بەمەبەستی بڵاوکردنەوەیە و، بەشێوەیەکی نارەسمی بەمەبەستی بڵاوکردنەوە نییە».

"جۆن ئینمان" دەڵێ: گوتیارە ڕەسمییەکان دەکرێ پێوەندییەکی پیشەییی دۆستانە لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژنامەوانانداا ببەستێ، بەڵام پێوەندیی بەستنی تایبەتی و کەسیی زەحمەت دەبێ. هەروەها دەڵێ: "ئەو کاتە هەر دێت کە ڕۆژنامەوان پێویستی بەوە دەبێ کە ئەو پرسیارە لێکۆڵینەوەییە هەستیارانە ئاراستەت بکات یان بینووسێ یاخۆ بیخوێنێتەوە، کە حەزیان لێ ناکەیت. ناتوانی پشت بە هاوڕێیەتی ببەستیت، هەر دەبێ شتێک کاریگەری هەبێ، جا پێوەندی پیشەیی بێ یان هاوڕێیەتی، بەڵام گوتیاری ڕەسمی پێویستی بەوەیە پێوەندییەکە پیشەیی بێ و، پێویستی بەوەیە توانای پێوەندیکردنی بە ڕۆژنامەوانەوە هەبێ و پێی بڵێ: «لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە سەرکەوتوو نەبوویت».

## پێویستیی مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەوانیدا

لەسەر گوتیارە ڕەسمییە حکومییەکان پێویستە ڕێگر نەبن لە بەردەم هەواڵێکدا. فەرمانبەرە حکومییەکان مافی ئەوەیان نییە بڕیار بدەن کە چی لە بەرژەوەندی گەلدایە بیزانێ و، چی لە بەرژەوەندیدا نییە. ئەرکەکەیان بریتییە لە بەردەستکردنی بابەتی هەواڵی بۆ سەرجەم ڕۆژنامەوانان، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە لەو بڕوایەدان کە دۆستانە نین.

"جولیانا گلوفەر" سکرتێری ڕۆژنامەوانی دیک چینی یاریدەدەری سەرۆک، دەڵێ: پێویستە لەسەر سکرتێری باشی ڕۆژنامەوانی بەدەم هەموو داخوازییەکی کەناڵە هەواڵییە ڕێپێدراوەکانەوە بچێت بۆ

زانیاریی پێدان، تەنانەت ئەگەر بە سادە و کورتیش بێ کە پێی بڵێ «دەبێ بگەڕێمەوە لات». هەروەها دەڵێ: "دەبێ مجامەلە وەک بنەمایەک پەیڕەو بکرێت، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەوانیی لەوانەیە لە ساتێکدا دژەخواست بێ، لێ هەمیشە کاتێک هەر دەبێ بۆ گواستنەوەی پەیامەکە پێویستت پێیان دەبێ، ئەوکاتە دێ وەبیریان دێتەوە کامەیان لەگەڵیان ڕێکوپێک بووە و کامە وا نەبووە".

هەندێک لە بەرپرسانی حکوومیی سەرسوڕمانی خۆیان پیشان دا کاتێک لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا، ڕۆژنامەوانان پرسیاری وەها دەکەن کە لەبارەی بابەتی کۆنگرەکە نییە، ئەمەش شتێکی سروشتییە. لەوانەیە ڕۆژنامەوانەکان نەتوانن بە بەرپرسە حکوومییەکان بگەن، بۆیە کاتێک ڕێگەیان پێ دەدرێ، پرسیاری خۆیان دەکەن جا پێوەندی بە بابەتەکەوە هەبێ یان نا، ئەمەش بەشێکە لە بوونی ڕۆژنامەوانیی ئازاد.

"ستیفین هیس" توێژەر لە کاروباری سەرۆکایەتی ئەمریکا لە کتێبەکەی بەناوی "پێوەندیی نێوان حکوومەت و ڕۆژنامەدا: بەرپرسە ڕۆژنامەوانەکان و نووسینگەکانیان" دەڵێ: نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکان لایەنێک نییە کە تەنیا پاڵپشتی مادی لە لایەن حکوومەتەوە بکرێت بەڵکو ڕێپێدانێکیشە، کە لە کۆمەڵگەی ئازاد و پێوەندی دەوڵەت بە هاوولاتیانەوە سەرچاوەی گرتووە". هەروەها دەڵێ: "ئایا لە سیستەمێکی دیموکراسیدا ئەرکێکی سروشتی حکوومەت هەیە کە گرینگتر بێ لە بەردەستکردنی زانیاریی لەبارەی چۆنیەتی هەڵسووڕاندنی دەسەلات". هیس دەڵێ: مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەوانیی لە هەر ڕژێمێکی دیموکراتی، ئەرکە.

## بەشی دووەم

### ئەرکی بەرپرسی ڕۆژنامەوان

بەرپرسی ڕۆژنامەوانی سەرەکیی یان سکرتێری ڕۆژنامەوانی، بۆ ئەوەی گوتیارێکی کارا بێ، پێویستە پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هەردوو لا لەگەڵ ئەو بەرپرسە حکومییەی کە لەگەڵیدا کار دەکات، هەبێ، جا سەرۆک وەزیران یان سەرۆک یاخۆ وەزیر یا سەرۆکی ئاژانسێکی حکوومیی بێ.

گوتیاری ڕەسمی دەبێ بەتەواوی ئاگەداری بیروباوەڕەکانی بەرپرسەکەی بێ و پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا هەبێ، هەروەها توانای چوونە ناو کۆبوونەوەکان و قسە پێ برینی بەرپرسەکەی هەبێ، بۆ ئەوەی هەواڵی چاوەڕوان نەکراوی پێ بگەیەنێ، بەبێ یارمەتیی کەسانی تر یان خشتەی کارەکانی ڕەچاو بکات. هەرچەندە ئەم کارە دەبێتە شێواندنی خشتەی ئامادەکراوی بەرپرسەکە، بەڵام دواجار حکوومەتێک دەبێ کە توانای خێرا وەڵامدانەوەی بۆ پرسە مێدیاییەکان دەبێ.

هەروەها بەرپرسی ڕاگەیاندن دەبێ ڕۆڵی هەبێ لە بڕیاردان بۆ ئەوەی داڕێژەرانی سیاسەت لە سزای پێوەست بە پێوەندییە گشتییەکان بۆ ڕێوشوێنە پێشنیازکراوەکان تێ بگەن. ئەگەر بەرپرسی ڕۆژنامەوان وەک گوتیارێکی ڕەسمی لە داڕشتنی سیاسەتەکە بەشداری نەکرد، ئەوا لە تێگەیشتنی چوارچێوەی سیاسەتەکان و

روونكردنەوەی بۆ ئامـــرازەكـــانی ڕاگـــەیاندن ڕووبەڕووی ســـەخـــتی دەبێتەوە.

"جـۆن ئینمـان" سـەرۆكی كـۆمـەڵەی نەتەوەیی گـوتیـارە ڕەسـمـیـیـە حكوومـیـیـەكـان دەڵـێ: زۆر گـرینگە گـوتیـار بەشـێك بێ لە تیـمـە سـتـراتیـژییـەكـە. ئەگـەر بەرپرسی حكوومـیـی ویسـتی ڕێوشـوێنێك بگرێتـەبەر، ئەوا بەرپرسە ڕۆژنامـەوانەكە پێویستی بەوەیە بزانێ چۆن خـەڵك لەم ڕێوشوێنە تێ دەگەن. باشتر وایە گوتیـارەكە لەسـەر مێزی كـۆبوونـەوە ئامـادە بێ و لە گـفـتـوگـۆكـانی قـۆناغـەكـانی دارشـتنی سـەرەتـادا بەشـدار بێ، لەجـیـاتی ئەوەی دواتر هـەوڵی زانینی كـارەكە بدات یاخـۆ ڕووبەڕووی كـاردانەوە نێگەتیـڤـە جـەمـاوەرییـەكـان بێتـەوە، چونكە گـوتیـار یان ئەو كـەسـەی دەرك بە هـەسـتی جـەمـاوەر دەكـات، لەوێ نەبووە.

## ڕۆڵی گوتیارە ڕەسمییە حكوومییەكان

بەو پێیـەی كـە "سـتیـڤین هیس"ی تـوێژەر لە كـاروباری سـەرۆكـایەتی دەیڵـێ، لەسـەر ئاسـتی فیدرالی لە وڵاتە یەكگرتووەكاندا، وەڵامدانەوەی پرســـیـــاری ڕۆژنامـــەوانـان ڕێژەی ٥٠٪ی كـــاتی گـــوتیـــاری ڕەســـمی ڕۆژنامەوانی سـادە دەگرێت و، بەردەوامی ئاگـەداربوون و سـەرقـاڵبوون بە كاركردن لە ئاژانسـەكە ٢٥٪ی كاتەكەی دەگرێت، بەهـەمـان ڕێژە بۆ ئامادەكردنی بابەت و ڕیزبەندكردنی ڕووداوەكان.

چاوپێـخـشـاندنێكی ورد بەم چالاكـیـانە ئامـاژەیە بەوەی ئەركی بەرپرسی ڕۆژنامـــەوانی، دەكـرێ بۆ ئەم ڕۆڵە جـیـاجـیـایانە دابەش بكرێت:

- کارکردن وەک گوتیارێکی ڕەسمی حکوومیی، کە دانیشتنی میدیایی ڕێکخراو یان تایبەتی ڕێک دەخات.
- بەڕێوەبردنی چالاکییە ڕۆژانەییەکانی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی.
- بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتە حکوومییەکان و دانانی ستراتیجییەتەکان، بۆ ئەوەی بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و جەماوەر بگوازرێتەوە.
- پلاندانان و بەڕێوەبردنی هەڵمەتە میدیاییەکان بۆ ئەوەی پەیامێکی چەسپاو و درێژخایەن ئاراستە بکرێت.
- مامەڵەکردن لەگەڵ پرسکردن "استفسارات"ە ڕۆژنامەوانییەکاندا.
- ڕێکخستنی چاوپێکەوتن و دانیشتنە میدیاییەکان لەگەڵ بەرپرسانی حکوومیدا، بۆ ڕۆژنامەوانان.
- ئاگەدارکردنەوەی بەرپرسان و فەرمانبەرە حکوومییەکان لە پێوەندییە ڕۆژنامەوانییەکان و کاردانەوە میدیاییە گریمانکراوەکان بۆ سیاسەتە پێشنیازکراوەکان.
- سەرپەرشتیکردنی نووسینەوەی گوتارەکان، یان بەلای کەمەوە پێداچوونەوەی گوتار و پەیامەکان.
- ئامادەکاری بۆ ڕووداوەکان وەک کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان.
- ئامادەکردنی ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و بەڵاڤۆکی ڕاستییەکان و... هتد.
- کارکردن وەک بەرپرسی پێوەندی یاخۆ سەرپەرشتیاری نووسینگە ڕۆژنامەوانییە حکوومییەکانی تر.
- ڕێکخستنی هاتوچۆ و دابینکردنی نیشتەجێ بۆ ڕۆژنامەوانانی

هاوڕێی شاندەکان، لە کاتی گەشتکردندا.

- دەرکردنی بەڵگەنامە بۆ ڕۆژنامەوانان.
- سەرپەرشتیکردنی چاپەمەنییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئاژانسەکە.
- هەڵسەنگاندنی دوای ڕوودانەکە، تاکو بزانرێ ئاخۆ ڕووداوەکە کاریگەری خۆی کردووە و، چۆنیەتی باشکردنی توانا لە جاری داهاتوودا.

## دانانی ئەرکی بەرپرسی ڕۆژنامەوانی

لە کاتی دانانی پۆستی گوتیاری ڕەسمی، بەرپرسێتی یەکەم لای ئەو بەرپرسە حکومییەیە کە نوێنەرایەتی دەکات. لەسەر ئەو بەرپرسە پێویستە لەگەڵ گوتیارە ڕەسمییەکە بڕیار بدا لەوەی، چۆن نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکە ڕێک بخرێ و بەرپرسێتییەکانی چییە. لە کاتی ئەنجامدانی ئەو کارە لەسەر بەرپرسەکە پێویستە ئەم سێ بڕیارە بنەڕەتییە بدا:

- ئارەزووی چییە لە مەودای بەردەستبوونی لە ڕۆژنامەدا؟
- پێوەندی نێوان نووسینگەی ڕۆژنامەوانی و وەزارەت و فەرمانگەکانی تر چۆن دەبێ؟ ئەمەش پرسێکی یەکلاکەرەوەیە، بەتایبەت ئەگەر بەرپرسەکە سەرۆکی حکوومەت یان وەزارەتێک کە چەند بەشێکی لێ ببێتەوە.

هەروەها لەسەر بەرپرسی حکوومیی پێویستە وا دابنێ پرسەکان تێروتەسەلتر بن:

- ئامادەیی بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن چەندە؟

– ئامادەیی بۆ گرێدانی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان چەندە؟

– ئایا دەکرێ گوتیاری ڕەسمی لەجیاتی ئەو قسە بکات؟ یان بەرپرسە حکومییەکە تەنیا لە گرێدانی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان بەرپرس دەبێ؟

بەرپرسی حکوومیی لە باشترین بارودۆخدا بەئاسانی بۆ ڕۆژنامەوانیی دەستەبەر دەبێ و، بەردەوام کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دەبەستێ و، گوتیارێکی ڕەسمی هەیە کە لەجیاتی ئەو قسە دەکات. لە کۆشکی سپی بۆ نموونە، سکرتێری ڕۆژنامەوانی، ڕۆژانە دانیشتنێکی تەلەڤیزیۆنی ڕێک دەخات، بەڵام کاتێک سەرۆک بۆ قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەوانان دەردەکەوێ، ئەم لا دەکەوێ.

"دی دی مایرز" خانمە سکرتێری پێشووی ڕۆژنامەوانی سەرۆک بیل کلینتون دەڵێ: "بۆئەوەی سکرتێری ڕۆژنامەوانی لە کارەکەی سەرکەوتوو بێ، دەبێ بۆ ڕۆژنامەوانیی دەستەبەر بێ و ئاگەدارییەکی باشی هەبێ و، بڕوای بە ئەرکی ڕۆژنامەوانی لە سیستەمێکی دیموکراسیدا هەبێ". هەروەها دەڵێ: ناکرێ دیموکراتییەت بەبێ ڕۆژنامەوانیی ئازاد هەبێ، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەوانی جاروبار بە مشەخۆر خۆی پیشان دەدا، بەڵام سەرەکیشە. سکرتێری ڕۆژنامەوانی پێویستی بەوەیە لە ئەرکی ڕۆژنامەوانی تێ بگات و هاوکاریی لەگەڵدا بکات.

## دەسەڵات و هەماهەنگی

ئەو دەسەڵاتەی کە بەرپرسی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ گەورە فەرمانبەرەکانی تری بەرپرسە حکوومییەکان هەیەتی ئەویش گرینگە،

ئەو پرسانەش لەخۆ دەگرێ کە پێوەندی هەیە بەمانەی خوارەوە:

- ئایا بەرپرسی ڕۆژنامەوانی خاڵی سەرەتایە بۆ پێوەندیکردن بە ڕۆژنامەوانی؟ ئایا خاوەن دەسەڵاتێکی بەرزترە لە پێوەندی فەرمانبەران لەگەڵ ڕۆژنامەوانیدا؟
- ئایا نووسینگەکانی تر سەرپشکن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، جگە لە پرسکردنە رۆتینییەکان، بەبێ ئەوەی پێشوەختە لەگەڵ نووسینگەی ڕۆژنامەوانی وتوویژ کرابێ؟ بۆ نموونە، ئەگەر ڕۆژنامەوانێک پێوەندیی بە نووسینگەی دەستنیشانکردنی ژوانەکانەوە کرد و پرسیارێکی سادەی لەو بارەیەوە کرد، وەک کاتی ڕووداوێکی دیاریکراو، ئایا پێویستە بۆ لای نووسینگەی ڕۆژنامەوانی بگەڕێتەوە، یان لە کەسی بەرپرس لەم بارەیەوە دەتوانێ وەڵامی بداتەوە؟
- کێ لە پێداچوونەوەی ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و گوتار و ڕاگەیاندراوە سیاسییەکانی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی بەرپرسە؟
- ئایا دەکرێ فەرمانبەرە گەورەکانی تر وەک سەرۆکی دەستەی فەرمانبەران لە نووسینگەکەدا، دەسەڵاتی واژووکردنی لەسەر ئەو ڕاگەیاندراوە گشتییانە هەبێ؟
- ئایا گوتیاری ڕەسمی مافی گەیشتنی بە گەورە فەرمانبەران لە نووسینگەکەدا هەیە؟

لە یەکێک لە حاڵەتە تازەکاندا، دەسەڵاتداری ویلایەتێکی تازە دروستبووی ئەمریکا پەشێوی نایەوە، کاتێک پێویستی هەماهەنگی لە نووسینگەکەی پشتگوێ خست، سەرۆکی دەستەی فەرمانبەرەکانی پەیامێکی دیاریکراوی لەبارەی ئامانجەکانی دەسەڵاتداری پێشکێش

بە ڕۆژنامەوانی کرد، هاوکات سەرۆکی پلاندارێژەری سیاسی پەیامێکی جیاوازی بڵاو کردەوە، لەلایەکی ترەوە سکرتێری ڕۆژنامەوانییەکەی پەیامێکی تری ئاشکرا کرد، بەمەش کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئاماژەیان بەو پەشێوی و ناتەباییە کرد، بەهۆیەوە جەماوەرێتی دەسەڵاتدارەکە لە نێو خەڵکدا بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بووەوە. ئەمەش پێویستی بەوە کرد پرۆسەی ڕۆژنامەوانی سەرجەم فەرمانبەران بگرێتەوە پێش ئەوەی پەیامەکە پەرەی پێ بدرێت، هەروەها گواستنەوە ڕۆژنامەوانییەکە باش بکرێت و جەماوەر دەست بە پشتگیریکردنی بەرنامەکانی دەسەڵاتدار بکەنەوە.

"سۆزان کنگ" یاریدەدەری پێشووی کاروباری گشتیی هەردوو وەزیری کار و نیشتەجێ و گەشەپێدانی شارستانی، دەڵێ: «بەبێ هەماهەنگیکردن، ئەرک بەباشی جێبەجێ نابێ». "کنگ" وای دەخەملێنێ کە ئەوەی بەبێ هەماهەنگی ڕوو دەدا بریتییە لەوەی "فەرمانبەرێک دەڵێ من نوێنەرایەتی سەرۆکەکەم دەکەم، کە خۆی سەرۆکی بەشێکی لاوەکییە نەک سەرۆکی ئاژانسەکە. هەموو فەرمانبەران لە هەموو ئاستەکاندا پێویستە بزانن بەناوی بەڕێوەبەری گەورەوە قسە بکەن، ئەگەرنا پەشێوی دروست دەبێ".

باشتر وایە سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرجەم پێوەندییەکانی نێوان فەرمانبەرەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕێک بخات. پێویستە لەسەر سکرتێری ڕۆژنامەوانی بەلای کەمەوە، بەزووترین کات بزانێت ئایا یەکێک لە فەرمانبەرەکان پێوەندیی بە ڕۆژنامەوانییەوە کردووە و ئەو بابەتانە چییە کە باسی کردوون. ئەگەر ڕێوشوێنی ڕوون نەبێ ئەوا کارگێڕی، زانیاریی پێچەوانە پێشکێش دەکات، ئەمەش خراپە، چونکە

دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی جەماوەر، دواجار متمانەی بەحکوومەت نامێنێ.

پێویستە لای بەرپرسی حکوومیی و نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکەی بنەماکە برێتی بێ لە «چاوەڕوان نەکراو نییە» یان «کەمترین چاوەڕوان نەکراو». بنەمای «چاوەڕوان نەکراو نییە» لە پێوەندی نێوان حکوومەتی ناوەندیی و فەرمانگە حکوومییەکان و، لە نێوان وەزارەت و بەشە لاوەکییەکاندا، گرینگی زۆری هەیە. گرینگە ئەوە دیاری بکرێت چالاکییەکان لەسەر ئاستی وەزاری، لەگەڵ بەرنامەی پێوەندییە مێدیاییە حکومییە گشتگیرەکان چۆن ڕێک دەخرێت و، ئەو ڕۆڵە چییە کە گوتیاری ڕەسمی دەیگێڕێ. بەشێکی گەورە لە کارنامەی حکوومەت لە ڕێی نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکانەوە جێبەجێ دەبێ، لە بارودۆخێکی نموونەییدا هەماهەنگی لە نێوانیاندا دەبێ. لە پرسە سەرەکییەکان، پلەی کۆنترۆڵە، کە بەرپرسێکی حکوومیی ناوەندی لەو هەوڵانەدا دەیەوێ کە لەبارەی زانیاریی گشتیی ئاژانسەکانە لەسەر ئاستی وەزاری، بەهەمان شێوە سەبارەت بە دەسەڵاتی وەزارەت لەسەر بەشە لاوەکییەکانی.

لە سەرجەم نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکانی حکوومەتی ئەمریکادا هەماهەنگی بە شتێکی سەرەکی دادەنرێ. لە وەزارەتی دارایی بەنموونە، نووسینگەی کاروباری گشتیی ناوەندیی وەزیری دارایی کۆنگرەیەکی حەفتانەی تەلەفۆنی لەگەڵ نووسینگەی کاروبارە گشتییەکان لە فەرمانگە جیاوازەکان بەپێی بابەت ساز دەکات. یەکێک لە کۆنگرە تەلەفۆنییەکان باس لە جێبەجێکردنی یاسا دەکات و، پێنج فەرمانگەکەی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای سەر بە وەزارەت

دەگرێتەوە. کۆنگرەی تەلەفۆنی حەفتەی دووەم فەرمانگە داراییــە نێوخۆیییەکانی سەر بە وەزارەت دەگرێتەوە. نووسینگەی کاروباری گشتیی ناوەندیی سەر بە وەزارەت، لەمیانەی ئەو پێوەندییە تەلەفۆنییانە دەتوانێ هەماهەنگی و چاودێری ئەو پرسە سەرەکییانەی گەیاندن بکات کە لە حەفتەکانی داهاتوو دەخرێنە ڕوو. لای وەزارەتیش سیستەمی وەڵامدانەوەی خێرا هەیە، بەجۆرێک نووسینگەکانی کاروباری گشتیی سەر بە فەرمانگەکانیان دەکرێ نووسینگەی کاروباری گشتیی ناوەندیی وریا بکاتەوە، کاتێک پرسێکی جێی مشتومڕ دێتە ئاراوە، ئەگەر پرسەکە مۆرکێکی سیاسی پێوە بوو ئەوا فەرمانگەی پێوەندیدار لەو وەزارەتەی کە بەرپرسانی بەئەزموونی کاروباری گشتی کاری لێ دەکەن، نووسینگەی کاروباری گشتی لە وەزارەتی دارایی هۆشیار دەکاتەوە، کە ئەو فەرمانبەرانەی لێیە کە تایبەتن بە کاروباری سیاسییەوە، بەمەبەستی پێشکێشکردنی وەڵامدانەوە.

## پێوەندی لەگەڵ نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکانی تر

لە کاتی دانانی نووسینگەیەکی ناوەندیی ڕۆژنامەوانیدا پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێ:

- سروشتی پێوەندی نێوان نووسینگەی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی و هەر نووسینگەیەکی زانیاریی گشتیی لاوەکی چۆن دەبێ؟
- چۆن زانیارییەکان لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێ؟ ئایا کۆنگرەی تەلەفۆنی یان کۆبوونەوەی حەفتانە لە نێوانیاندا ئەنجام دەدرێ؟ ئایا بەشێوەیەکی ئاسایی لە خشتەی کاتی ڕووداوەکانی داهاتوو

بەشدار دەبێ؟

- ئایا دەکرێ سکرتێری ڕۆژنامەوانیی باڵا، دەسەڵاتی بەسەر ئاژانسەکانی سەر ئاستی وەزاریشدا هەبێ؟
- کێ گوتیارە ڕەسمییەکان لە وەزارەت و ئاژانسەکان دادەمەزرێنێ؟ ئایا بەرزترین بەرپرسی ڕۆژنامەوانی لە حکوومەت دەبێ یاخۆ بڕیارەکە بۆ هەموو سەرۆکی ئاژانسێک بەجێ دەهێڵرێ؟ ئەگەر نووسینگەی ڕۆژنامەوانی ناوەندیی بەرپرس بێ لە دامەزراندن، ئەوا گوتیاری ڕەسمیی سەرەکیی حکوومی دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی پەیامە ئاراستەکراوەکانی هەیە، بەڵام ئەمە ڕەوشێکی پەشۆکاو لای وەزیر دروست دەکات. لە باشترین کاتیشدا هاوکاری و هەماهەنگی دەبێ. لەم حاڵەتانەدا سکرتێری ڕۆژنامەوانی ئاژانسەکان لەگەڵ گوتیاری ڕەسمیی ناوەندی تواناکانیان ڕێک دەخەن، بەڵام دەسەڵاتی پلاندانان و جێبەجێکردنی ڕووداوەکانیان لە بوارە تایبەتەکانی خۆیاندا هەیە.
- ئەو هەواڵانە کامەیە کە گەورە بەرپرسانی حکوومی لەجیاتی نووسینگە وەزارییەکان ڕای دەگەیەنن؟
- نووسینگە لقییەکان چۆن لەگەڵ ستراتیجییەتی گشتگیری مێدیاییدا دەگونجێن؟
- ئەو ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانی و چاوپێکەوتن و چالاکییە گوتارییانە چین، کە پێویستە لە لایەن نووسینگەی ڕۆژنامەوانی ناوەندیی حکوومەتەوە ڕەزامەندی لەسەر وەربگیرێت، پێش ئەوەی دابەش بکرێت؟ چۆن پێداچوونەوەی بۆ دەکرێ؟
- ئەو ڕووداو و حاڵەتانە چی دەبن کە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم ئەو

پەیامــەی کــە بەرپرسی حکوومی دەیەوێ بینێــرێت؟ هەروەها ئەو ڕێوشـــوێنانە چین کـــە بۆ دەســـتکەوتنی زانیـــاری لـە ئاژانس و وەزارەکانی تر گیراونەتە بەر؟ یارمەتیدەری ئەمەش، بەشداریکردنە لە خشـتـەی ژووانی نێوان فـەرمانگە جیـاوازەکان و، ڕێکخسـتنی کۆبوونەوەی ڕێکخراو بۆ تاوتوێکردنی خشتەی کاتی ڕووداوەکان و، بەشـــداریکردن لەو پەیامـــانەی کـــە بە ڕووداوەکـــانی داهاتووەوە پێوەستن.

لەو نموونانەی لەبارەی حاڵەتی پەشێوی هەیە کە هەموو شتێک ڕادەماڵێ، حاڵەتی سکرتێری ڕۆژنامەوانی دەسەڵاتداری ویلایەتێکی ئەمریکییە، کە لە ڕۆژێکدا کە سێ ڕووداو ڕووی دا گرینگی پەیامە هەماهەنگکارەکانی بەهەند وەرنەگرت: بەرپرسێک لە ئەنجوومەنی وەزیرانی ویلایەتەکە بەرنامەیەکی ڕاگەیاند و بەشێوەیەکی سەرەکی گواســـترایەوە، هەروەها بەرپرسێکی وەزاری تر پرۆژەیەکی نوێی ڕاگەیاند، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر گواسترایەوە، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارەکە بەرنامەیەکی تری بڵاوکردەوە و زۆر بە کەمی نیشان درا. نووسـینگەی ڕۆژنامـەوانی هەریەک لە بەرپرسـە وەزارییـەکـان ڕیزبەندیی تایبەت بەخۆی ئەنجام دا، لە کاتێکدا دەسەڵاتی کۆتایی لای دەســەڵاتدارە. هیچ کـۆبوونەوەیەک لە نێـوان فـەرمـانبـەرانی نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکاندا ئەنجام نەدرا و هەماهەنگی لە کاتی ڕووداوەکاندا نەکرا. دەرەنجـام ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامـەوانی دژیەک دەرچوون، کە لە کاریگەری هەریەکەیانی کەم کردەوە. ئاکامی ئەمەش سکرتێری ڕۆژنامەوانی دەسەڵاتدارەکە کۆبوونەوەی مانگانە لەگەڵ سکرتێری ڕۆژنامەوانی نووسینگە وەزارییەکانی دەسەڵاتداردا ئەنجام

دا. هەموو حەفتەیەکیش خشتەی ژووان و ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییە پلان بۆ دانراوەکانیان بۆ مانگی داهاتوو دەستکەوت و، یەکێک لە فەرمانبەرانی ڕاسپارد بۆ ئەوەی خشتەیەکی گشتگیری ژووانەکانی بۆ دابنێ. کاتێک سکرتێری ڕۆژنامەوانی بینی دوو ڕاگەیاندراوی سەرەکی بۆ هەمان ڕۆژ پلانی بۆ دانراوە، داوای دواخستنی یەکێکیانی کرد. ئەگەر دەسەڵاتدار ڕاگەیاندراوێکی بۆ ڕۆژێکی دیاریکراو دەستنیشان بکات، ئەوا ڕێگە بەهیچ بەرپرسێکی وەزاری نادرێ لەو ڕۆژەدا چالاکییەکی ڕۆژنامەوانی گەورە ئەنجام بدا. پەیامە مێدیاییەکان هەماهەنگ بوون و بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی ڕۆژنامەوانی، دەسەڵاتدار لە ڕکابەریکردنی وەزیرەکان کشایەوە.

پێویستە لەسەر سکرتێری ڕۆژنامەوانی بەلای کەمەوە لە لایەن بەرپرسە ڕۆژنامەوانییەکان پێشوەختە چاوخشاندنەوە لە هەر کێشە یان ئاشکراکردنی زانیارییەک بکات کە تەنگاوبوونی لێ دەکەوێتەوە. لە باشترین کاتەکاندا ئاژانسەکان دەرفەت بۆ گەورەترین بەرپرسی حکوومیی یان وەزیر دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی هەواڵە خۆشەکان ڕابگەیەنێ، بەڵام ئەوان هەواڵە ناخۆشەکان بڵاو دەکەنەوە.

## گوتیارێکی ڕەسمی ڕاستگۆ

تایبەتمەندییە پێویستییەکانی سکرتێرێکی ڕۆژنامەوانی باش چییە؟

وەک "مایک ماکیری" گوتیاری ڕەسمی پێشووی سەرۆکایەتی دەڵێ: سکرتێرە ڕۆژنامەوانییەکان پێویستییان بە ڕوحییەتی گاڵتەبازی، برێکی زۆر لە ئارامی، توانای قسەکردن و نووسین بەخێرایی و هەڵوێستی توند بەرامبەر ڕاستییەکان هەیە. هەروەها دەڵێ:

ڕاستگۆیی گرینگترین تایبەتمەندی گوتیاری ڕۆژنامەوانییە.

"ستیفین هیس" لە کتێبەکەی "پێوەندی لە نێوان حکوومەت و ڕۆژنامەوانی"دا دەڵێ: «بەرپرسانی ڕۆژنامەوانی دەڵێن کە پێویستییان بە خۆهەڵقورتان و سروشتێکی باش، یادەوەرییەکی چاک، پەروەردەکردن، هێمنی، ئاگەدار لە سایکۆلۆجیای مرۆڤ و تواناداری لە پێشبینی و مامەڵەکردن لەگەڵ وردەکارییە لۆجیستییەکان هەیە. هەروەها هەڵوێستی گوتیاری ڕەسمی بەهێز دەبێ ئەگەر ڕاستییەکانی زوو زانی. پێویستە توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ پێشبینی نەکراوەکاندا هەبێ و، چەندین ئەرک لە یەک کاتدا بەڕێوە ببات و لە پچڕانی بەردەوام لە کاردا ڕابێ و، توانای زوو وەڵامدانەوەی هەبێ. گوتیاری ڕەسمی دەبێ لەگەڵ ڕۆژنامەوانانندا لاگیر نەبێ، واتە ڕەچاوی هەندێکیان لەسەر حیسابی ئەوانی تر نەکات. لە سەرووی هەموو ئەمانە، گوتیاری ڕەسمی پێویستە ئاکاری بەرز و دەستپاک بێ و پارێزگاری لە ڕاستگۆیییەکەی و ڕاستگۆییی سەرۆکەکەی بکات.

بۆ ئەوەی سکرتێری ڕۆژنامەوانی کارا بێ، دەبێ لە لایەن ڕۆژنامەوانەوە جێی بڕوا بێ، ئەگەر دەرکەوت وەڵامەکانی پێشووی چەواشەکار بووبێ، نابێتە جێی متمانە. "شیلا تیت" سکرتێری پێشووی ڕۆژنامەوانی دەڵێ: کاتێک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن متمانەیان بە گوتیاری ڕەسمی نامێنێ، هەوڵەکانی حکوومەت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە سەرکەوتوو نابێ، یاخۆ ئەگەر گوتیارەکە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لە ناو حکوومەتدا دابڕێنرا.

لەم ساڵانەی دوایییەدا بەهۆی خێراییی گۆڕانکاری هەواڵەکان و بەردەستبوونی بە بەردەوامی ڕۆڵی گوتیاری ڕەسمی سەخت بووە.

بەرپرسێتییەکانی ئەرکەکە لە زانینی ئەوەی کە لە هەر بارودۆخێکدا کێ دەبێ قسە بکات، خۆی دەبینێتەوە.

"جۆنی ئینمان" سەرۆکی کۆمەڵەی نەتەوەییی گوتیارە ڕەسمییە حکومییەکان دەڵێ: "گەلێک جار پێویستە لەسەرت ستراتیجییەتێک بۆ ئەو پەیامە دابنێی، کە خەڵک ئێستا پێویستی بە بیستنێتی و کێ باشترین کەسە بۆ گواستنەوەی". نموونەیەک لەم بارەیەوە، شایەتی دەدەی بە ڕووداوی کوشتنی سێ کەس بە جارێک و لە شوێنێکی دیاریکراودا. ئەو دەڵێ: "دوای بیسترانی ئەم هەواڵە، ئەو پەیامەی کە خەڵک دەیەوێ بیبیستێ ئەوەیە کە ئەوان لە مەترسیدا نین و ئەوە بەسەر ئەواندا نایەت. باشترین کەس بۆ گواستنەوەی ئەم پەیامە کەسێکی بەرپرس لە پێوەندییە گشتییەکان نابێ، بەڵکو سەرکردەی پۆلیس بەجلە ڕەسمییەکەیەوە دەبێ. لەهەر ڕووداوێکی دیاریکراودا بۆ گواستنەوەی پەیامەکە پێویستە بەدوای کاریگەرترین کەسدا بگەڕێی". زێدەباری پێشکێشکردنی زانیارییەکان، پێویستە لەسەر گوتیارە ڕەسمییەکان بەپێی توانا وا بکەن ڕۆژنامەوانەکان ئاسوودە بن.

"مایک ماکیری" دەڵێ: لە بیرت بێ کە داخوازییە جەستەیییەکان بۆ گواستنەوەی هەواڵ و، کاتژمێرە درێژەکانی کارکردن، ڕۆژنامەوانان گەوج دەکات. پێویستە هەوڵ بدەی بایەخ بە پێویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەوانان بدەیت. دڵنیابەوە لە دەستکەوتنیان بۆ خواردن و خواردنەوە، هەروەها بەوەی ژینگەی کارە سروشتییەکەیان گونجاوە بۆ ئامادەکردن و ناردنی پەیامە ڕۆژنامەوانییەکانیان، هەروەها دڵنیابوون لەوەی فەرمانبەرانی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی حکوومی یارمەتی پێویستیان پێشکێش دەکەن".

بەکـورتی، ئەرکی گـوتیـاری ڕەسـمی پێـویسـتی بە دروسـتکردنی هاوسـەنگی هەیە لە نێـوان پێـوەندییـە جـۆراوجـۆرەکـان لەگـەڵ ئەو بەرپرسـە حکومـیـیـەی کـە نوێنەرایەتـی دەکـات و، لەگـەڵ گـەورە فـەرمـانبـەرەکـانی تری حکوومـەت، هـەروەها لەگـەڵ ڕۆژنامـە و بیرۆکراتییەتی بەردەوامدا، بەتایبەتی ئەگەر گوتیارەکە بە پاڵپشتی سیـاسی دامـەزرابێ. پێـویسـتـە لەسـەر گـوتیـاری ڕەسـمی لە کـاتی پێـویسـتـدا لە پێش چاوی سـەرۆکـەکـەی بێ، هەروەها لـە پشـتـەوە بمێنێتەوە ئەوکاتەی سەرۆک جێی بایەخی ڕۆژنامەوانان دەبێ.

"دی دی مـایرز" خـانمە گـوتیـاری پێـشـووی سـەرۆکـایەتی دەڵێ: گـرینگـترین شت کـە دەبێ لە یـادمـان بـێ ئەوەیە، کـە لەگـەڵ ئەوەی لە هەندێک کاتدا لەوانەیە ئەرک بێزارکەر و سەخت و تێکشکاو بێ، بەڵام ئەرکی نووسـینگە ڕۆژنامـەوانیـیـە حکوومـیـیـەکـانە یارمـەتیی ڕۆژنامـەوانان بدەن لە دەستکەوتنی زانیاریی دروسـتدا. ئەمەش خـۆی لە مـانا سـەرەکییـەکـەی دیموکـراسیـدا دەبینێـتـەوە. هەروەها دەڵێ: "سـیـسـتـەم بـە تەواوی سـەرکـەوتـوو دەبێ کـاتێک بە ڕێژەیەکی زۆر بەڕووی ڕۆژنامـەوانیـدا بکرێتـەوە، کرانەوە شـتێک نییـە مـایەی ترس بێت.

ئەوەی کە دەشێ لە مامەڵە لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بکرێ

- هەمیشە ڕاست بڵێ.
- ڕاستگۆ و ورد بە، باوەڕپێکراوی و ناوبانگیت لەسەر ئەمە بەندە.
- ئەگەر وەڵامی پرسیارێکت نەزانی دانی پێدا بنێ، ئەوەش بخەرە ڕوو کە هەوڵی دەستکەوتنی وەڵامەکەی دەدەیت، ئەمەش بە زووترین کات بکە.

- هەڵەکان زوو چاک بکەوە، ڕوونی بکەرەوە کە وەڵامێکی تەواوت نەخستووەتە ڕوو، بەڵام هەوڵ دەدەیت ئەو شێوازییە ڕوون بکەیتەوە.
- لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی قورس دوور بکەوە، بە ڕوونی بدوێ.
- وای دابنێ هەموو ئەوەی دەیڵێی ڕەسمییە و بەمەبەستی بڵاوکردنەوەیە.
- بەپێی توانا لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕاشکاو بە.
- ئەگەر دەرکەوت هەواڵەکە ناڕاستە پێوەندیی بە ڕۆژنامەوانانەوە بکە، هەڵەکە بە نەرمونیانی ڕوون بکەوە، ئەمەش بە بەڵگەوە بسەلمێنە.
- لیستی دەستکەوتەکان بپارێزە و بەردەوام تازەی بکەوە، چونکە کاروبارەکان بەخێرایی ڕوو دەدەن و لەوانەیە ئەوەی تۆ و بەرپرست و وەزارەت و حکوومەتەکەت ئەنجامی دەدەن، لە بیری بکەی.
- هەمیشە وەڵامی ئەو تەلەفۆنانە بدەوە کە پێشتر دەرفەتت نەبووە وەڵامیان بدەیتەوە، یاخۆ یەکێک لە یاریدەدەرانت بۆ وەڵامدانەوەی رابسپێرە.
- هەوڵی وەدەستهێنانی ئەو زانیارییانە بدە کە ڕۆژنامەوانان دەیانەوێ، ئەگەرچی ماندووبوونێکی زۆریشی بووێت، وەک مانەوە تا درەنگوەخت یان نووسینەوەی بابەتەکە بەدەست.
- پارێزگاری لە ڕوحی گاڵتەبازی بکە.

ئەوەی کە ناشێ لە مامەڵە لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا بکرێ:

- هەرگیز درۆ مەکە.

- هیچکات نەڵێی «وەڵام نادەمەوە».
- بە بێ نووسراو قسە مەکە، پێشبینی مەکە و مەخەمڵێنە. ڕۆژنامەوانی باش بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێ، ئەگەر هەڵە بووی ئەوا ڕاستگۆییت لە دەست دەدەی.
- دوای قسەکردن هەوڵ مەدە بە ڕۆژنامەوانەکە بڵێی «ئەوەیان بەمەبەستی بڵاوکردنەوە نییە».
- بەدەنگەوەچوو بە.
- هەواڵگەلێک مەخولقێنە کە زانیاریت لەبارەیەوە نییە. ڕاگەیاندراوێک پێشکێش مەکە کە دواتر ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەوانی یان خشتەی ڕاستی لەبارەیەوە بخەیتە ڕوو.

## مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەکاندا

ئەگەر لە هەواڵێکدا قسەکەت بە نادروستی بەکارهێنرابوو یاخۆ زانیاریی هەڵە یان چەواشەت دابێ، بە پەلە هەوڵی چارەسەرکردنی بدە. پێوەندی بە ڕۆژنامەوانەکەوە بکە. هیچ هەڕەشەیەک نەکەیت، ڕاستییەکان بخەرە ڕوو و چاوەڕوانی ئەوە بکە هەر شتێک کە دەیڵێی لەبارەی چاککردنەوەی هەڵەکە، بڵاو بکرێتەوە. ئەگەر گەیشتن بە چارەسەر لەگەڵ ڕۆژنامەوانەکە بێ ئاکام بوو، پێوەندیی بە سەرنووسیار و ئامرازە ڕاگەیاندنەکە بکە.

دەتوانیت داوای بڵاوکردنەوەی ڕاستکردنەوەی هەڵەکە بکەیت و، زۆر لە بەرپرسان وا دەکەن. بەڵام هەندێک لەو بڕوایەدان ئەمە بەهۆی دووبارە ورووژاندنی بابەتەکە، دەبێتە هۆی زیاتر مانەوەی هەواڵە ناڕاست یان چەواشەکە لە دەنگوباسەکاندا. بەڵام ئینتەرنێت وای

کردووه گەیشتن بە زانیارییە هەڵەکان بێ کۆتایی بێ، بۆیە گەلێک جار ڕێگەی داوای ڕاستکردنەوە دەگیرێتە بەر. ئەوەی کە دەیکەی لە ڕاستیدا لەسەر هەڵەکە و گەورەییەکەی دەوەستێ، بەڵام بەلای کەمەوە دەکرێت پێوەندی بە ڕۆژنامەوانەکەوە بکەیت بۆ ئەوەی زانیارییە هەڵە یان چەواشەکان یاخۆ قسە بە هەڵە وەرگیراوەکان چاک بکرێتەوە.

### مامەڵە لەگەڵ هەواڵە خراپەکاندا

- درۆ مەکە.
- بابەتەکە پەردەپۆش مەکە، ئەگەر درۆت کرد یان پەردەپۆشت کرد ئەوا ڕاستگۆییت لەدەست دەدەیت.
- خۆت لە پێوەندییە تەلەفۆنییەکانی ڕۆژنامەوانان دوور مەخەوە.
- دان بە کێشەکەدا بنێ.
- ئەوەی کە دەکرێ ڕاست بکرێتەوە، ڕوونی بکەرەوە.

# بەشی سێیەم

## نووسینگەی ڕۆژنامەوانی لە کاتی کاردا

لەگەڵ ئەوەی نووسینگەی ڕۆژنامەوانییە حکومییە زۆرەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەشێوەی جیاجیا ڕێک خراون، کەچی سەرجەمیان دوو ئەرکی هاوشێوە لەخۆ دەگرن. ئەو نووسینگانە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەوانیدا دەکەن و بوار بە هاوڕێ حکوومییەکانیان دەدەن بە ئاگەداربوون لە بایەخی ڕۆژنامەوانی. هەروەها هەندێکیان تەنیا لەگەڵ ڕۆژنامەوانیدا مامەڵە دەکەن، کەچی ئەوانی تر هەموو گەیاندنەکان وەک چاپەمەنی و گوتارەکان و تەنانەت کاروبارە یاساییەکان بەڕێوە دەبەن.

نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکان بەڕێگەی جیاجیا ڕێک دەخرێن، هەندێکیان وا ڕێک خراون وەک ئەوەی نووسینگەیەکی سەر بە ڕۆژنامەیەک بێ. ئەگەر نووسینگەکە ژمارەیەکی دیاریکراو لە فەرمانبەرانی لەخۆ گرت، وەک ئەوەی لە ڕۆژنامەیەکی بچووک یان نووسینگەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هەیە، ئەوا دابەشکردنی کار نارەسمی دەبێ و، زۆربەی فەرمانبەران هەموو ئەرکەکان ڕادەپەڕێنن. بەڵام ئەگەر گەورەتر بوو، وەک نووسینگەیەکی ڕۆژنامەوانی قەبارە گەورەتر، ئەوا چەندین بەرپرسی ڕۆژنامەوانی هەیە، هەریەکەیان بوارێکی دیاریکراوی کارکردن یان ئەرکێکی پێوەست بە بابەتێکیان لە ئەستۆیە. نووسینگەکانی تریش بەپێی پسپۆڕیەتی ڕاگەیاندن

ڕێکدەخرێ، بەجۆرێک هەندێک بەرپرسی ڕۆژنامەوانی تەنیا لەگەڵ ڕۆژنامەوانی چاپکراو مامەڵە دەکەن و، ئەوانی تر تەنیا لەگەڵ تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ. قەبارەی فەرمانبەرانیش لەسەر ژمارەی ئەو ڕۆژنامەوانانە دەوەستێ کە نووسینگە و ئەرکەکانی هەر نووسینگەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بۆ نموونە، ئایا تەنیا لەگەڵ ڕۆژنامەوانی مامەڵە دەکات، یان لەگەڵ پێوەندییە ڕۆژنامەوانییەکان و نووسینەوەی گوتارەکانیشدا؟

## بیرکردنەوە لە چەمکی دەمی درێژ و دەمی کورت

پەیڕەوێک تایبەت بە وەڵامدانەوەی هەواڵەکان لە دوای ڕوودانیان هەیە، پەیڕەوێکی تریش هەیە تایبەتە بە خۆئامادەکردن بۆ پێش ڕوودانی. یەکێکیان بیرکردنەوە لە دەمێکی "أمد" کورتدا لەخۆ دەگرێت و لەگەڵ تەنگژە ڕۆژانەییەکان و هەواڵە خێراکان مامەڵە دەکات، ئەوی تر پێویستی بە بیرکردنەوە لە دەمی درێژ و دانانی ستراتیجییەت بۆ داهاتوو هەیە. نووسینگەیەکی باشی ڕۆژنامەوانی حکوومی ئەم دوو ئەرکە ڕادەپەڕێنێ. گەلێک جار ئەرکی کاردانەوەیی و دەستپێشخەری لە هەمان نووسینگەدا ڕوو دەدا، ئەگەر نووسینگە زیاد لە پێویست گەورە بوو ئەوا هەردوو ئەرکەکە لە لایەن دوو گرووپی جیاوازی خەڵکەوە ڕادەپەڕێنرێن.

"کارین بی. هیوز" ڕاوێژکاری سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش بۆ کاروباری گەیاندن و ئامادەکردنی گوتارە سەرۆکایەتییەکان بۆ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، دەڵێ: ناکرێ کاری ڕۆژانەی گوتیاری ڕەسمی بکەی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاوێژپێکردنی تایبەت بە ڕەوشە ستراتیجییە گرینگەکان و، زۆر بیرکردنەوە لە دانانی سیاسەت و، زۆر

بیرکردنەوە لە پەیامەکە لەگەڵ پێشکێشکردنی ڕاسپاردەی تایبەت بە گواستنەوەی پەیامەکە بخەیتە ئەستۆت.

بیــرکــردنەوە لە چەمکی دەمی درێژ زەحــمــەتە کــاتێک پێــویســتــە لەســەرت بیر لە چەمکی دەمی کورت بکەیتەوە. تەنگژە ڕۆژانەیییەکان هەمیشە باڵ بەسەر پلانە ئایندەییەکاندا دەکێشێ. بە لەبەرچاوگرتنی پێداگیری تەنگژەکە هەمیشە پلانە ئایندەیییەکە دوا دەخرێت و زۆرجـــــاریش هەر ڕوو نادات. لەبەر ئەم هۆیە، لەو نووســــــینگە ڕۆژنامەوانییانەی کە ئامانجیان ڕوونە و هەنگاویان خێرایە، گەلێک جــار یەک کــەس بیــر لە چەمکی دەمی کــورت "ڕۆژنــامــەی ڕۆژانە" دەکاتەوە، یەکێکی تریش بیر لە چەمکی دەمی درێژ "پلانی پەیامە ستراتیجییەکە بۆ ئایندە" دەکاتەوە.

"مایک ماکیری" گوتیاری ڕەسمی پێشوو لە کۆشکی سپی، دەڵێ: "ئەگەر هەمیشە وەڵامی پرسیارەکان دەدەیتەوە ئەوا گەلێک جار باشــترین بیــانووەکــانت پێشکێش ناکەیت. پێویســتــە پلانێکی کــاردانەوەییت بۆ گــواســتنەوەی پەیامــەکــەت بۆ هاووڵاتیــان هەبێ، هەروەها دەبێ پەیامەکەت بەشێوەیەکی بەردەوام بگوازیتەوە".

هەروەها دەڵێ: "ئەرکی گواســتنەوەی هەواڵ لە کۆشکی ســپی، لە ئەرکی ئامــادەکــردنی هەواڵ جــیــاوازە، لەبەر ئەم هۆیە سکرتێــری ڕۆژنامــەوانی و بەڕێوەبەری گــەیاندنمان هەیە. تۆ پێــویســتــت بە کەسانێکە پەیامەکە دابڕێژنەوە و باشترین بیانوو ئامادە و پێشکێش بکەی، هەروەها پێویستت بە کەسانێکە ڕۆژانە بە بەردەوامی توانای گواستنەوەی ئەو پەیامانەیان هەبێ. ئەرکی یەکەم ئەرکی بەڕێوەبەری گەیاندنە، هی دووەمیش ئەرکی سکرتێری ڕۆژنامەوانییە. لە بواری

ئابووریشدا مەسەلەکە هاوشێوەیە، کەسێک پەرە بە بەرهەمەکە دەدا و کەسێکی تریش دەیفرۆشێت.

"مارلین فیتزواتز" سکرتێری ڕۆژنامەوانی لە سەردەمی حوکمڕانی جۆرج بوشی باوک، هەردوو ئەرکی دەمی درێژ و دەمی کورتی بۆ ماوەی نۆ مانگ پێ سپێردرا، وەک خۆی دەڵێ «ئەمەم بە ئەرکێکی مەحاڵ بینی». ئەو دەڵێ: "وەک سکرتێری ڕۆژنامەوانی ڕۆژانە هەمیشە لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بەشدار دەبیت. پێویستە وەڵامی ئامادەت بۆ ئەو کێشانە هەبێ و، کاتی تەواوت نییە بۆ قووڵبوونەوە لە ستراتیژیەتی دەمە دوورەکان، ئەگەر کاتی تەواویشت هەبێ زەحمەتە بیرت ئاڕاستە بکەیتەوە بۆ ئەوەی بیر بکەیتەوە کە دوو مانگی تر لە کوێ دەبیت". هەروەها دەڵێ: ڕۆژنامەوانی بەجۆرێکی تر دەڕوانێتە ئەو سکرتێرە ڕۆژنامەوانییەی کە لە ئەرکەکەیدا دوو ڕۆڵ دەگێڕێ. ئەو دەڵێ: "ئەوان بەڕێوەبەری گەیاندن وەک برەوپێدەری بیرۆکەیەک دەبینن کە بابەتەکانی ڕۆژانە دادەڕێژێ و هێڵە سەرەکییەکانی بۆ دادەنێ، ڕۆژنامەوانی ئەم ڕۆڵە بە کەمتر لە ڕاشکاو لێک دەداتەوە. بەڵام بەو پێیەی سکرتێری ڕۆژنامەوانی بە سەرڕاست و دەستپاک ناسراوە، ئەمە سەبارەت بە ناوبانگی و چالاکییەکەی پرسێکی یەکلاکەرەوەیە. ئەو دەڵێ: "کاتێک هەردوو ئەرک لە ئەستۆ دەگریت ئەوا ڕاستگۆییت لەدەست دەدەیت".

بۆ ئەوەی هەماهەنگی باش بێتە دی، هەردوو ڕۆڵەکە لە هەمان نووسینگەدا کۆ دەکرێتەوە و، ئەرکە کلاسیکییەکەی بەڕێوەبەری گەیاندن «بیرمەند لە دەمی درێژدا» بریتییە لە دانانی ستراتیجییەتەکان و، پلاندانانی پەیام و بابەتە سەرەکییەکان و،

دانانی خشتەی گشتگیر و، چاودێریکردنی ئەو فەرمانگە وەزارییانەی کە پێوەستن بە ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکانیان لە ئایندەدا و، هەماهەنگیکردنی پەیامەکان لەگەڵیدا و، پلاندانان بۆ گەشتەکانی دەرەوەی شار و، سەرپەرشتیکردنی نووسینەوەی گوتار و توێژینەوەکان. هەندێ جاریش چاودێری نووسینگەی تیلمە "قصاصە" ڕۆژنامەوانییەکان دەکات و بەڕێوەبەری گەیاندنە لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە دەرەوەی شار.

لە بەرامبەردا، ئەرکی سکرتێری ڕۆژنامەوانی «بیرمەند لە دەمی کورتدا» بریتییە لە ڕۆژانە وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆژنامەوانان و، پێوەندی بەستن لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و، قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەوانان‌دا و، بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەواڵەکان، لە ئامادەکردنی ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و بەلاقۆکی ڕاستییەکان، تا ئامادەکردنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکوومیدا.

جاروبار بەڕێوەبەری گەیاندن نووسینگەکە بەڕێوە دەبات و، سکرتێری ڕۆژنامەوانی لە بەردەستیدا دەبێ. لە نووسینگەی "کریستین تود ویتمان" خانمە دەسەڵاتداری پێشووی ویلایەتی نیوجیرزی، بەڕێوەبەری گەیاندن بەرپرس بوو، ئەگەر ڕۆژنامەوانەکەی باش بناسیایە یان بابەتەکە جێی بایەخی خۆی بوایە ئەوا هەندێ جار وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە و، زۆر بە دەگمەن لەگەڵ خانمە دەسەڵاتدارەکە گەشتی دەکرد. بەڵام سکرتێری ڕۆژنامەوانییەکە کە لە بەرامبەر بەڕێوەبەری گەیاندن بەرپرس بوو، فەرمانبەرەکانی لەگەڵ سەرجەم پرسیاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا مامەڵەیان کرد،

بەشـێـوەیەکی ڕەسـمی و بۆ بڵاوکـردنـەوە قـسـەی کـرد و لەگـەڵ دەسـەڵاتداردا گـەشـتـی دەکـرد. ئەو سـکـرتێـرە ڕۆژنـامـەوانـیـیـە وەک بەڕێوەبەری گـەیاندن پێوەندی ڕاستـەوخـۆی بە دەسـەڵاتدارەکە هـەبوو. هـەریەکەیان پارێزگاری لە ئاگەداربوونی ئەویتری دەکرد لەوەی کە ڕوو دەدا کاتێک لەگەڵ پرسێکی مێدیاییدا مامەڵە بکرێت.

گـەلێک جـار سـکـرتێـری ڕۆژنـامـەوانی نووسـینگەکە بـەڕێوە دەبات، بەڕێوەبەری گـەیاندن بەرامـبـەری بەرپرسـە. لە کۆشکی سـپـیدا گـەلێک جـار هـەردوو ئەرکی سکرتێری ڕۆژنامـەوانی و بەڕێوەبەری گـەیاندن بۆ دوو نووسـینگـە دابەش دەکـرێن. سـکـرتـێـری ڕۆژنـامـەوانـی لەگـەڵ پرۆسـەی ڕۆژانەی ڕۆژنـامـەوانی مـامـەڵە دەکـات، بەڵام بەڕێوەبەری گەیاندن سـتـراتیجییەتی دوور مەودا و نووسینەوەی گوتارەکان بەڕێوە دەبات و گـەلێک جـار مامـەڵە لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگـەیاندنی دەرەوەی شـار دەکات. هـەردوو لا زۆر کـۆ دەبنەوە و نەک تەنیا لە نێوان خـۆیاندا بەڵکو بە بەشـداری گەورە بەرپرسـانی کـۆشکی سـپـیش هـەوڵەکانیان و پەیامە گشتگیرەکەی حکوومەت ڕێک دەخەن.

"مـارلین فـیـتـزواتر" دەڵێ: کـارەکە باش دەڕوا، هـەمـاهـەنگی لە نێوان هـەردوو ڕەگـەزدا هـەیە، کـاتێک هـەریەکـەیان لە ڕێکخـراوەکـەی ئەویـتـر بەشداری دەکات، کاتێکیش هـەریەک لە دوو تیمەکە دەزانێ ئەویتر چی دەکـات. بۆ لێکۆڵینـەوەی ئەم هـەمـاهـەنگـیـیـە "فـیـتـزاوتر" بەرپرسـێکی گـەیاندنی لە هـەمـوو کۆبـوونـەوەکانی بەشـداری پێ کرد و، بەرپرسـێکی ڕۆژنامـەوانی لـە نووسـینگـەکـەی ڕاسـپـارد کـە لـە کـۆبـوونـەوەکـانی نووسینگەی گـەیاندندا ئامادە بێ. ئەو دەڵێ فـاکتەرێکی یەکلاکەرەوەی تر هـەیە خـۆی لـە بوونـی گـونجـانی شـەخـسـی لە نێـوان هـەردوو

نووسـینگەدا دەبینێتـەوە". هەروەها دەڵێ "ئەگـەر هیـچ پێـوەندییـەکی شـەخسی یان ڕێکخستنی لە ئارادا نەبێ ئەوا ڕووبەڕووی نشـوستی دەبیتەوە".

## دابەشکردنی کار

پێکەوە کـارکردن شـتێکی یـەکلاکەرەوەیە. لە وەزارەتێکی گـرینگی حکوومـەتێکی نوێدا، ئەرکی پێـوەندییـەکـان بەسـەر نووسـینگە جـۆراوجـۆرەکـان دابەش دەکـرێ و، گـوتیـاری ڕەسـمیش هیچ فـەرمـانبـەرێک تەنانەت سکرتێـریشی نەبوو، ئەو خـۆی فـاکسـەکـان دەنێـرێ و، وەڵامی تەلـەفۆنـەکان دەداتەوە و لـەجیـاتی وەزیر هـەروەها وەزارەتیش قسـە دەکات. بەڵام نووسـینگەی ڕۆژنامـەوانی پرۆسـەیەکی جـیـایە و بـەڕێوەبەرێکی تایبـەتی هەیە کـە بەرپرس دەبێ بەرامبـەر یـاریدەدەری وەزیر. دوازدە فـــەرمـــانبـــەرەکـــەشی بـەڕێوەبردنـی توێژینەوەکان و تیلمە ڕۆژنامەوانییەکان و کاروبارە لۆجیستییەکان و بەدواداچوونە ڕۆژنـامـەوانیـیـەکـانی دەرەوەی شـار ڕادەپەڕێنن. نووسـینگەی سـێیـەمی گەیاندن کـە سێ فـەرمـانبـەری لەخۆ گـرتووە گـەیاندنـی درێژمـەودا ئـەنجـام دەدەن و ئـەو بەرپـرسـە بەرامـبـەر یاریدەدەری سـێـیـەمی وەزیر. گـوتیـاری ڕەسـمی و بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕۆژنامەوانی و بەڕێوەبەری گەیاندن کەم جار کۆ دەبنەوە، فەرمانبەرەکانیشیان هەرگیز کۆ نابنەوە.

بەڕێوەبەری دەسـتـەی فـەرمـانبـەرانی وەزیر بەرگری لەم ڕێکخسـتنە دەکـات، چونکە واتای ئەوەیە کە لە توانـای گوتیـاری ڕەسـمی بەناوی وەزیرە، کە تواناکـانی لەسـەر وەزیر چڕ بکاتەوە و ئەرکی خۆی بەکاری کـارگێڕییەوە قورس نەکات. بەڵام گوتیـاری ڕەسـمی دان بەوەدا دەنێ

کە هەست بەوە دەکات زۆر ڕۆ چووتە نێو کارەکە و گەلێک جار لە دەستکەوتنی زانیاری، سەختی دەبینێ. ئایا هەماهەنگی پەیامی وەزارەت لە ڕەوشێکی باشتر نەدەبوو ئەگەر بە دەنگێکی چڕوپڕتر دەرببڕایە و، گوتیاری ڕەسمی هاوکات پێشکێشی وەزیری بکات؟ گوتیاری ڕەسمی دەتوانێ پارێزگاری لە پۆستەکەی بکات بەمەرجێک نووسینگەی ڕۆژنامەوانی و نووسینگەی گەیاندن بە ئەرکە درێژمەوداکەی لە بەرامبەری بەرپرس بن؟ هەروەها دەتوانێ بەڕێوەبەرێکی کارگێڕی بۆ تەرخانکردنی بۆ کاری نووسینگەیی دابمەزرێنێ.

## چالاکییە ڕۆژانەییەکانی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی

کۆبوونەوەکان: جاروبار وا دەردەکەوێ کە کۆبوونەوە زۆرەکان هەموو ڕۆژەکە پڕ دەکاتەوە و بەشێکی کەم لە کات بۆ ئەنجامدانی کارەکانی تر دەهێڵێتەوە، بەڵام لەوانەیە بۆ سیستەمێکی نەرمی کارکردن پێویست بێ. ئامانجی ئەم کۆبوونەوانە دابەشکردنی زانیارییە و، دەستپێشخەرییە لە هەواڵ و ئامادەکاری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا. لە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆژانە گوتیاری ڕەسمی و هاوکارە حکوومییەکانی کە لە پێوەندییە ڕۆژنامەوانییەکاندا لەگەڵیدا کار دەکەن کۆ دەبنەوە، هەروەها لە نێوان گوتیاری ڕەسمی و ڕۆژنامەوانە فەرمانبەرە حکوومییەکاندا، گەلێک جار ئەم کۆبوونەوانە لە ڕۆژێکدا چەند جارێک ئەنجام دەدرێ.

لە حکوومەتی فیدرالی ئەمریکادا، زۆر لە نووسینگەکان دەستپێکی کارکردنیان لە بەیانی زوودا کۆبوونەوەی گەورە فەرمانبەران بە گوتیاری فەرمیشەوەیە. کۆبوونەوەکان هەمیشە ٣٠-٤٠ خولەک

دەخـایەنێت، گەورەی فـەرمانبـەرەکان باس لە بایەخـە سـەرەکییـەکانی ئەو ڕۆژە و ئەو پرسـە سـەرەکییـانە دەکات کـە جێی بایەخی بەرپرسـە حکومـییەکـەیانە، هـەروەها لەبارەی خشتەی کار و کۆبوونەوەکانی. بۆ نموونـە، هـەر فــەرمــانبــەرێک بەکـورتی باس لە پرســەکـانی داهـاتوو دەکات، وەک یاسـا و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامـەوانییـەکان و ئەو پرسـانەی پێـوەسـتن بە بودجـە و ئـەو دۆزانەی کــە گـرینگی هەواڵیـیـان هـەیە. پێـویسـتـە لەســەر سکرتێـری ڕۆژنامــەوانی زانیـاری لەبارەی ئەو گـواسـتنەوە هەواڵیـیـە پێـشکێش بکات کـە لەو بەیانیـیـەدا ڕوو دەدا، هـەروەها لەبارەی ئەو هـەواڵە خێرایانەی کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر بەرپرسـە حکومـیـیەکە و پەیامـەکەی ئەو ڕۆژە یان حـەفتـە یاخـۆ ئەو مانگە هەبێ.

دوای ئەو کـۆبـوونەوەیە، گـوتیـاری ڕۆژنامـەوانی هەمـیـشـە لەگـەڵ فــەرمـانبــەرانی پێـوەندییـە ڕۆژنامــەوانیـیـەکـان کـۆ دەبێـتـەوە، بۆ ئاگەدارکردنەوەیان لە پرسە گرینگەکانی ئەو ڕۆژە. ئەم کۆبوونەوەیەش لە شـــێـــوەی کـــۆبوونەوەی گـــەورە بەرپرســـانە، هـەر ئەندامــێک لە نووسینگەی ڕۆژنامـەوانی قسـە لەبارەی ئەو پرۆژانە دەکات کە کاری تێدا دەکـات و، پێـداچوونەوەی خـشـتـەی بەرپرسـە حکومـیـیـەکـە و، تاوتوێکردنی پەیام و بابەتی ئامـرازەکانی ڕاگەیاندن کە لەوانـەیە لە لایـەن ڕۆژنامــــەوانـانـەوە لـەو ڕۆژەدا بـورووژێنـرێن. سـکـرتێــــری ڕۆژنامــەوانی فـەرمـانبـەرەکـان بە ئەرکی دیاریکراو ڕادەسـپـێـرێ و، فەرمانبەرەکانیش پرسیار ئاراستەی نووسینگە وەزارییە جیاجیاکان دەکەن بۆ گەیشتن بە وەڵام. لەمیـانەی ڕۆژەکەدا لەوانەیە فـەرمـانبـەرە ڕۆژنامـەوانەکان سـەرقاڵبن بە ئامادەکردنی کتێبێکی مێدیایی، یان

پێوەست بێ بە پرسە سەرەکییەکان کە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حکوومەت بەرامبەر بابەتە نووکەییە گرینگەکان لەخۆ بگرێ. گوتیاری ڕەسمی دەکرێ ئەو کتێبە وەک ژێدەرێک بەکار بێنێ، کاتێک لە ئامادەباشیدایە بۆ دانیشتنە مێدیاییە ڕۆژانەییەکەی.

سکرتێری ڕۆژنامەوانی لە کۆشکی سپی، هەمیشە بەرپرسانی ڕۆژنامەوانی خانمی سەرۆک و جێگری سەرۆک لە کۆبوونەوەی فەرمانبەرە ڕۆژنامەوانەکاندا بەشدارییان پێ دەکات. هەروەها سکرتێری ڕۆژنامەوانی یان یاریدەدەرەکەی ڕۆژانە پێوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هاوتاکانیان لە وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و نووسینگەی کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی دەکات، بۆ دارشتنەوەی پەیامێکی یەکگرتوو لەبارەی پرسەکانی کاروباری دەرەوە. گەورە بەرپرسەکان حەفتانە بۆ تاوتوێکردنی پرسە سیاسییەکان و پلاندانان و پێوەندی بە گەیاندنەوە کۆ دەبنەوە. گرووپەکە چاوێک بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو هەلانە دەخشێنێتەوە کە ڕووداوەکان بۆ پاڵپشتی کارنامەی سەرۆک بەردەستی دەکەن. ئەو فەرمانگە گەورانەی کە چەندین نووسینگەی هەرێمایەتی و فەرمانگەی جۆراوجۆریان هەیە، هەمان شت دەکەن. بۆ نموونە، گوتیاری ڕۆژنامەوانی لە وەزارەتی کاری ئەمریکایی دوو حەفتە جارێک بە تەلەفۆن لەگەڵ بەرێوەبەرانی زانیارییەکان لە سنووری وەزارەتەکە کۆ دەبێتەوە، بۆ تاوتوێکردنی پرسە نووکەیی و ئایندەییەکانی ڕاگەیاندن. نووسینگەی ڕۆژنامەوانی زۆر لە دەسەڵاتداری ویلایەتەکان وەکو یەکن.

گوتیاری ڕەسمی بەناوی دەسەڵاتدارەوە لە کۆبوونەوەی بەیانیانی گەورە فەرمانبەراندا بەشدار دەبێ، کە لەوانەیە دەسەڵاتدارەکە ئامادە

بێ یان بە پێوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئامادەبوواندا بەشدار بێ، بۆ قسەکردن لەبارەی ڕۆژنامەوانیی ئەو بەیانییە و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە. لە ویلایەتە بچووکەکان بەو چڕوپڕییە کۆ نابنەوە، لەوانەیە حەفتانە کۆ ببنەوە. زۆر لە گوتیارە ڕەسمییەکان گەلێک جار بەناوی دەسەڵاتدارەکانەوە لەگەڵ سکرتێرە ڕۆژنامەوانەکان لە فەرمانگە و ئاژانسە جیاجیاکانی ویلایەتەکە کۆ دەبنەوە.

بەرپرسێکی حکوومیی تازە هەڵبژێردراو سکرتێرێکی ڕۆژنامەوانی بۆ هەڵمەتە هەڵبژاردنەکەی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی ببێتە گوتیاری ڕەسمی ئەو. لەگەڵ ئەوەی گوتیارە ڕەسمییەکە ئاگەداری ئامانجی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بوو، کە بردنەوەیە، بەڵام بەدەگمەن لەگەڵ بەرپرسە حکومییەکەی باس لە پەیام یان بابەتی نووکە کرد، لەو کاتەوەی هەردووکیان پۆستەکانیان وەرگرتووە، زیاتر بایەخی بە ڕەزامەندیی لەسەر یاساکان دەدا. بەرپرسە هەڵبژێردراوەکە لەگەڵ سکرتێرە ڕۆژنامەوانییەکەی و گەورە فەرمانبەرانی کۆ نەبووەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکان دەستنیشان و هەموار بکرێت و، ئەو پێشکەوتنەی کە ڕووی داوە هەڵبسەنگێنرێ. ئەرکی قسەکردن بۆ ڕۆژنامەوانانی بەتەنیا وەئەستۆی گوتیارە ڕەسمییەکەی خست. گوتیارە ڕەسمییەکەش پرسی "چۆن بە تەنیا بڕیار دەدەی کە پەیامەکە چییە؟".

٢- تیلمە "قصاصە" ڕۆژنامەوانییەکان و چاودێری هەواڵەکان:

نووسینگە ڕۆژنامەوانییە حکوومییەکان هەمیشە ڕۆژانە یان لە ڕۆژێکدا دوو جار تیلمە ڕۆژنامەوانییەکان کۆ دەکەنەوە، یاخۆ چاودێری هەواڵەکان دەکەن بۆ ئاگەدارکردنەوەی سەرۆک و فەرمانبەرەکانیان لە ڕووداوەکان، کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر

پرۆسەکانیان هەبێ. نووسینگەی ڕۆژنامەوانی سەرجەم دەسەڵاتدار و ئاژانسە حکوومییە فیدراڵییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەندێک فەرمانبەری لێیە کە هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکان دەخوێننەوە و دەیبڕن و وێنەی دەگرن و بەسەر گەورە بەرپرساندا دابەشی دەکەن، هەروەها کۆمەڵێک هەواڵی تەلەڤیزیۆنیش ئامادە دەکەن. تیلمەکان هەمیشە گرینگترین هەواڵی باش و خراپ و دواجار هەواڵی کەم بایەختر لەخۆ دەگرێ. نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکانی تر لە خزمەتگوزاری تیلمە ڕۆژنامەوانییەکاندا هاوبەشی دەکات، کە کۆمپانیای تایبەتن بە بەدواداچوونی نووسراوەکان، بەتایبەتی ئەوەی لە چاپەمەنییە بچووک و هەرێمییەکان بڵاو دەبنەوە. کۆشکی سپی، تیلمە ڕۆژنامەوانییەکان کۆ و کورت دەکاتەوە، هاوکات زۆر ئاژانسی حکوومی هەیە کە تایبەتن بە کۆکردنەوەی تیلمەی ڕۆژنامەوانی. لە لووتکەی گرینگی پێدانەکانی نووسینگەی سکرتێری ڕۆژنامەوانی لە کاتی کۆکردنەوەی تیلمە ڕۆژنامەوانییەکان یان چاودێریکردنی ڕۆژنامەوانی، بریتییە لە بەدواداچوونی هەواڵ نەک کورتکردنەوەی.

گەلێک جار کۆپیکردنی سەرجەم بابەتە گرینگە باش و خراپەکان بەسە. نووسینەوەی بابەتێکی هەواڵی هەرچەندە کورت بێ کاتی زۆر لە فەرمانبەران دەگرێت. گەورە فەرمانبەرێک لە نووسینگەیەکی ڕۆژنامەوانی لە حکوومەتێکی تازەدا، ڕۆژانە وتاری ڕۆژنامە و کۆوارەکانی دەبڕی و کورتی دەکردەوە و بەسەر بەرزترین دوازدە فەرمانبەریدا دابەشی دەکرد. هەرچەندە ٨٠٪ی هەواڵەکان لە تەلەڤیزیۆنەوە دەبێ، ئەوا ئەم هەواڵە هیچ چاودێرییەکی تەلەڤیزیۆنی لەخۆ نەگرت، لەو ڕوانگەیەی کە پارەیەکی زۆری تێ دەچێت. هەروەها

فــەرمــانبــەرەکــانیش پوختــەیەکی مــانگانەیان بۆ گــواســتنەوە ڕۆژنامەوانییەکە ئامادە دەکرد. ئایا کارەکە کاراتر نەدەبوو ئەگەر فەرمانبەرەکان ئەم کارانەی لای خوارەوەیان ئەنجام بدایە:

- تەنیا هەواڵەکانیان ببڕایە و کۆپی بکردایە؟
- بەسەر ژمارەیەکی زۆرتر لە فەرمانبەرانیان دابەش بکردایە؟
- لە ستۆدیۆی تەلەڤیزیۆنی فەرمانگەکە ئامێریان بۆ چاودێریکردنی هەواڵەکانی تەلەڤیزیۆن بەکار بهێنایە؟
- واز لە شرۆڤەکردنی هەواڵ و مانگانە یان سێ مانگ جارێک بێنن و، پشت بە ئاژانسێکی تایبەت بۆ ئەم کارە ببەستن؟
- ئەو گەورە فــەرمــانبــەرانەی کە چاودێری دەنگوباســەکــان دەکەن بگوازرێنەوە بۆ فــەرمــانگەی پێوەندییە ڕۆژنامــەوانییــەکــان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن؟
- فــەرمــانبــەرە بچــووکــەکــان بۆ بڕین و کــۆپیکردنی ڕۆژنامــەکــان رابسپێرن؟

٣- پێوەندییە تەلەفۆنییەکان:

لە کــۆشکی ســپی و دامــەزراوە حکومــیــیــە گــەورەکــان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، سیستەمی بەرپرسی ئێشکگر "المناوب" هەیە، کە بەرپرسی ڕۆژنامەوانی زۆربەی کات لە بەردەستە تەنانەت شەوان و پشــووەکــانی حــەفتــەش، بەمــەبەســتی وەڵامــدانەوەی پرســیــاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. سیستەمی بەرپرسی ئێشکگر، نووسینگە ڕۆژنامــەوانییــەکــان توانادار دەکات لەوەی بە بەردەوامی لە ماوەی هەواڵەکاندا کار بکەن، ئەو نووسینگانە لەبەرئەوەی هەمیشە بەرپرسی ڕۆژنامــەوانی بچــووکی بۆ دانراوە ئەوا تا ڕادەیەک سکرتێــری

ڕۆژنامەوانی سەرەکی دەحەسێتەوە.

گەلێک جار گوتیارە ڕەسمییەکان کاتێک کارەکەیان پێوەست دەبێ بە پێدانی هەواڵێکی گرینگ، ژمارەی مۆبایلی خۆیان یان ژمارەی تەلەفۆنی ماڵەوەیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەدەن، لە بەرامبەردا هەمیشە ژمارەی تەلەفۆنی نوێنەری ئامرازە مێدیاییەکە وەردەگرێ، بۆ ئەوەی دوای کاتی کارکردن وەڵامی پرسیارەکان بدرێتەوە. ئەگەر بەرپرسی ڕۆژنامەوانی لە هەواڵێکدا هاوکاریی ڕۆژنامەوانێک بکات، ئەوا بۆی هەیە بوار نەدات بە پێویستی هێنانی گوتیارێکی ڕەسمی نوێ کە لەوانەیە کەمتر ئاگەداری بابەتەکە بێ. بەرپرسێک لەبارەی کاروباری گشتی لە ڕێکخراوێکی سەربازی ئەمریکایی دەڵێ: "پێم باشترە کە لە ماڵەوە بووم ڕۆژنامەوان تەلەفۆنم بۆ بکات بۆ ئەوەی زانیاریی نوێ و وردی دەستبکەوێ، لەجیاتی ئەوەی هەواڵێکی شێواو بڵاو بکاتەوە، چونکە بەرپرسی ئێشکگر وەکو من ئاگەداری تەواوی زانیارییەکان نییە".

گۆڕینەوەی ژمارەی تەلەفۆن یان بوونی بەرپرسێکی ئێشکگر لە دوای کاتی کارکردن زۆر گرینگە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە لە چەند ناوچەیەکی کاتجیاواز پێک دێ.

گوتیارە ڕەسمییەکان لە هەندێک لەو ناوچانەی تازە دیموکراتیەتی لێ بڵاو دەبێتەوە دووپاتی دەکەنەوە کە، پێدانی ژمارەی مۆبایل واتە گەیشتنیان بە ڕۆژنامە، بەڵام ئەمە زۆر دروست نییە، چونکە پێوەندیکردنی ڕۆژنامەوانان بە ژمارەی مۆبایلەکەتەوە، ڕۆڵی نێوەند وەک سکرتێر یان یاریدەدەر ناهێڵێ، بەمەش نازانێ بەرپرسەکەی چی گوتووە و کێ تەلەفۆنی بۆ کردووە و باس لە چی کراوە. هەروەها ئەمە

گـوتیـاری ڕەسـمی دەخـاتە بەر بەزەیی ڕۆژنامـەوانی ئەوکـاتەی ئامادەباش نەبێ. ڕێگە بە بوونی یاریدەدەرێک دەدرێ بۆ دڵنیابوون لە پێوەندیکردن بە بەرپرسـە ڕۆژنامـەوانیـیەکـە، بۆ ئـەوەی ئامـادە بێ. هەروەها بوونی یاریدەدەرێک بۆ وەڵامدانەوەی پێوەندییـە تەلەفۆنیـیە بەراییـیەکـان، واتـە کـەسـێک هەیە دەتوانێ هـەمیـشـە پرسـیـاری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەربگرێ و، ڕێگە بە گوتیاری ڕەسمی دەدرێ وەڵامی گرینگترین پێوەندی تەلەفۆنی بداتەوە یان نەداتەوە، پاشان بە پشتبەستن بە ڕاستییەکان بۆ وەڵامدانەوە ئامادەباش دەبێ.

گرینگە گوتیاری ڕەسمی بەخێرایی وەڵامی پێوەندی تەلەفۆنی ڕۆژنامەوانەکە بداتەوە. هەروەها گرینگە گوتیاری ڕەسمی مۆبایلەکەی هەمیشە کراوە بێ. ئەگەرنا ڕۆژنامە ڕوو دەکاتە شوێنێکی تر بۆ ئەوەی زانیاری چنگ بکەوێت.

"جولیا جلەفر" سکرتێری ڕۆژنامـەوانی دیک چینی یاریدەدەری سـەرۆکی ئەمـریکا دەڵێ: دەبێ گـوتیـاری ڕەسـمی هەمـیـشـە لە بەردەستدا بێت. پێدانی ژمارەی مۆبایل بە کۆ شتێکی ویستراو نییە، بەڵام ئەو فەرمانبەرانەی کە وەڵامی پێوەندییە تەلەفۆنییەکان دەدەنەوە دەبێ بزانن، کە لە توانایاندا هەیە کاتێک ڕۆژنامەوانەکە پێوەندی بە تەلەفۆنە نۆرماڵەکەوە بکات، بۆ تەلەفۆنەکەی تۆی بگۆڕن.

سکرتێری ڕۆژنامەوانی یەکێک لە وەزیرانی دەرەوەی یەکێک لە وڵاتە ئەوروپییەکان ئاگەدار نەبوو لەوەی "سلۆبۆدان میلۆسۆفیچ"ی سەرۆکی پێشووی یۆگسلافیا لە لایەن دادگەی تاوانەکانی جەنگی نێودەوڵەتی لە لاهای بەتاوانی جەنگ تاوانبار کراوە، ئەوکاتەی ڕۆژنامەوانێک لە ڕێی مـۆبایلەوە داوای لـێ کـرد لەو بـارەیەوە لێـدوان بدات، سکرتێرە

ڕۆژنامەوانییەکە دواتر دانی نا بەوەی "وا دەردەکەوتم کە بەتەواوی بێ ئاگام".

"جونی ئینمان" سەرۆکی کۆمەڵەی نەتەوەییی گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان دەڵێ: "مەرج نییە یەکسەر وەڵامی پرسیارەکە بدەیتەوە، مافی ئەوەت هەیە نەکەویتە بۆسەوە، باشتر وایە دواتر پێوەندی بکەیتەوە لەجیاتی ئەوەی زانیاری ناڕاستی بدەیتێ".

"شیلا تیت" سکرتێری ڕۆژنامەوانی پێشووی خانمی یەکەم نانسی ڕیگان دەڵێ: "دەتوانی بڵێی لە کاتێکی نەگونجاودا تەلەفۆنت بۆ کردووم، دوایین کاتی تۆ کەیە؟ با دواتر پێوەندیت پێوە بکەم".

## دانانی کارمەندان لە شوێنی کاردا

مەرج نییە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی کارا گەلێک جار ببێتە هۆی خەرجکردنی پارەی زێتر، یان دامەزراندنی کارمەندی زێتر یاخۆ کڕینی ئامێر و کەرەسەی زێتر، بەڵکو مەبەستی تەنیا مامەڵەکردنە بە داهاتەکان.

نووسینگەی مێدیایی لە وەزارەت لەسەر کاغەزدا ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانی گەیاندن هەیە، بەڵام ژمارەی ئەو کارمەندانەی لەگەڵ ڕۆژنامەدا مامەڵە دەکەن زۆر کەمن. سەرجەم کارمەندان لە چاپەمەنییە وەزارییە حەفتانە و مانگانەیی نمایشکراو بۆ فرۆشتن، کاریان دەکرد. بەرپرسە وەزارییەکان لەو بڕوایەدا بوون ئەمە باشترین هۆیە بۆ پێوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاووڵاتیاندا. ئەم چاپەمەنییانە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی شیوعی بۆشاییەکی هەواڵی پڕ کردەوە، بەڵام ڕەوشەکە گۆڕا. فرۆشتنی ڕۆژنامە بۆ

جەماوەر دابەزی بەڵام ڕۆژنامە و کۆوارەکانی وەزارەت لە ڕاستیدا بووە چاپەمەنی بۆ کارمەندان.

تەلەڤیزیۆن باڵی بەسەر هەواڵەکانی وڵاتدا کێشا، لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەت تەنیا بەچاودێری نەکردنی هەواڵەکانی تەلەڤیزیۆن نەوەستا، بەڵکو کەسێکیان نەبوو لەگەڵ پەیامنێرانی تەلەڤیزیۆن مامەڵە بکات. بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئیمەیل بۆ ژمارەیەکی کەم لە ڕۆژنامەوانان لە وەزارەتدا دابین نەکراو، ئامێرێکی کۆمپیوتەریان هەبوو کە تەنیا بۆ نووسین دەشیا. زۆربەی کارمەندان و ئامێرەکان لە بەشەکانی چاپەمەنی و بەرهەمهێنانی تەلەڤیزیۆن لە وەزارەتەکە بەکار دەهێنران.

گوتیارە ڕەسمییەکان لە بەشی ڕۆژنامەوانی هەستیان کرد بەهۆی ژمارەیەکی زۆر لە بەدواداچوونەکان لە لایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە کاردا نقوم بوون، هەروەها ڕۆژنامەوانەکانیش لەبەر کەم دەستکەوتنی زانیاری و لەسەرخۆ وەڵامدانەوەی یەکەی ڕۆژنامەوانییەوە سکاڵایان کرد. بۆ وەزارەت باشتر بوو داهاتەکەی لە کەس و کەرەسەوە بگۆڕایە، بۆ ئەوەی کە خەڵک هەواڵی پێ دەستبکەوتایە، واتە تەلەڤیزیۆنی بێلایەن و ڕۆژنامەوانی چاپکراو.

## پێویستبوون بە هەماهەنگی

هەموو هەوڵێکی سەرکەوتووی پێوەندییە گشتییەکان بەرێژەیەکی زۆر پشت بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی تری نێو هەمان ئاژانس دەبەستێ، هەروەها لەگەڵ کارمەندانی ئاژانسەکە و فەرمانگەکانی دەرەوەی ئاژانسەکەش.

"سوزان کنگ" یاریدەدەری پێشووی هەردوو وەزیری کار و

نیشتەجێکردن و گەشەپێدانی شارستانیەت بۆ کاروباری گشتی، دەڵێ: "زۆر گرینگە هەموو تاکێکی ڕێکخراوەکە پێشەنگێتی و ئەرکەکەی بزانێ بۆ ئەوەی هەمان کارنامە بخەنە ڕوو". هەروەها دەڵێ: "ئەمە وا ناگەیەنێ بەهەمان ڕێچکە قسە بکرێ و بجووڵرێتەوە، بەڵام ئەگەر خەڵک لە ئەرک و پێشەنگێتییەکە تێ نەگەیشتن، ئەوا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ جەماوەر نادوێن و، هێزی کاری ڕێکخراوەکە لاواز دەبێ".

کەواتە هۆی گرینگی هەماهەنگی چییە؟

یەکەم، چونکە گرێنتی دەستپێکێکی باشی بەرنامەکەیە. "مارلین فیتزواتر" سکرتێری ڕۆژنامەوانی پێشووی کۆشکی سپی داوای لە بەڕێوەبەرانی گەیاندن لە سەرجەم وەزارەتەکان کرد، ئاگەداری هەموو ئەو ڕاگەیاندراوانە بن کە لەو بڕوایەدان لە پێشەوەی هەواڵەکانی لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەکان دەبێ. ئەمەی کرد، لەبەر بڕوابوونی بەوەی سەرۆک دەتوانێ هەندێک هەواڵی سەرەکی بۆ هەر وەزارەتێک ڕابگەیەنێ و بەوەی ئاگەداری هەر هەواڵێک دەبێ کە پێشتر جێی مشتومڕ بێ.

دووەم، لەوانەیە کەسێک لە وەزارەتێک یان فەرمانگەیەکی تر بەهەمان بەرنامە یان پرسەوە سەرقاڵ بێ، ئەمەش تێکەڵبوون لە کاری لێ دەکەوێتەوە. ڕۆژنامە مافی خۆیەتی بپرسێت "ئەگەر لەتوانای سەرکردەی حکوومی نییە پارێزگاری لە ڕێڕەوی دوو وەزارەت لەسەر هەمان ڕێچکە سەبارەت بە هەمان پرس بکات، یان ئەگەر هەردوو وەزارەتەکە توانای پێکەوە کارکردنیان نەبوو، مەودای کارایی سەرکردە یان وەزیر چییە؟".

سێیەم، تا ئەوکاتەی دوو بەرپرسی حکوومی لەسەر پرسێک ڕێک دەکەون، ئەوا یەکانگیری هەوڵەکانیان پەیامەکە بەهێز دەکات.

چوارەم، تووشی تەنگاوبوون دێی یان پێت سەیر دەبێ ئەگەر بێ ئەوەی تۆ ئاگات لێ بێ هەوڵی خەڵکی تر لە ڕۆژنامە پێشچاو بخرێت. لە یەکێک لە حاڵەتەکاندا، بەرپرسێکی وەزاری بەبێ ڕەزامەندی وەرگرتن لە کۆشکی سپی دەستپێشخەرییەکی سەرەکی ڕاگەیاند. هەرچەندە ڕاگەیاندراوە سیاسییەکە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بایەخێکی زۆری پێ درا، بەڵام ڕازینەبوونی سەرۆک لەسەری بووە هۆی زیاتر بایەخ پێدانی. بەرپرسە وەزارییەکە تەنگاو بوو، وای بینی کە هەڵوێستەکەی لە ڕۆژنامەوانیدا لاواز بووە.

دواجار، تەنیا ئاڵوگۆڕی خشتەکانی کات لە نێوان بەرپرسانی حکوومی بەس نییە، پێویستە لەسەر نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکان و نووسینگەکانی کاروباری گشتیش پلانەکانیان ڕێک بخەنەوە. کاتێک ئاژانسە حکوومییەکان کاتی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە سەرەکییەکان لە هەمان کاتدا ڕێک دەخات، ئەوا ڕۆژنامەوانەکان بە دەنگێکی بەرز دەبۆڵێنن. یەکێک لە ڕۆژنامەوانەکان لای گوتیاری ڕەسمی سکاڵای کرد و گوتی: "پێویستە کامە کۆنگرە ڕۆژنامەوانی هەڵبژێرین؟ ئەرکەکەمان هێندە سەخت مەکەن".

دەزگا سەربازییە ئەمریکییەکان جەخت لەسەر هەماهەنگیکردن لە پەیامەکان دەکەنەوە. نووسینگەکانی کاروباری گشتیی لە هێزی دەریاییی ئەمریکایی پێش تەواوکردنی کاری ڕۆژانەیان، ڕۆژانە لە سەرانسەری جیهاندا ئیمەیل بۆ نووسینگەی ناوەندیی کاروباری گشتیی هێزی دەریایی لە واشنتۆن دەنێرن، کە باس لە بەدواداچوونە

سەرەکییە ڕۆژنامەوانییەکان و ئەو ڕووداوانەی کە گرینگی هەواڵییان هەیە لەو ڕۆژەدا دەکات. نووسینگەی ناوەندیش ئەو بەدواداچوون و پرسە سەرەکییانە کورت دەکاتەوە و بە ئیمەیل بۆ نووسینگەکانی کاروباری گشتی دەنێرێتەوە. گوتیارە ڕەسمییەکان لە نێوان خۆیاندا پێوەندی دەکەن بۆ ئەوەی پرسە هاوبەشەکان تاوتوێ بکەن و هەماهەنگی لە وەڵامەکانیاندا بکەن.

یەکێک لە گوتیارە ڕەسمییەکان دەڵێ: "ئەمە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی هەوڵی ڕۆژنامەوانی دەگرێت، لە ڕێی ڕووکردنە بەشە جیاوازەکانی هێزی دەریایی و هەوڵدان بۆ وەئەستۆخستنی بەخشینی زانیاری جۆراوجۆر پێمان. گەلێک جار بینیومە کە هەمان ئەو ڕۆژنامەوانەی پێوەندی بە هاوڕێیەکمەوە کردووە لە شارێکی جیاواز هەمان پرسیاری لێ کردووە. ڕێگە بە ئاگەداربوون لە هەموو چالاکییە سەرەکییەکانی ڕۆژنامە بە من و هاوکارانم دەدرێ بۆ ئەوەی وەڵامەکانیان هەماهەنگ بکرێت، بەجۆرێک جیاوازی و ناتەبایی پێوە دیار بێ و، یارمەتیدەرمانە بۆ تێگەیشتن لەو تێڕوانینەی کە ڕۆژنامەوانەکە لەچیرۆکە هەواڵەکەی دەیخاتە ڕوو".

لە زۆر لە حکوومەتە ئیئتیلافییەکان بەرپرسان سکاڵای ئەوە دەکەن، کە هەماهەنگیکردن مەحاڵە بەهۆی بوونی نوێنەرانی پارتە سیاسییە زۆر جیاجیاکان لە سەنتەرە سەرەکییەکان لە سەرانسەری حکوومەتدا. ئەم ئاستەنگەش ئەو ڕاستییە ڕەت ناکاتەوە کەوا هەماهەنگی لە حکوومەتێکی ئیئتیلافی گرینگی کەمتر نییە، لە حکوومەتێکدا کە پارتێک بە هەڵبژاردن زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست هێنابێ.

## باشترین پێنج ڕێنوێنی

- کەسێک بە بیرکردنەوە لە چەمکی درێژمەودا ڕابسپێرە. نابێ هەوڵە مـێدیاییـیـەکـان تەنیـا کـاروباری کورتمـەودا بن و تەنیـا لەگـەڵ تەنگژەکاندا مامەڵە بکات.
- ڕۆژان لەگەڵ فەرمانبەرە ڕۆژنامەوانەکان و گەورە فەرمانبەران لە وەزارەتەکـە کـۆ ببـەوە، بۆ ئەوەی هـەمـووان ئـاگـەداری پەیامـە مێدیاییەکە بن.
- بۆ ئەوەی شـتی چاوەڕوان نەکـراو ڕوو نەدات، لەگـەڵ فـەرمـانگە و وەزارەتەکانی تر هەماهەنگی بکە.
- پارێزگـاری لەوە بکە کە چاودێری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بکەیتە پرۆسـەیەکی لەبار بۆ بیـرکـردنەوە. بڕین و کـۆپیکردن. هـەواڵەکـان کورت مەکەوە. شـرۆڤەکاران دەکارن ئاراستـە گشـتییـەکان لەسـەر بنەمای حەفتانە یان مانگانە بپشکنن.
- خشتەی کاتی ڕۆژنامەوانییەکان بکەرە موڵکی خۆت، نەک مـوڵکی ئامـرازەکـانی ڕاگـەیاندن. نێـوەندێک بـەکـار بهـێنە بۆ وەرگـرتنی پێـوەندییـە تەلەفـۆنییـەکـان، بەڵام بەخـێـرایی پێـوەندی بکە، بۆ وەڵامدانەوەی پێوەندییەکان بە وەڵامگەلی پێشتر باش ئامادەکراو.

## ڕێکخستنی نووسینگە

وەزارەتە حکوومـیـیـەکـانی ئەمـریکا چۆن مـامـەڵە لەگـەڵ ئەرکـە جیاوازەکانی نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکاندا دەکەن؟

لە کـاتێکدا هەمـوو وەزیرێک دەتوانێ بەپێی مـەرجـەکانی کـارەکەی نووسینگەکەی ڕێک بخات، ئەوا ئەم بڕگانەی خوارەوە چوار ڕێکخستن

یان نموونەی جیاواز دەخاتە ڕوو، بۆ چۆنیەتی کارکردنی ئەو نووسینگانە.

وەزارەتی دەرەوە:

بریکاری وەزیری دەرەوە بۆ دیپلۆماسییەتی گشتی و کاروباری گشتی، سەرۆکایەتی هەوڵەکانی کاروباری گشتی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن لە وەزارەتەکە دەکات. هاوکات نووسینگەی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری گشتی سەر بەم نووسینگەیە دەبێ، ئەم نووسینگەیە بەناوی وەزیری دەرەوە قسە دەکات و سەرپەرشتی پێنج نووسینگە دەکات، کە بریتین لە:

- ئەو نووسینگە ڕۆژنامەوانییەی کە ڕۆژانە بابەتی پاشخان (خلفية) و، ئاراستەی مێدیایی و ئەو پرسیار و وەڵامانە ئامادە دەکات، کە یاریدەدەری وەزیری دەرەوە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە ڕۆژانەییەکانی بەکاری دەهێنێ.
- نووسینگەی پێوەندیکردن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە کاتی چاوپێکەوتنە هەرێمییەکانی نێوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان، لەگەڵ دەزگا تەلەڤیزیۆنی و ئیستگەیی و ڕۆژنامەوانییەکان، بۆ بەرپرسان لە وەزارەتی دەرەوە دیاری دەکات.
- نووسینگەی پێوەستبوونی گشتی و پێوەستبوون لە ڕێی حکوومەییەوە کە چالاکییە گوتارییەکان و کۆبوونەوەکان لە سەرانسەری وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەرپرسان لە وەزارەتی دەرەوە ڕێک دەخات و، ئەرکی پێوەستبوون لە نێوان وەزارەت و بەرپرسان لە حکوومەتە نێوخۆییەکان دەگرێتە ئەستۆ و، کۆنگرە

ڕۆژنامەوانییەکان لە وەزارەت بۆ گرووپە میوانەکان ڕێک دەخات.

- نووسینگەی زانیاریی ئەلیکترۆنی و خزمەتگوزارییە ئیستگەییەکان، کە سایتی ئینتەرنێتی وەزارەت و کۆبوونەوە ڤیدیۆیی دیگیتاڵییەکان بەڕێوە دەبات. هەروەها بەرنامەی پێوەندیکردنی تەلەڤیزیۆنی ئاڵوگۆڕ لە ڕێی مانگی دەستکردەوە بەرهەم دەهێنێ.
- نووسینگەی پلاندانانی پێوەندیکردنی ستراتیجی کە هەماهەنگی لە نێوان نووسینگە جیاجیاکان لە ناوەوە و دەرەوەی وەزارەت دەکات، لەبارەی پەیامێکی ستراتیجی دیاریکراو. لە خوار بریکاری وەزارەتی دەرەوە، یاریدەدەری وەزیر بۆ فێربوون و کاروباری ڕۆشنبیریش کار دەکات، کە نووسینگەکەی سەرپەرشتی ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکان و ئاڵوگۆڕی هاووڵاتیان دەکات، هەماهەنگکاری نووسینگەی بەرنامەی مێدیایی نێودەوڵەتیشە، کە گوتیار ڕەوانەی دەرەوە دەکات و بەناوی بەرپرسانی ئەمریکایی ڕاگەیاندراو دەردەکات و، چاپەمەنی و سایتی ئەلیکترۆنی دەردەکات بۆ ئەوەی لە دەرەوەی وڵاتدا بەکار بهێنرێن.

وەزارەتی بەرگری:

یاریدەدەری وەزارەتی بەرگری بۆ کاروباری گشتی بەرزترین بەرپرسی کاروباری گشتییە لەو وەزارەتە و، ڕۆڵی گوتیاری ڕەسمی بەناوی وەزیری بەرگری دەبینێ. هەروەها گوتیاری ڕەسمی چەند بەشێک بەڕێوە دەبات، لەوانە:

- بەشی پێوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە وەڵامی پرسیاری

ئامــرازەکــانی ڕاگــەیاندن دەداتــەوە. لەم بــەشـــەدا بەرپــرســـانی نووسـینگەکان لە بابەتەکانیان شـارەزان، لەبارەی ئەو پرسـانەی کە وەزارەت بەشێوەیەکی ڕێکخراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

- بەشی پلاندانان، بەرپرسە لە هەوڵی گەیاندنە دوورمـەوداکان بەپێی بابەت و بەپێی هەر ناوچەیەک لە ناوچەکانی جیهاندا.
- بەشی پێوەندییـەکانی کۆمـەڵگە، بە هاوکاریی وەزارەتی بەرگری لە ڕووداوە گشـتییەکان و چالاکییـەکانی کۆمەڵگە، کە هەڵسـەنگاندن و هەمـاهـەنگی و ڕەزامـەندی لەسـەر داواکارییـە تایبـەتییەکان نیشـان دەدا.
- بەشـی زانیـارییـەکانی سـەرکردایەتی، خزمـەتگوزارییـەکی زانیـاری نێوخۆیی هێزە چەکدارەکانە بۆ تاکەکانی ئەو هێزانە.

هـەریـەک لەم بەشـــانەی وەزارەتـی بەرگــری و هێــزە چەکــدارەکــان پێکـهاتەیـەکی ڕێکخـسـتنی هاوشـێـوەیان هەیە، بەجـۆرێک گـوتیـاری ڕەسمی لە لووتکەدا دەبێ و ڕێکخستنە لاوەکییەکان لە خوارەوەیدا. بۆ نموونە، فـەرمـانگەی کـاروباری گـشـتی سـەر بە سـەرۆکی دەسـتـەی ئـەرکـــانی هـاوبەش بـەڕێوەبـەرێکی هەیە، کـــە گـــەورەی ڕاوێژکـــارە سـەربـازییەکانی سەرۆکە و، سـەرپەرشتی پێوەندییـەکان دەکات لـەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پلاندانان و پێوەندییـەکان لەگەڵ کۆمـەڵگە و بەشـەکانی زانیاری سـەرکردایەتی. لە کاتێکدا بەڕێوەبەری کاروباری گشتی ئەو بەرپرسـەیە کە گوتیارە ڕەسمییەکانی بەشە جیاجیاکان لە ژێر دەســتـیـدان، ئەو گـوتیـارانە ڕێنوێنیـیـەکـانیش لە نووسـینگەی کاروباری گشتیی سەر بە وەزیری بەرگری وەردەگرن.

وەزارەتی دارایی:

یاریدەدەری وەزیری دارایی بۆ کاروباری گشتی بەرزترین بەرپرسی گەیاندنە لە وەزارەتی داراییی ئەمریکا و، ڕۆڵی سکرتێری ڕۆژنامەوانی وەزیری دارایی دەبینێ و، نووسینگەکە بەڕێوە دەبات و ستراتیجییەتی دوورمەودای وەزارەت ئامادە دەکات. هەروەها سەرپەرشتی نووسینگەی فێربوونی گشتی دەکات، کە کاریان ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی ئاگەدارکردنەوەی خەڵکە لە ڕووداوە تازەکاندا.

جێگری یاریدەدەری وەزیری دارایی بۆ کاروباری گشتی لە ژێر دەستی یاریدەدەری وەزیر کار دەکات و، بەناوی ئەوەوە قسە دەکات و هاوکاری پێشکێش دەکات. بەرپرسی سێیەم لەو نووسینگەیەدا، بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری گشتییە، کە شارەزایانی بواری ڕۆژنامەوانی و وێنەگرانی وەزارەت و ئەو کارمەندانەی کە کاریان پارچەکردن و برینی ڕۆژنامەکانە، بەڕێوە دەبات. هەروەها بەڕێوەبەر یارمەتیی جێگری یاریدەدەری وەزیری دارایی دەدا. بەڕێوەبەر سەرپەرشتی چوار بەرپرسی ڕۆژنامەوانی دەکات کە هەندێکیان بۆ بوارە سیاسییە جیاوازەکان لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتدا تەرخان کراون، ئەوانیش: نووسینگە نێودەوڵەتییەکان، نووسینگەکانی جێبەجێکردن، نووسینگەکانی باج و سیاسەتی ئابووری هەروەها نووسینگەکانی داراییی نێوخۆیی.

وەزارەتی فێرکردن:

بەڕێوەبەری گەیاندن لە وەزارەتی فێرکردنی ئەمریکایی سەرپەرشتی

پێوەندییەکان لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و، پێوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و بەدواداچوونە گشتییەکان دەکات. بەڕێوەبەر دانەری ستراتیجییەتی پێوەندییە دوورمەوداکانە و لەگەڵ ڕۆژنامەوانیدا قسە ناکات تەنیا لە بۆنە دەگمەنەکاندا نەبێ. لە خوارەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گەیاندن، سکرتێری ڕۆژنامەوانی هەیە کە بەناوی وەزیری فێرکردنەوە قسە دەکات و نووسینگەی ڕۆژنامەوانی بەپێی سیستەمی پسپۆڕێتی بەڕێوە دەبات، بەجۆرێک یەکێک لە پسپۆڕانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەبواری فێرکردنی سەرەتایی و دواناوەندی مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا دەکات و، یەکێکی تر لە بواری فێرکردنی پیشەیی و فێرکردنی گەورانە، یەکێکی تریش لەبواری فێرکردنی تایبەت .. هتد. هەروەها یەکەیەک هەیە بۆ نووسینەوەی گوتار و، نووسینگەی کاروباری گشتی لە ژێر دەستی بەڕێوەبەرایەتی جێگری بەڕێوەبەری پێوەندییەکاندایە.

# بەشی چوارەم

## پلانی گەیاندن

هەنگاوی یەکەم لە گەیاندنێکی سەرکەوتوو لەگەڵ جەماوەردا خۆی لە دانانی پلان و ئاراستەکردنی پەیامەکەت دەبینێتەوە. پەیامەکەشت لە ئامانجێکی خوازراو بۆ جێبەجێبوونی پێک دێ، وەک ڕازیکردنی کەسێک بەئەنجامدانی کارێک یان پشتگیریکردنی شتێک. ئەمەش واتە دیاریکردنی بیرکردنەوەکانت بەشێوازێک کە لە لایەن ئەوانی ترەوە ویستراو و تێگەیشتراو بێ. بۆنموونە، ئەگەر ویستت هاووڵاتیان باجی کەمتر بدەن، پەیامەکەت بریتی دەبێ لە کەمکردنەوەی باج بەمەبەستی چالاککردنی ئابووری. بەڵام، بۆچی ئەم پەیامە بۆ جەماوەر ناخەیتە ڕوو و ناهێڵی بە ڕێڕەوە سروشتییەکەی خۆیدا بڕوات؟ چونکە ئەگەر وات کرد ئەگەری هەیە هیچ شتێک وەدی نەهێنی.

تۆ سواری ئوتۆمبێلێک نابیت و ناژووی بێ ئەوەی بزانیت بۆ کوێ دەڕۆیت، یان ئەو ڕێگەیانەی کە پێیدا تێپەڕ دەبیت و، چی دەکەی ئەگەر بگەیتە شوێنی مەبەست و، ئەو کەسانەی کە دوای گەیشتنت دەتەوێ بیانبینی. ئەمە بەهەدەردانی کات و توانا و سووتەمەنیشە. تۆ پێویستت بە پلان هەیە بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی دەڕۆیت و، چۆن دەگەیتە جێ و، تەنانەت چی ڕوو دەدا ئەگەر تووشی ڕووداوێکی ئوتومبێل یان هەر ڕووداوێکی تر بووی کە ڕێگر بێ بۆ پلانەکەت.

ئەمەش لەسەر ئامادەکردنی پەیام ڕەنگ دەداتەوە و، دانانی لە چوارچێوەی پلانی گەیاندن و داڕشتنی هەڵمەتی میدیایی بۆ جێبەجێکردنی و، هەڵسەنگاندنی ستراتیجییەت لەمیانەی پرۆسەی جێبەجێکردندا. ئەگەر زانیاریت لەبارەی چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکەت نەبێ، نایگەیتێ.

بۆ نموونە، ئەگەر ئارەزووت لێ بوو گۆڕانکاری ئابووری لە شێوازی بەڕێوەبردنی حکوومەتدا بکەی، پێویستت بەوەیە بزانیت بۆچی پێشنیازی ئەو کارەی دەتەوێ بیکەی، دەیکەی، کاریگەری چی دەبێ، ئەو لایەنانە کامانەن کە پێی کاریگەر دەبن، چەند پارەی تێ دەچێت، چۆن دەزانیت بەرنامەکە ئامانجی خۆی پێکاوە یان نا، ماوەی چەندت پێویستە بۆ هاتنە دی ئامانجەکە. پلانی گەیاندن نەخشەتە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت، هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەو ڕێگەیەیە کە دەتگەیەنێتە ئەو ئامانجە.

## پەیامەکە لە سەرکردەوە دەست پێ دەکات

نووسینگەی کاروباری گشتی و نووسینگەی ڕۆژنامەوانی حکوومی، پلان بۆ هەڵمەتی میدیایی دادەنێن و جێبەجێی دەکەن، بەڵام ئەمە نایەتە دی مەگەر تەنیا سەرکردەی حکوومەت بەشدار بێ و ئامانجی روونی پێشکێش کرد. گەشەپێدانی ئامانج و بابەتەکان پشت بە نووسینگەی ڕۆژنامەوانی نابەستێ. لە ڕەوشێکی نموونەییدا، گەورە بەرپرس بە هاوکاریی سکرتێرە ڕۆژنامەوانییەکەی و گەورە فەرمانبەرانی، ٣-٥ ئامانج یان بابەتی دیاریکراو ئەوەی ئەو دەیەوێ لە مەودایەکی دووردا بەدی بێ، بەڕوونی دەستنیشان کرد بۆ نموونە، تا کۆتاییی ساڵ یان کۆتاییی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی. «زیاتر لە

پێنج بابەتی سەرەکی دەتوانێ زیاتر بێ لەوەی جەماوەر بتوانێ وەری بگرێت». نموونەیەک لەم بارەیەوە، ئەمە پێنج بابەتە کە دەوڵەتێک تازە دیموکراسییەتی لێ بڵاو بووبێتەوە، ڕەچاوی کردبێ: هانی یەکێتیی ئەورووپا بدە تا چاکسازی سەربازی بکات بۆ ئەوەی لە ئەندامێتی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی زیاتر نزیک ببێتەوە و، چاکسازییە کشتوکاڵییەکانیش بەرەو پێش ببە.

پێویستە دووبارە دیاریکردنەوەی بابەتەکان بەڕوونی بێ و بکرێنە خاڵی سەرەکیی حکوومەت و، پێویستە بەپێی توانا جەخت لەسەر هەر ڕێوشوێنێک بکرێتەوە، کە بەرپرسێک لە گوتاردان و چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنییەوە تا بە پاڵپشتیکردنی یاسا دەگات، لەبارەی ئەو ئامانجە دوورمەودایانە دەیگرێتە بەر. بەدڵنیاییەوە پێویستە بەرپرس بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژە چاوەڕواننەکراوەکاندا لە کاتی پەیدابوونیاندا نامە کورتمەوداکان گەشە پێ بدا، بەڵام ئامانجە گشتگیرەکان پێویستە دووبارە ببنەوە و دەبێ بەردەوام بۆی بگەڕێیتەوە. پەیامی جێگیر زۆر بەسوود دەبێ کاتێک پرسێکی نوێ ڕەزامەندیی جەماوەری دەوێ، گەلێک جار خراپ لێکگەیشتنیش لە ئاکامی بەردەستنەبوونی زانیاریی سەرەکی و گفتوگۆکان دروست دەبێت. بەمەش پێویستە لەسەر حکوومەت پێوەندی ڕوون و دووبارە و کراوە لەبارەی پرسەکە بەردەست بخات، بۆ ئەوەی لێکگەیشتن و ڕەزامەندیی جەماوەریی بۆ ئامانجەکانی بهێنرێتە دی.

گەلێک جار سەرکردە حکوومییەکان کاتێک فێری ئەمە دەبن کە لەم بارەیەوە باجێکی گران دەدەن، واتە کاتێک بۆ پۆستەکانیان هەڵنابژێردرێنەوە. لە یەکێک لەو وڵاتانەی کە تازە دیموکراتییەتی لێ

پەیڕەو دەکرا، ڕاپرسییەکان دەریانخست کە هاوولاتییان دەیانزانی بەدەست هەندێک ئاستەنگی ئابوورییەوە دەناڵێنن پێش ئەوەی ئابوورییان باش بێ، بەڵام نەیاندەزانی ئەمە بەشێکە لە پلانی سەرکردە حکوومییەکان. حکوومەت هیچ پەیامێکی بەڕوونی دیاری نەکردبوو، بەرپرسە حکوومییەکان ڕایان گەیاندبوو کە دەیانەوێ ئابوورییەکی بەهێزتریان هەبێ، بەڵام ئەو هەنگاوانەی دیاری نەکردبوو کە پێویستە بگیرێنە بەر بۆ گەیشتن بەوە، بۆچی ڕێوشوێنە دیاریکراوەکان گیرانە بەر، چۆن پلانەکەیان جێبەجێ دەکەن، چاوەڕوان دەکرێ کەی ڕەوشەکە باش بێ، کێ بەمە کاریگەر دەبێ و چۆن، گەورەترین کاریگەری لەم بارەیەوە لە کوێ دەبێ؟ لەجیاتی ئەوە بایەخەکانیان لەسەر ئەنجوومەنی یاسادانان چڕکردەوە و دیاریکردنی کارنامەیان بۆ ڕۆژنامەکان بەجێ هێشت. پرسەکە بۆ جەماوەر وەک ئەوە وابوو کە لە تەنگژەیەکەوە بکەونە ناو تەنگژەیەکی تر.

### دانانی پلانی گەیاندن

دوای دانانی پەیامەکە و دیاریکردنی ئامانجەکان، نووسینگەی ڕۆژنامەوانی حکوومی پلان دادەنێ، بۆ ئەوەی تێڕوانینی سەرکردە بۆ واقیع بگۆڕێ. هەنگاوی یەکەم خۆی لە توێژینەوەکان دەبینێتەوە کە هەمیشە لە لایەن کارمەندانی گەیاندنی درێژخایەنەوە ئامادە دەکرێ، لەبارەی چۆنیەتی وەدیهێنانی ئامانجەکان و، ئەمە لە مەودا ناوەند و دوورمەودا چی دەگەیەنێ. دوای دیاریکردنی ئامانجەکان و ئەنجامدانی توێژینەوە، فەرمانبەرە ڕۆژنامەوانەکان دەکارن لە پێوەندییە گشتییەکان ورد ببنەوە، ئەمەش هەڵسەنگاندنێک دەبێ بۆ ئەوەی لە لایەن ئەوانەی لە ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخراوەکەن چۆن

دەروانرێتە ڕێوشوێن و ئامانجەکان. ئەمەش خۆی لە گفتوگۆکردن لەگەڵ گەورە بەرپرسە حکوومییەکاندا دەبینێتەوە، بەمەبەستی سوودبینین لە تێڕوانینیان لەبارەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕێکخراوەکەیان بەرامبەر بەرنامە یان پلانێکی دیاریکراو و، قسەکردن لەگەڵ جەماوەر بۆ دیاریکردنی تێڕوانینەکانی. دوای هەڵسەنگاندنی هەردوو وێنابینینەکە ڕێی تێ دەچێت لیستێک بۆ دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان ئامادە بکرێت، دواتر پلانێک لەبارەی چۆنیەتی سوودبینین لە خاڵە بەهێزەکان و چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکان دابنرێت.

دانانی پلانی پێوەندییەکان بەبێ پرۆسەی وردبینینیش دەکرێ. بە بابەتەکان دەست پێ بکە. بڕیار بدە لەوەی دەتەوێ تا کۆتاییی ساڵ یان ماوەی یاسادانانداا، یاخۆ کۆتاییی ماوەی دەسەڵاتداری وەدی بهێنی.

پەرە بە پەیامێکی چڕوپڕ ڕوون بدە و، ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە:

- زانیارییەک لەبارەی پرەنسیپەکانەوە هەیە؟
- ئەو ئامانجانە چین کە دەمەوێ وەدییان بهێنم؟ ژمارەیەکی واقیعی هەڵبژێرە -با بۆ زیاتر لە پێنج ساڵ نەبێ- بۆ چڕبوونەوەی زیاتر لەسەری، پاشان بە ئارەزووی خۆی دابەشی بکە بۆ وەدیهاتنی، جا بۆ ئەمساڵ بێ یان ساڵی داهاتوو، یاخۆ زیاتر؟
- لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چیم دەوێ کە بیگوازێتەوە؟
- ئەو پەیامە داواکراوانە چییە لە ئافرەتان، قوتابیان، بەتەمەنەکان، سەربازان و تاکەکانی تری جەماوەر؟
- ئەو ستراتیجییەتە مێدیاییە چییە کە هەر پەیامێک دەگوازێتەوە؟

لەوانەیە بڕیار بدەی کە حەفتانە لە بابەتەکە دڵنیا ببیتەوە. دەتوانی بابەتگەلی لاوەکی لە چوارچێوەی هەر بابەتێکی گشتگیر دابنێی. بۆ نموونە، ئەگەر باشکردنی فێرکردن بابەتێک بێ، بابەتە لاوەکییەکان بریتین لە فێرکردنی مامۆستایان، بەشداری پێکردنی زیاتری باوکان لە سیستەمی فێرکاری، درێژکردنەوەی ڕۆژ یان ساڵی خوێندن... هتد.

لە دەستپێکردن بەم جۆرە شرۆڤەکردنە دەتوانیت هەڵمەتێکی میدیایی دابڕێژیتەوە، کە دەتوانیت لە فێرکردنی خەڵک و کاریگەریکردنە سەر ڕای گشتی و، ڕازیکردنی سەرکردەکانی ڕا و، چالاککردنی گفتوگۆ و، هاندانی خەڵک بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنێک، سوودی لێ ببینی.

"دی دی مایرز" گوتیاری پێشوو بەناوی کۆشکی سپی دەڵێ "بۆ ئەوەی گەیاندنێکی کارا لە ئارادا بێ، دەبێ پێویستییەک دیاری بکەیت و، پێشەنگێتی بۆ گرینگترین شت دابنێی و، بڕیار بدەی ئەو شتە چییە کە دەتەوێ بیگەیەنیت و بە جەماوەرەکەتەوە پێوەستی بکەیت، دواتر دووبارەی بکەیتەوە". هەروەها دەڵێ: "ناتوانیت هەموو شتێک بڵێی، پێویستە بڕیار بدەی گرینگترین شت کە چییە بیڵێی و، جەخت لەسەر ئەو لایەنە بکە کە قسەکەی بۆ دەکەی و، بە زمانێکی لۆجیکی سەبارەت بەوان بدوێ. پێویستە جارێکی تر پەیامەکە دووبارە بکەیتەوە، چونکە خەڵکەکە سەرقاڵن و چەندین زانیاری ئاراستەکراویان لە بەردەستە کە لە ماوەی هەواڵەکانی ڕۆژدا دەیانگاتێ".



مارگریت سولیفان (٥)

### ئامادەکردنی هەڵمەتێکی میدیایی

لە کاتی ئامادەکردنی هەڵمەتێکی میدیایی، پێویستە ئەم هەنگاوانە پەیڕەو بکەیت:

- لەبارەی چۆنیەتی گەیشتن بە خەڵک پلانێک ئامادە بکە.
- پلانەکە بۆ چەند ئەرکێک دابەش بکە.
- خشتەیەکی کاتی لەبارەی کێ و چی و کەی ئامادە بکە، پاشان بە بەردەوامی نوێی بکەوە.
- سەرپەرشتیارێک بۆ چاودێریکردنی ئەرکەکە دابنێ، تاکو دڵنیا بێ لەوەی کارەکە بەپێی خشتە کاتییەکە بەڕێوە دەچێت.
- لە کاتی پێویستدا ئامانج و دوا کاتە دیاریکراوەکان بگۆڕە.
- بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەگەڵ بەشداربووانی پلانەکە کۆ ببەوە، هەر لە سکرتێری ڕۆژنامەوانییەوە تا دەگاتە سەرۆکی دەستەی فەرمانبەران و، ڕێکخەری خشتە کاتییەکە و نووسەری گوتارەکان، هەروەها یاریدەدەری یاسادانەریی.
- لەگەڵ گرووپەکەدا ڕەزامەندیت لەسەر پلانەکە دەرببڕە.
- پلانەکە جێبەجێ بکە.
- بۆ پاڵپشتی لە بابەتەکان، ڕووداوەکان بەکار بهێنە.
- ئامانجەکان لە یاساکاندا دابنێ.
- لە گوتارەکاندا جەخت لەسەر ئامانجەکان بکەوە.
- لای جەماوەرە جیاوازەکەت بابەتە لاوەکییەکان لە پەیامەکەت بکەرە ئامانج.
- ئەو کەس و شارەزایانە بەکار بهێنە کە لە دەرەوەی

ڕێکخـراوەکەتدان، بۆ پێشـکێشـکردنی هەمـان پەیامی پێـوەست بە ئامانجەکانت وەک ئەوەی خۆت ئەنجامی دەدەی.

– وەڵامی پێنج پرسـیارە کـلاسـیکییـەکەی هـەواڵ بدەوە، بۆ یارمەتیـدان لە گۆڕینی تێڕوانینەکەت بۆ پەیامێک کە بە ئاسانی لێی تێ بگەن.

سـەبارەت بە دوا خـاڵ، پێـویسـتـە ئامـادەباش بیت بۆ ڕاگـەیاندن بە خەڵک بەم پێیە:

– بەرنامەکە چییە؟

– چی وای لێ دەکات داواکراو بێ؟

– چۆن کاریگەری لەسەریان دەکەیت؟

– لە مەودایەکی کورتدا چی ڕوو دەدا؟

– لە مەودایەکی درێژدا چی ڕوو دەدا؟

– چی وای لێ دەکات جیاواز بێ لەوەی کە ڕوو دەدا؟

– بەرپرسێتی حکوومی لە بەرنامە نوێیەکە چییە؟

– ماوەی دیاریکراو چەندە و کەی گۆڕانکاری ڕوو دەدا؟

– ئەگەر سەرکەوتن وەدی نەیەت چی ڕوو دەدا؟

– جەماوەر چۆن دەزانێت کە سەرکەوتنی وەدەست هێناوە؟

– ئەو ڕێوشوێنانە چین کە داوا لە جەماوەر دەکرێت ئەنجامی بدەن؟

"مـارلین فیـتـزواتر" سکرتێری پێشـووی ڕۆژنـامەوانی کۆشکی سـپی دەڵێ: یەکێک لە ئامرازەکانی بەردەوامێتی چیرۆکەهەواڵەکەت ئەوەیە، کە گفـتوگۆ بکەی لەبارەی ئەوەی دەیڵێی، ئینجا بیـڵێ، دواتر گفـتوگۆ لەبارەی ئەوەی کە گوتووتە بکە.

**باشترین پێنج ئامۆژگاری**

- بۆ دیاریکردنی پلانە ڕوونەکان لەگەڵ سەرکردە و گەورە فەرمانبەرەکان هاوکار بە. بەمەبەستی گەشەپێدانی ئەو ئامانجانە و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەیان زۆر کۆ ببەوە.
- ڕاگەیاندراوێکی تایبەت بە پرەنسیپ و ئامانجەکان ئامادە بکە. پلانە مێدیاییەکە لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێبوونی دابنێ.
- لە کاتی گەشەپێدانی پەیامەکە بۆ جەماوەر، وەڵامی پێنج پرسیارەکە بدەوە.
- پلان دابنێ بەوەی چۆن بەرنامەکە و، مەودای سەرکەوتن و نشووستییەکەی هەڵدەسەنگێنی.
- پەیامەکە بخەرە ناو هەر شتێک کە بەرپرسە حکومییەکە دەیکات.

# بەشی پێنجەم

## گەشەپێدانی پەیام

دوای ئەوەی ئامانج و بابەت و پلانی پێوەندییەکی گشتگیر دیاری دەکەیت، سەرکەوتن و نشوستی بۆ جێبەجێکردنی بە ڕێگەیەکی ڕێکخراو و تیۆروتەسەل لەسەر توانات دەوەستێ. لێرەدا هەندێک شێواز دەخەینە ڕوو کە لەم قۆناغەدا سوودمەندییەکەی دووپات بووتەوە:

دەفتەری ساڵانە: مانگ بە مانگ تەماشای دەفتەرە ساڵانەکەت بکە و ڕووداوە سەرەکییی دووبارەبووەکانی تێ بکە. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، بۆ نموونە، سەرۆک گوتارێک لەبارەی "ڕەوشی یەکێتی" ئاراستەی نەتەوەکەی دەکات، ئەمەش وەک هەمیشە لە مانگی کانوونی دووەم دەبێ، لەوکاتەی کە بودجەی ساڵانە ڕادەگەیەنرێ. هەروەها لە هاویندا گرووپەکانی حەوت و هەشت کۆ دەبنەوە و، لە پاییزیشدا خولی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەسترێ. ئەم ڕووداوە گرینگە دووبارە بووانە لە دەفتەری ڕاگەیاندنی کۆشکی سپی سەبارەت بە دووبارەبوونەوەی بابەتە سەرەکییەکان، بە بۆنەی سەرەکی دادەنرێن.

لەوانەیە بابەتە سەرەکییەکانت لە چوارچێوەی ڕووداوە دووبارەبووە هاوشێوەکاندا بگونجێ. ئەگەر پسپۆڕێتی ئامانجێک بێ، بۆنموونە، دەکرێ ئەوە لە گوتاری بودجەی ساڵانەدا بابەتێکی سەرەکی بێ.

بابەتێکی ناوبەناو هەڵبژێرە: دوای ئەوەی ڕووداوە گرینگەکان

دەفتەرەکە پڕ دەکاتەوە، بابەتێک بۆ چەند ماوەیەکی کاتی دیاریکراو هەڵبژێرە، وەک حەفتە یان مانگ لەبارەی یەکێک لە پێنج ئامانجەکە، بۆ ئەوەی ڕێگەت پێ بدرێ بە نۆرەگرتنی ڕووداوە گرینگەکان لەگەڵ بابەتەکانت، بۆ نموونە، لە حەفتەیەکدا چاکسازی کشتوکاڵییە و، دەتوانێ ڕووداوگەلی جیاواز کە مۆرکی کشتوکاڵی پێوە بێ جێ بکەیتەوە. لەوانەشە لە حەفتەی داهاتوو بابەتەکە چاکسازیی خزمەتگوزاریی مەدەنی بێ و، چالاکی گونجاو بۆ ئەو بابەتە ڕێک دەخرێ.

دەفتەری گشتگیر ئامادە بکە: بۆ هەر حەفتەیەک بابەتێک لەسەر دەفتەرەکە بنووسە بەجۆرێک چەند بارە نوێ بکرێتەوە، چونکە ڕووداوی پلان بۆ دانراو دەردەکەون و پێویستە بیگوازییەوە.

بۆ هەر بابەتێک پەیامێک هەڵبژێرە و پەرەی پێ بدە: بۆ نموونە، ئەگەر بۆ حەفتەی دووەم لە مانگی کانوونی دووەم بابەتەکە چاکسازیی کشتوکاڵی بێ، دەتوانیت پەیامێک پەرە پێ بدەیت کە لەبارەی ئەو بابەتە بێ. لەوانەشە بۆ هەر بابەتێک چەند بابەتێکی لاوەکی هەبێ. بۆ نموونە، لەوانەیە یەکێک لە بابەتە لاوەکییەکانی چاکسازیی کشتوکاڵی، یارمەتییە داراییە کشتوکاڵییە گۆڕاوەکان لە حکوومەتەوە بێ. لەوانەیە بابەتێکی تری لاوەکی، ئامرازە نوێیەکان بۆ زیادبوونی بەرهەمی جوتیاران بێ. لەمیانەی نیوەی دووەمی مانگی کانوونی دووەم، واتە کاتێک بابەتی چاکسازیی کشتوکاڵی، بابەتی لاوەکی بۆ یارمەتییە داراییە کشتوکاڵییە گۆڕاوەکان دووپات دەکاتەوە. دەتوانیت حەفتەکانی تری ئەو مانگە بە بابەتە سەرەکییەکانی تر پڕ بکەیتەوە. پاشان لە مانگی شوباتدا بگەڕێیتەوە بۆ بابەتە کشتوکاڵییەکە، لەوانەیە بۆ دڵنیابوون لە بابەتە لاوەکییەکەی

زیادکردنی بەرهەمی جوتیاران بێ. لە مانگی ئاداردا سەرلەنوێ جەخت لەسەر بابەتێکی لاوەکی کشتوکاڵی تر دەکەیتەوە، لەوانەیە بۆ یارمەتییە داراییە کشتوکاڵییە گۆڕاوەکان بگەڕێیتەوە.

کاتێک بابەتێک هەڵدەبژێری، دڵنیابەوە لەوەی کە بە یاسا یان ڕێوشوێنێکی حکوومی پێوەستە. بۆ نموونە، ئەگەر ئەمساڵ حکوومەت نیازی چاوخشاندنەوە بە چاکسازییە کشتوکاڵییەکانی هەبێ، دەتوانیت جەخت لەسەر ئەو بابەتە بکەیتەوە پێش ئەوەی هەر دەنگدانێک لەبارەی کشتوکاڵەوە لە پەرلەمان بدرێ.

دڵنیابەوە لەوەی پەیامەکەت سادە و ڕوون و ڕاستەوخۆیە. بیر بکەوە کە دەتەوێ ناونیشانی سەرەکی لە ڕۆژنامەیەکدا کە پێی پێوەستە چۆن دابڕێژرێتەوە و، چۆن یەکەم بڕگەی هەواڵەکە بنووسیتەوە، ئەمە بۆ باشکردنی پەیامەکەت یارمەتیدەرت دەبێ.

بۆ دڵنیابوون لێی دەتوانی سێ خاڵ هەڵبژێریت، بۆ نموونە، لەو پەیامەی لەبارەی کەمکردنەوەی یارمەتییە کشتوکاڵییە حکوومییەکانە، لەوانەیە بوونی زیاتر لە سێ خاڵ سەرلێشێواندنێک دروست بکات و ببێتە هۆی لە بیرکردنی. پێویستە بەردەوام بەدرێژاییی حەفتە، خاڵەکانت دووبارە بکەیتەوە. بۆ نموونە، دەتوانی بڵێی کەمکردنەوەی یارمەتییە حکوومییەکان دەبێتە هۆی:

١- بوار دەدا بە زیاتر خەرجکردن لە داراییی حکوومەت بۆ بەرنامەگەلی تر کە پێویستی پێیەتی.

٢- بوار بۆ وەبەرهێنانی بیانی زیاتر لە کشتوکاڵدا دەکاتەوە.

٣- وەبەرهێنانی تایبەتی زیاتر دەکات و کشتوکاڵ قازانجتر و چالاکتر دەکات.

**جەماوەر و ڕێکخراوە مێدیاییەکانت و پێگەکانیان دیاری بکە**

ئەم پرسیارانە بخەرە ڕوو:

دەتەوێ کێ گوێی لەم پەیامە بێ؟ لەوانەیە جەماوەری تایبەتیت هەبێ، وەک بەتەمەنەکان یان قوتابیان یاخۆ ئافرەتان، هەریەک لەوانە پێویستی بە پەیامێکی جیاواز دەبێ. ئەو ڕێکخراوە مێدیاییانە کامانەن کە پێویستە پەیامەکەتیان پێ بگەیەنیت؟ ئایا لە پارتێکی سێیەم هاوپەیمان هەیە بتوانێت پەیامەکەت دەوڵەمەند بکات؟ ئەگەر پەیامەکەت لەبارەی کشتوکاڵ بێ، ئەو کۆمەڵە جوتیارانە کامانەن کە دەتەوێ پێیان بگەیت؟ کامەن ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە هەموو بایەخی خۆیان ئاراستەی ئەو گرووپانە دەکات؟ شوێنێکی وا هەڵبژێرە بۆ گواستنەوەی پەیامەکەت کە کاریگەری تەماشاکردنی لەسەر هەبێ. تەنیا لە نووسینگەکەتەوە پەیامەکەت مەگوازەوە. وا بکە پەیامەکەت بینراو بێ و پێوەندیدار بێ بەوەی کە دەتەوێ بیڵێی. ئەگەر لەم حەفتەیەدا بابەتەکەت کشتوکاڵە، ئەوا پەیامەکەت لە ڕۆژی دووشەممە لە هەرەوەزی کشتوکاڵی بڵاو بکەرەوە و، ڕۆژی سێشەممە سەردانی خێزانێکی جوتیار دەکەیت و، ڕۆژی دواتر لە بەردەم پەرلەمان گوتارێک لەبارەی کەمکردنەوەی یارمەتییە داراییەکان دەخوێنیتەوە، ڕۆژی پێنجشەممەش سەردانی کارگەیەکی پەینی کیمیاوی دەکەی و، بۆ ڕۆژی پاشتر لە بەردەم وەبەرهێنەرە کشتوکاڵییەکان گوتارێک پێشکێش دەکەی. بۆ گواستنەوەی هەموو ئەو ڕووداوانە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بانگهێشت بکە.

لیستی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن: لیستی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی

تایبــەت بە خـۆت بخــەرە ڕوو، بۆ ئەوەی دیاری بکەی کـامـەیان زیاتر بایەخـی بە چیـرۆکـەهـەواڵەکـەت داوە. ئەگـەر چیـرۆکـەهەواڵەکـەت بە سـروشتی خـۆی کشتوکاڵی بوو، پلان دابنێ بۆ پێوەندیکردن بەوانەی کە تایبـەتن بە ئامـادەکردنـی کـاروباری کشـتـوکـاڵی و بە ڕۆژنامـەوانە سـیـاسـیـیـەکـانـەوە. ڕۆژنامـەوانیی تایبـەتمەند وەک کـۆوارە پـیشـەیـیـە کشـتـوکـاڵیـیـەکـان کـە جوتیـاران بەردەوام دەیخـوێننەوە، لـە بیر مـەکـە. ڕۆژنامەوانەکان لەنزیکەوە بناسە و بزانە ئاخۆ بە ئەرێنی یاخۆ نەرێنی چیرۆکەهەواڵەکەت بڵاو دەکەنەوە.

بە قـۆناغ بیـر لـەوە دەکـەیتـەوە کـە دڵنیـا بیت لـەوەی پەیامـەکـە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕۆژنامـەکان دووبارە دەبێـتەوە. لە هـەڵمـەتی ڕۆژنامـەکاندا دەتوانیت جەخت لەسـەر ئەمانەی خوارەوە بکەیتەوە:

- ڕۆژی یەکەم، هـەواڵە گرینگەکان لە چیرۆکەهـەواڵەکە.
- ڕۆژی دووەم، هـەواڵی گوتار "خێزانی جوتیار" بۆ چیرۆکەهـەواڵەکە.
- ڕۆژانی سێیەم و چوارەم، گوتارێک لە لاپەڕە یەکەم.

ڕاپۆرتـە هـەواڵە گـرینگەکـان بەزووترین کـات کـۆمـەڵێک ڕاسـتی بنەڕەتی بۆ خوێنەر دەگوازنەوە، ئەمـە لە گوتاردا روونادات. لە گوتاردا مـــەبەست لـە پێـــشـــەکی یان ســـەرەتای چیـــرۆکــەهـەواڵەکـــە بۆ سەرنجڕاکێشانە، بەڵام لەبارەی چیرۆکەهـەواڵی گرینگ لە پێشەکیدا زانیـاری لەبارەی پێنج پرسـیـارەکـە دەخـەیتـە ڕوو. گـوتار، ڕاسـتـیـیـە بنەڕەتییەکان بە وردەکارییەوە دەوڵەمـەند دەکات، بەجـۆرێک وێنەیەکی تەواو لەبارەی ڕووداو یـان کـەسـێک دەخـرێتـە پێش چاوی خـوێنەر. لە چیرۆکەهـەواڵدا زاراوەی "مێزی نووسـینگە" بەکار دەهێنرێ، کـەچی لە گوتاردا "مێزی ڕەنگ گێلاسی نووسینگە" ئاماژەی پێ دەدرێ.

کاتێک دەتەوێ پەیامەکەت دووبارە ببێتەوە، ئەوا بڵاوبوونەوەی لە بەشە جیاجیاکانی ڕۆژنامە و بەشێوەی جیا گەلێک جار بەسوود دەبێ. بۆ نموونە، کاتێک دەستەی بەخشینی نەتەوەیی ئەمریکایی بۆ کاروبارە مرۆییەکان هەڵمەتێکی گرتە ئەستۆ کە پێوەستە بە تاقیکردنەوەی قوتابیانی زانکۆکان و زانیارییان لەبارەی مێژوو و ئەدەب، هەڵمەتێکی مێدیایی دەستی پێ کرد بەجۆرێک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەشە جیاجیاکانی ڕۆژنامەکەدا هەواڵەکان بڵاو دەبنەوە. بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی سەرەتا بۆ ڕۆژنامەوانە بەرپرسەکان لە هەواڵی گرینگ پاشان بۆ نووسەرانی وتار و سەروتارەکان بە پۆست دەنێردرێ. گرووپی دووەم لەو ڕۆژەی کە هەواڵە گرینگەکان بڵاو بوونەوە، بابەتەکانیان دەستکەوت. چیرۆکەهەواڵەکە لە ڕۆژی یەکەم لەبارەی دەرەنجامی تاقیکردنەوەکان لە جۆری هەواڵە گرینگەکان بوو. چیرۆکەهەواڵەکە لە ڕۆژی دووەم برێتی بوو لە گوتار لەبارەی تاقیکردنەوەکە دەقی تەواوی تاقیکردنەوەکەی لەخۆ گرت، بۆ ئەوەی خوێنەران تاقیکردنەوەکە و چیرۆکەهەواڵەکە ڕەچاو بکەن لەبارەی ئاستی زانینی قوتابیانی زانکۆکان، کاتێک ڕۆژنامەوانان سەردانی زانکۆ نێوخۆییەکانیان کرد بۆ تاقیکردنەوەیان. لە ڕۆژی سێیەم سەروتاری ڕۆژنامەکان ئەو دەرەنجامەی خستە ڕوو کە دەستەی بەخشینی نەتەوەیی بۆ کاروبارە مرۆییەکان پێی گەیشتبوو. لە ئاکامدا گواستنەوەیەکی بەرفراوانی لێ کەوتەوە لە بەرژەوەندی دەستەکەدا.

چۆن پەرە بە دەفتەر دەدەیت:

ئەو بابەتە دەستنیشان بکە کە دەتەوێ بڵاوی بکەیتەوە، چ

ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی بێ یان خوێنراوی مێدیایی، بۆ نموونە، لەو ڕۆژەی کە پەیامەکەتی تێدا ڕادەگەیەنی.

- بگەڕێرەوە دواوە بۆ پڕکردنەوەی دەفتەرەکەت و ئەرکەکان دەستنیشان بکە. بۆ نموونە، ئەگەر لە ڕۆژی ڕاگەیاندندا پێویستت بە پەنجا ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی هەبوو، پێشوەختە پێویستت بە چەند ڕۆژە بۆ ئامادەکردنی؟ چەند ماوەت پێویستە بۆ چاپکردنی؟ ئەمە بخەرە سەر دەفتەرەکە، پاشان کەسێک بۆ نووسینەوەی ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکە ڕابسپێرە و، دوا کات بۆ نووسینەوەی دیاری بکە، هەروەها دوا کات بۆ پێداچوونەوەی لە لایەن سەرۆکی ئەو کەسە و، دوا کات بۆ چاپکردنی و، دوا کات بۆ خستنە نێو خوێنراوی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ بابەتەکانی تردا دەستنیشان بکە.
- هەروەها دوا کات بۆ تەواوکردنی لیستی ڕۆژنامەوانی ئامانجدار بنووسەوە و، ئەو کەسە دەستنیشان بکە کە ئەو لیستە ئامادە دەکات. دوا کات بۆ تەواوکردنی وتەی بەرپرسەکە ئاماژە پێ بدە، هەروەها کەی پێویستە چاو بە ڕاگەیاندراوەکەی بخشێنرێتەوە و، لە لایەن کێوە دەبێ؟
- هەر ئەرکێکی تر کە پێویست بە جێبەجێکردن بکات، بینووسەوە. هەر ئەرکێک بە کەسێک بسپێرە بۆ ئەوەی تەواوی بکات و دوا کات بۆ هەریەکەیان دیاری بکە.
- بە بەردەوام چاو بە دەفتەرەکە بخشێنەوە بۆ ئەوەی لە پابەندبوون بە دوا کاتە دیاریکراوەکانەوە دڵنیابیتەوە.

بابەتە نووسراوەکان:

پێشوەختە بابەتە نووسراوەکان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بنووسەوە، کە ئەمانە لەخۆ دەگرێ:

- بەڵاڤۆکی ڕاستییەکان کە زانیاریی ئابووری لەبارەی کشتوکاڵەوە لەخۆ دەگرێ.
- بەڵاڤۆکی ڕاستییەکان لەبارەی ئامانجەکانت لە چاکسازی کشتوکاڵی، ئەوە ڕوون بکەوە کە دەتەوێ بیکەی و، ئەمە لە مەودایەکی کورت و مەودایەکی درێژدا بەسەر جوتیار و بەکاربەراندا کاریگەری چۆن دەبێ؟
- بەڵاڤۆکی ڕاستییەکان لەبارەی هۆکاری پێویستبوون بە چاکسازی، لە پێناو ئایندەیەکی باشی ئابووری بۆ وڵات.

چاوپێکەوتنە تایبەتییەکان:

لەبارەی ئەم بابەتە، کات بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسە حکوومییەکان و ڕۆژنامەوانان دیاری بکە. بۆ دڵنیابوون لەم پرسە بەرنامەی پێوەندیکردنی تەلەفۆنی ئیستگەیی بەکار بهێنە. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا سەرۆک لە گوتاری ئیستگەی حەفتانەی کە ڕۆژانی شەممە ئاراستەی نەتەوەکەی دەکات، گەلێک جار باسی ئەو پرسانە دەکات کە لە حەفتەی دواتر گرینگی زیاتری دەبێ.

چاوپێکەوتنە نێوخۆییەکان:

بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی نێوخۆیی لەبارەی بابەتەکەت لە سەرانسەری وڵاتدا، کات دابنێ. جەخت لەسەر کشتوکاڵ بکەوە. بۆ

نموونه، لەگەڵ ئیستگەیەکی نێوخۆیی لە شارێکی سەرەکیی کشتوکاڵیدا، ئەگەر کرا ئامارێک ئامادە بکە، دەری بخات کە چاکسازی چۆن کاریگەری لەسەر جوتیاران و بەکاربەرانی ئەو ناوچەیە دەبێ.

شارەزایان:

پەیامەکان پەرە پێ بدە و ئەوانی تر دەکارن لەجیاتی تۆ ئامادەی بکەن. خاڵگەلێک بۆ دیڤچوون ئامادە بکە، کە لایەنگرانی ڕا دروستکەران لە ئامادەکردنی ڕاگەیاندراوەکاندا لەبارەی هەمان بابەت بتوانن بەکاری بهێنن. بۆ نموونە، ئەگەر لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ئیدارەی سەرۆک داوای گۆڕانکاری لەبارەی چاودێریی تەندروستی بکات، هانی پزیشکێکی بەناوبانگ دەدا کە لەگەڵ سیاسەتەکەیدا بگونجێ، بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنی تاکو پشتگیری لە هەڵوێستەکەی بکات. شارەزایانیش ئەوانەی توانای چاوپێکەوتن و گوتاردان و دەرکەوتنی لە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و نووسین لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا هەیە، دەکارن بە خستنەڕووی ڕای پشتگیری بۆ بابەتەکە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دروست بکەن. ڕێگەیەک گەشە پێ بدە تاکو لەگەڵ پێشکەوتنی پرسەکاندا پێوەندیت لەگەڵ ئەو گرووپەدا بمێنێ، ئەمەش لە ڕێی لیستی ئیمەیلی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە دەبێ.

هەماهەنگی:

پەیامەکەت لەگەڵ ئەوانی تر لە حکوومەتدا هەماهەنگ بکە، بۆ دڵنیابوون لەوەی جەماوەر پەیامی جیاوازیان پێ ناگات. کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەمیشە ململانێیەکان بڵاو دەکەنەوە، بوونی دژە ڕا لە حکوومەتدا سەرچاوەیەکی باشە بۆ هەواڵ.

ئەگەر ڕۆژنامە جەخت لەسەر ئەم جۆرە ناکۆکییە بکاتەوە ئەوا دەبێتە ئاستەنگ لە ڕێی پەیامەکەت. زێدەباری ئەمەش، ئاسانتر دەبێ ئەگەر پشتگیری بۆ هەر بەرنامەیەکت وەدەست بخەی، کە گرووپە بەشدارەکان هاوپەیمانت بوون.

هەڵسەنگاندن:

دوای کۆتایی هاتنی "هەر حەفتەیەک بابەتێک"، هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی پێشکەوتنت بکە و، خشتە و پەیام و دەفتەرەکە بەپێی پێویست بگۆڕە.

## باشترین پێنج ئامۆژگاری

- پلان بۆ ساڵەکەت دابنێ. سەرەتا جەخت لەسەر ڕووداوە سەرەکییە دووبارەبووەکان بکەوە.
- دەفتەرەکە بە بابەت پڕ بکەوە. لە حەفتەیەکدا بابەتێک هەر سەرکەوتوو دەبێ.
- پەیامی هەر بابەتێک و هەر بابەتێکی لاوەکی، پەرە پێ بدە.
- جەماوەر و ئامرازی ڕاگەیاندن بۆ هەر بابەتێک دەستنیشان بکە.
- لە دەفتەرەکەتدا بۆ دواوە بگەڕێرەوە، لە دوا ڕووداوەوە و دەستنیشانی بکە کە کێ چی دەکات و لە کوێ و کەی و چۆن. ئەرکی کەسەکان دیاری بکە.

# بەشی شەشەم

## کەرەسەکانی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی

"دی دی مایرز" سکرتێری ڕۆژنامەوانی پێشووی کۆشکی سپی دەڵێ: "لەسەر دابەشکردنی ڕاگەیاندراو لەسەر هەموو شتێک تێ دەکۆشین".

هەروەها دەڵێ: نووسینگەی ڕۆژنامەوانی لە کۆشکی سپی لە سەردەمی سەرۆک بیل کلینتوندا تەنیا دەقی گوتار و ڕاگەیاندراو و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی بەسەر ڕۆژنامەوانەکاندا دابەش نەدەکرد، بەڵکو ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و بەلاڤۆکە ڕاستییەکان و زانیاریی پاشخانی پێوەست بە سیاسەتەکان و ڕاگەیاندراوە مێدیاییەکان لەبارەی ڕووداوەکانی داهاتوو، لەگەڵ کورتەی گوتار و ڕاگەیاندراوە سیاسییەکان و شرۆڤەکردنی گرینگترین خاڵی هەر ڕاگەیاندراوەیەکیشی دەگرتەوە.

ئەو دەڵێ: "ڕۆژنامەوانان سەرقاڵن، بەتایبەتی ئەوانەی چالاکی سەرۆکی وڵاتان و جگە لەوانیش دەگوازنەوە، قەبارەی ئەو بابەتەش کە چاوەڕوان دەکرێ بیگوازنەوە زۆر زۆرە، ئەگەر بابەتەکە بە نووسین بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دابڕێژرێنەوە زۆر یارمەتیدەریان دەبێ".

"مایرز" دەڵێ: کورتکردنەوەی بابەتەکە و دابەشکردنی لە شێوەی نووسراو یان بەڕێگەی ئینتەرنێت واتە پشت نەبەستن بە باش گوێگرتنی ڕۆژنامەوان بۆ گوتار یان ڕاگەیاندراوەکە، ئەمەش دەرفەتێکی تر بە گوتیار دەدا بۆ ئەوەی سەرلەنوێ خاڵە سەرەکییەکان

دابڕێژێتەوە. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکان بەپێی توانا ڕاگەیاندراو و سیاسەت و ڕێوشوێن و پلانەکان لەسەر کاغەز دەنووسنەوە و بڵاوی دەکەنەوە، لەبەر چەند ئامانجێک، لەوانە:

- یارمەتیی بەرپرسانی حکوومی و ڕۆژنامەوانی دەدا لە بە ڕوونی بیرکردنەوە لەوەی کە دەیانەوێ بیڵێن، هەروەها لە باشکردنی پەیامەکەیان.
- ئەگەری ورد تێگەیشتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ زانیارییەکان زیاد دەکات و، ئاستێک بۆ خراپی لێکدانەوە دادەنێ.
- شتێک دەستەبەر دەکات کە ڕۆژنامەوانان لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانیان دەکارن سوودی لێ ببینن.
- بەهۆی بەردەستبوونی زانیارییە سەرەکییەکان، لە چەند بارەکردنەوەی هەمان پرسیار دوورت دەخاتەوە.
- پرسیاری قووڵتر و وردتر لە لایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەورووژێنرێن.
- دەرفەتی بڵاوبوونەوەی هەواڵ بەو هێزەی کە دەتەوێ زیاتر دەبێ.

هەروەها دابەشکردنی کورتکراوە یان شرۆڤەکاری لەگەڵ ڕاگەیاندراو یان گوتاری نووسینگەی ڕۆژنامەوانی، دەکرێ دووپاتبوونەوەی لێکدانەوەی هەواڵەکە بێ.

لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، گەیاندنی نووسراو چەندین شێوە لەخۆ دەگرێ، هەروەها نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکان ژمارەیەک کەرەسەی تر "بینراو و زارەکی"یان هەیە بۆ ئەوەی لەمیانەی ڕۆژنامەوانییەوەوە پێوەندی بە جەماوەرەوە بکەن. لە کەرەسە باوەکانی گەیاندن بریتییە لە:

ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی: لە شێوەی ڕاپۆرتە هەواڵدا دادەڕێژرێ و، جاروبار هەندێک چاپەمەنی وەک دەقێکی هەواڵی بەکاری دەهێنن. ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕاپۆرتەکەت وا دادەڕێژرێتەوە کە لە لاپەڕەیەک یان دوو لاپەڕە پێک دێ و، پێویستە لە برگەی یەکەمدا وەڵامی "پێنج پرسیارەکە" بداتەوە، وەک چۆن لە ڕاپۆرتە هەواڵدا هەیە. ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی پێویستە شێوازی هەرەمی ئاوەژوو پەیڕەو بکات، کە زانیارییەکان بەپێی گرینگییەکەی بڵاو دەکرێنەوە، بەجۆرێک نووسیاران دەکارن ڕاستییە سەرەکییەکان بەئاسانی دەستنیشان بکەن. زانیارییە سەرەکییەکان لە سەرەوە دەبن پاشان تا بەرەو خوارەوەی هەرەمەکە بێیت زانیاری کەم گرینگتر لەخۆ دەگرێ.

ڕاگەیاندراوی مێدیایی: هاوشێوەی ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانییە، بەڵام بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداوێک ئامادە دەکرێ کە خەریکە ڕوو بدات، بۆ ئەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕووداوەکە خێرا هەڵبسەنگێنن و بڕیار بدەن ئاخۆ ئارەزووی گواستنەوەی دەکەن یان نا. ڕاگەیاندراوی مێدیایی پێویستە وەڵامی "پێنج پرسیارەکە" لەخۆ بگرێ. هەروەها دەبێ درێژییەکەی یەک لاپەڕە بێ.

ڕاگەیاندراوی ڕاستییەکان یان ڕاگەیاندراوی پاشخان: بریتییە لە ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەوانی فراوان، زانیاریی ورد لەبارەی بابەتەکە دەخاتە بەردەست و، ڕاستی و ئامار بەکار دەهێنێ، بەڵام ئیقتیباس وەرناگرێ و، هەمیشە لەگەڵ ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیدا دابەش دەکرێ. درێژی ئەم ڕاگەیاندراوە ٤-٥ لاپەڕەیە و، بەشێوەیەکی ئاسان بۆ خوێندنەوە داڕێژراوە، ڕستەی کورت و خەتی پان بۆ هەر ڕاستییەکی تازە بەکار هاتووە.



مارگریت سولیفان (٦)

کەرەسە دیتنییەکان: وەک وێنە و خشتەی ڕوونکاری و نەخشە و هێڵکاری و، ئەو نەخشانەی کە هاوپێچن لەگەڵ ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان.

سەربوردەی خودیی: لەگەڵ ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی دابەش دەکرێ. لە سەربوردەدا بەکورتی مێژووی پیشەیی و دەستکەوتەکانی ئەو کەسەی کە لە ئەرکێکی نوێدا دامەزراوە، یان هی ئەو کەسەی گوتارێک پێشکێش دەکات یاخۆ لە ڕووداوێکدا بەشدار دەبێ.

لیستی ناوی شارەزایان: ئەمە پەیامەکە دەوڵەمەند دەکات و، پێویستە لیستەکە ناو و ژمارەی تەلەفۆنەکانیانی تێدا بێ.

دەقەکانی تر: دەکرێ بابەتی جیاواز لەخۆ بگرێ. لە کۆشکی سپی بۆ نموونە، دەقی ڕاگەیاندراوەکانی سەرۆک و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕۆژانەییەکانی سکرتێری ڕۆژنامەوانی و بەرپرسانی تر ڕاستەوخۆ لە دوای ئەو ڕووداوانە بەسەر ڕۆژنامەوانان دابەش دەکرێ. هەروەها ڕۆژانە ڕێکلام و ڕاگەیاندراو و ئاگەداری بۆ دامەزراندن و پالاوتنی فەرمانبەران و پەیامی پاڵپشتیکار بۆ یاسا پێشنیازکراوەکان کە شارەزایان و دەزگا پیشەییەکان دەینووسن، لەگەڵ نامەی هاتوو و نێردراو بۆ و لە سەرۆکەوە، بەسەر ڕۆژنامەواناندا دابەش دەکرێ.

تیلمە ڕۆژنامەوانییەکان: بە پلە یەک ئەو هەواڵە باشانە لەخۆ دەگرێ کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبنەوە. هەمیشە بەرپرسان ئەو ڕاپۆرتە هەواڵانە کۆپی دەکەن کە لایەنگیرییان دەکات و، لە خوێنراوی مێدیایی یان خوێنراوە ڕۆژنامەوانییەکاندا لەگەڵ بابەتی تردا دادەنرێ.

پرسیارەکان: هەندێ جار بەرپرسان، کۆمەڵێک پرسیار بە ڕۆژنامەوانان دەدەن، بۆ ئەوەی هانیان بدەن بایەخ بە بابەتێکی

دیاریکراو بدەن. لە هەندێک باردا دەکرێ هەندێک پرسیار بنووسیتەوە کە ڕۆژنامەوانان لە چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ بەرپرسێکدا دەیخەنە ڕوو. هەندێ جار پرسیارە ورووژاوەکان خۆڵقورتاندنی لێ دەکەوێتەوە.

دۆسیەی ڕۆژنامەوانی یان خوێنراوە مێدیاییەکان: چەند شتێک لەبارەی بابەتێکەوە لەخۆ دەگرێ، ئەم شتانە دەخرێنە ناو دۆسیەیەک کە دوو گیرفانی هەیە بۆ دەوردانی. خوێنراوی مێدیایی تایبەت بە کردنەوەی قوتابخانەیەکی نوێ، بۆ نموونە، ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

- دۆسیەیەک کە دروشمی قوتابخانەکە لەسەر بەرگەکەی بێ.
- ڕاپۆرتێکی مێدیایی لەبارەی وردەکاری کردنەوەی و کات و شوێن و گرینگییەکەی.
- ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەوانی تێیدا وردەکاری ڕووداوی کردنەوەکە دیاری بکات و دەکرێ زانیاریی گشتی لەبارەی قوتابخانەکەی لەخۆ گرتبێ، وێڕای ئەوەی ئاماژە بە بەشێک لە وتەی گەورە بەرپرسان لەبارەی قوتابخانەکە دەکرێ.
- نمایشێکی مێدیایی گشتی کە ڕاستی و ئاماری ورد پێشکێش دەکات، وەک کاروباری تایبەت بە بیناکردن و ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە لە قوتابخانەکەدا دەخوێنن و ... هتد.
- ڕێچکەی گوتیاران لە ڕووداوەکەدا.
- کەرەسە دیتنییەکان وەک وێنەکانی قوتابخانەکە.

پەیامێکی خێرا یان پێوەندییەکی تەلەفۆنی: بیرۆکەی چیرۆکێکی هەواڵی لە برگەیەکدا کورت دەکرێتەوە و، هۆکاری سەرنجڕاکێشی خوێنەران یان بینەرانی تێدا ڕوون دەکەیتەوە. پەیامی خێرا یان پێوەندیی تەلەفۆنی وردەکارییەکە دەخاتە ڕوو، ناوەکان پێشکێش

دەکات و دەرفەتی وێنەگرتن باس دەکات و چەمکی چیرۆکەهەواڵەکە کورت دەکاتەوە.

ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییە تۆمارکراوەکان بە کاسێتی ڤیدیۆ و کاسێتی دەنگی: بۆ ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەوانی نووسراو پێنج پرسیارەکە لەخۆ دەگرێ، بەڵام وەک چیرۆکێکی هەواڵی ئیستگەیی یان تەلەڤیزیۆنی پێشکێش دەکرێ. کارمەندانی ئیستگە هەموو بابەتەکە یان بەشێکی لە ڕاپۆرتی هەواڵی ئیستگەیی یان تەلەڤیزیۆنی بەکار دەهێنن و، وا پیشانی دەدەن کە بابەتەکە لە سەرچاوەی پێوەندییە گشتییەکانەوە بۆیان هاتووە. ڕاگەیاندراوی هەواڵی تۆمارکراو بە ڤیدیۆ، دەبێ لەسەر هەردوو لاینی دەنگ پێشکێش بکرێت، بەجۆرێک دەنگی گێڕەرەوەکە لەسەر لاینێکیان تۆمار بکرێت و، دەنگەکانی تر و دەنگە سروشتییەکان لەسەر لاینەکەی تر، ئەمەش مامەڵەکردن بە دەنگەکان لە پرۆسەی مۆنتاژ ئاسان دەکات.

تەکنەلۆجیای مانگە دەستکردەکان: بوار بە هەواڵسازان دەدا کۆ ببنەوە یان دیمانە ئەنجام بدەن، پاشان تۆمارکراوەکە یان هەواڵەکە بۆ کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن لە سەرانسەری وڵات بنێرن. گەشتێکی مێدیایی بەبێ ماندووبوونی گواستنەوە و کات پێشکێش دەکرێت. پسپۆڕانی زانیارییە گشتییەکان هەمیشە ڕووداوەکە تۆمار دەکەن، پاشان کاتێک لە مانگە دەستکردەکان دەکرن بۆ ناردنی بە تۆمارکراوی ئاسمانی. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش بەشێوەیەکی گونجاو، پێویستت بە ستۆدیۆ هەیە کە توانای ناردنی وێنەی زیندوو و دەنگی هەیە و، لە کاتی تۆمارکردنی دەنگی بەرپرسەکە کاتێک کە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە بوار بە پەیامنێرانی تەلەڤیزیۆن دەدا بە

تەلەفۆن پرسیار بکەن. پێویستە کەناڵەکان لە کاتی دەستەبەربوونی تۆمارکردنی ئاسمانی و چۆنیەتی دەستکەوتنی، ئاگەدار بکرێنەوە.

برگەی دەنگی ئیستگەیی: تۆمارکردنی دەنگی بەرپرسە حکوومییەکەیە کە ڕاگەیاندراوێک ڕادەگەیەنێ، وەک ئەوەی چاوپێکەوتنێکی ڕاستەقینە بێ.

هەندێک سیاسەتوانی ئەمریکایی ڕۆژانە و لە کاتی خۆیدا دەنگی خۆیان تۆمار دەکەن، یان ڕاستەوخۆ بۆ ڕۆژنامەوانانی دەنێرن، یاخۆ ژمارەی تەلەفۆنی ئامێری ڕیکۆردەرەکەیان پێ دەدەن، کە ڕاگەیاندراوەکەی لەخۆ گرتووە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بەشێوەیەکی گونجاو، پێویست بە ئامێرێکی باشی ڕیکۆردەر هەیە کە پاشکۆی پێویستی لەگەڵدا بێ بۆ بەستنی تەلەفۆن بە ئامێرەکە، هەروەها دەکرێ بابەتەکە بخرێتە سەر ئینتەرنێت بۆ ئەوەی داونلۆد بکرێت.

هێڵی تەلەفۆنی جیا: بۆ تۆمارکردنی خشتەی ڕۆژانەی بەرپرسی حکوومی دەکرێ وەک ژێدەرێکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکار بهێنرێ.

کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان: تێیدا بەرپرسان هەواڵ لەبارەی پرسێکەوە ڕادەگەیەنن، بۆ ئەوەی هەواڵەکان کارا و جێی بڕوا بێ پێویستە نووکەیی و گەوهەری بێ.

دیمانەکان: بوار بە بەرپرسان دەدا قسە بکەن، هەمیشە لەگەڵ یەک ڕۆژنامەواندا دەبێ، بەمەبەستی خستنەڕووی ڕاکانیان بەشێوەیەکی قووڵتر لەوەی لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا هەیە.

دیمانە لەگەڵ ئەنجوومەنی نووسیاری: بریتییە لە کۆبوونەوەکانی نێوان هەواڵسازان و نووسەری لاپەڕەی بۆچوون لە ڕۆژنامەدا و،

نووسەرانی سەروتار و بێژەران و ڕۆژنامەوانان لە بەشی هەواڵدا، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێک. هەروەها تۆڕەکانی تەلەڤیزیۆن هاوشێوەی ئەمە کۆ دەبنەوە. دەکرێ ئەنجوومەنی نووسیاری هەلێک بداتە بەرپرسە حکوومییەکە بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی بەشێوەیەکی قووڵتر ڕوون بکاتەوە، بەمەش تێگەیشتنێکی قووڵتر دەداتە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ سیاسەتەکانی حکوومەت و، هەمیشە دەبێتە مایەی نووسینی ڕاپۆرتە هەواڵ و سەروتار.

کۆبوونەوە بۆ بلاوکردنەوە نا: بەرپرسان لەگەڵ ڕۆژنامەوانان کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی زانیاریی پاشخان، یان زانیاری لەبارەی بابەتگەلێک کە بایەخی هەواڵیان هەیە بدەنێ.

وتارەکانی ڕا و ستوونە ڕۆژنامەوانییەکان: دروستکەرانی هەواڵ بۆ خستنەڕووی بۆچوونەکانیان بەکاری دەهێنن. هەندێک سیاسەتوان حەفتانە ستوونێک دەنووسێ، وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە خەڵک بگەیەنێت.

گوتارەکان: بۆ پشتیوانی سیاسەتەکان بەکار دەهێنرێ و لەڕێگەیەوە بەرنامەی نوێ ڕادەگەیەنرێ و، هەڵوێستەکان ڕوون دەکرێنەوە و هەڵوێستێکی کۆمەلایەتی بنیات دەنرێ. هەمیشە کۆپی ئەو گوتارانە پێشوەختەش بەو ڕۆژنامەوانە بایەخمەندانە دەدرێ کە ناتوانن لە ڕووداوێکی میدیاییدا ئامادە بن. دانانی گوتار لەسەر ئینتەرنێتیش بەکارا دادەنرێ. ئەگەر بکرێ، لە کاتی دابەشکردنی گوتارەکە، پوختەیەکی بابەتەکە لەبارەی بابەتە سەرەکییەکە بدرێتە ڕۆژنامەوانان. هەمیشە ئەو لیستەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لای خۆت هەڵبگرە کە بابەتەکانیان بۆ دەنێری.

گەشتە مێدیاییەکان: ئەو گەشتانە بۆ دەرەوەی پایتەخت دەبێ و هەوڵ دەدا بگاتە ئامرازە مێدیاییە هەرێمییەکان. پێویستە گەشتە مێدیاییەکانی ڕۆژنامەی هەرێمی هەواڵ لەبارەی ناوچەکانی خۆیەوە پێشکێش بکات و، ڕوونی بکاتەوە کە هاووڵاتییان چۆن بە سیاسەتەکانی حکوومەت کاریگەر دەبن.

گوتارە سووکەکان: بەشێوەیەکی دوور لە هەواڵی گرینگ قسە لەبارەی پرس یان چیرۆکێکەوە دەکات. پسپۆڕانی زانیارییە گشتییەکان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێک تەنیا پشت بە بەشەکانی هەواڵی گرینگ لە ڕۆژنامەی چاپکراو نابەستن، بەڵکو لاپەڕەی گوتارە سووکەکان و شتی تریش بەکار دەهێنن.

ئینتەرنێت: چەندین سایتی تێدایە بۆ پێوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەماوەر بەبێ بوونی نێوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. هەروەها پێوەندییەکی خێرا لەگەڵ ڕۆژنامەوانان‌دا دەبێ. زێدەباری ئەمە توانای پێوەندی ئاڵوگۆڕی لە نێوان بەرپرسانی حکوومی و جەماوەردا هەیە. نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکان دەکارن تابلۆ ئەلیکترۆنییەکانیان بۆ هەواڵنامەکان دروست بکەن. ئینتەرنێت هەموو شتێک لەخۆ دەگرێ، وەک دەق و وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ، هەروەها نووسینگە ڕۆژنامەوانییە حکوومییەکان ئینتەرنێت بۆ ئاراستەکردنی بەکارهێنەران بەرەو بڕێکی زۆر لە ڕاگەیاندراوەی ڕەسەن، لێ بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی، بەکار دەهێنن. بۆ ئەوەی ماڵپەڕەکە کارا بێ دەبێ بەردەوام تازە بکرێتەوە.

ئیمەیل "پۆستی ئەلیکترۆنی": کۆمەڵێک ناونیشانی ئەلیکترۆنی لەخۆ گرتووە، بە کلیکێک زۆر بەئاسانی زانیارییەکان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە

خەڵکی بایەخمەند دەچێ.

دەرفەتی وێنەگرتن: بوار بە بەرپرس دەدرێ لەگەڵ پاڵێوراواندا وێنە بگرێ، وەک براوەی خەڵاتەکان، بۆ ئەوەی وەک پڕوپاگەندەیەک بۆ ڕۆژنامە نێوخۆییەکانی شاری براوە بنێردرێت. کاتێک وێنە دەگیرێ، بە ئیمەیل دەنێردرێ لەگەڵ ئاماژەدان بە زانیاریی پێویست وەک دەستنیشانکردنی ناسنامەی کەسەکان لە وێنەکەدا و ناساندنی کۆبوونەوەکە. لەوانەیە بابەتە هەواڵییەکان تەنیا بۆ هەندێک ڕۆژنامەوان جێی بایەخ بێ. لە ژووری هەواڵەکان لە کۆشکی سپیدا، بۆ نموونە، هەمیشە ڕۆژنامەوانێک ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەوانی هەڵدەگرێ و دەیخوێنێتەوە پاشان لە شوێنی خۆی دای دەنێتەوە، چونکە پێوەست نییە بەوەی کە ئەم بڵاوی دەکاتەوە، بەڵام گرینگە لە بەردەستی ئەو ڕۆژنامەوانانە بێ کە دەیانەوێ و پێویستییان پێیەتی.

**ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەوانی ڕۆژانە و تەنانەت هەموو کاتژمێرێکیش کاری بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوانی دەکەن، بەڵام سەبارەت بە ڕاپۆرتە هەواڵەکانیان پێویستییان بە گەڕان و توێژینەوە، هەروەها بە دیمانە و نووسینەوەی ئەو ڕاپۆرتانە هەیە. هەروەها ئەوان پێشوەختە بە حەفتەیەک یان دوو حەفتە بەلای کەمەوە، ئارەزووی زانینی ڕووداوە ڕۆژنامەوانییەکان دەکەن، بۆ ئەوەی بواری ئەوەیان هەبێ لەگەڵ بەرپرسانیان لەسەر بیرۆکەی ڕاپۆرتە هەواڵێک ڕێک بکەون، ئەمە جگە لە دەستنیشانکردنی کاتێک بۆ وێنەگر، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر.

له کاتی پەیدابوونی هەواڵی بەپەلەدا، وەک ناکۆکییەکی سیاسی یان تەنگژەیەکی چاوەڕوان نەکراو، ڕۆژنامەوان بەپێی زانیاریی دیاریکراوی پێشینە ڕووداوەکە دەگوازێتەوە، ئەمەش ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی باش سەختتر دەکات. لەبەرئەوە تا زانیاری و توێژینەوەی زیاتر لە بەردەست بێ باشترە. هەروەها گرینگە کاتی پێویست و پێداویستییەکانی هەر ئامرازێکی میدیایی بزانرێ، چونکە جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا هەیە.

ڕۆژنامەکان: هەواڵەکان بە قووڵی دەگوازێتەوە، ئامرازێکی باشە بۆ گەیشتن بە جەماوەر و ئەو کەسانەی کە لە پێگەی بڕیارداندان. پەیامنێرانی ڕۆژنامەوانیش چەندین بواری پسپۆڕییان هەیە کە لەبارەیەوە دەنووسن، وایان لێ دەکات لە پرسە دیاریکراوەکاندا وەک ئابووری و سیاسەتدا، شارەزابن.

هەموو ڕۆژنامەوانان ئارەزوو دەکەن ڕاگەیاندراوێکی نووسراوی تێروتەسەلیان دەستبکەوێ کە ڕاستییەکان، ژمارەکان، چیرۆکەکان، وێنە هێڵکارییەکان و نموونەکان، وەک ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و نمایشە هەواڵییەکان، بۆ پاڵپشتی ڕاپۆرتە هەواڵەکانیان لەخۆ بگرێ. ئەم بابەتە پێویستی بە پاڵپشتی بەڵگەیی و دیاریکردنی سەرچاوە هەیە. پێدانی بابەتی نووسراو وەک ئیقتیباس و ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان بە ڕۆژنامەوانان، دەرفەتی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ورد لە ڕاپۆرتەکانیان زیاتر دەکات.

پەیامنێرە ڕۆژنامەوانەکان لە بەرامبەر نووسیاردا بەرپرسن کە ئەرکە ڕۆژنامەوانییەکانیان دیاری دەکات و، ئەوەی کە دەینووسن دای دەڕێژێتەوە. ئەوان بەپێی کاتی دیاریکراو کار دەکەن، دوا کات بۆ

ڕۆژنامەکانی بەیانیان کاتژمێرە سەرەتاکانی ئێوارانە، بەڵام بۆ ئەو ڕۆژنامانەی کە نیوەڕۆیان دەردەچن دوا کات پێش نیوەڕۆیە. ئەگەر وادەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی کاتژمێر یازدەی بەیانی بێ، بۆ نموونە و، دوا کاتی ڕۆژنامەکە کاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕۆ بێ، ئەوا لە نێوان ئەو دوو کاتەدا بوارێکی باش بۆ پەیامنێرانی ڕۆژنامەی بەیانیان هەیە بۆ پێشکێشکردنی بابەتە دیتنییەکانیان و، کاتێکی باشیش بۆ هەواڵنووسان هەیە بۆ داڕشتنەوەی. سەبارەت بە ڕۆژنامە حەفتەییەکان بەهەمان شێوە لە ڕۆژانی دیاریکراو دوا کاتیان دەستنیشان کردووە.

ڕۆژنامەکان هەموو جۆرە هەواڵێک بڵاو دەکەنەوە، هەواڵی گرینگ و گوتار و سەربوردە و شرۆڤە و سەروتار و بەدواداچوون، هەروەها پەیام بۆ هەواڵنووس. ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن بەهەمان شێوە ئەم جۆرە هەواڵانەی لەخۆ گرتووە، بەڵام هەمیشە ڕۆژنامەکان بە فراوانترین شێوە ئەمانەی لەخۆ گرتووە.

ڕۆژنامە چەندین جۆری جیاوازی هەیە، وەک:

- ڕۆژنامەی نەتەوەیی خاوەن بایەخی فراوان و چڕکردنەوەیەکی روونی نەتەوەیی.
- ڕۆژنامەی هەرێمایەتی کە لە بایەخە هەرێمییەکان قووڵ دەبێتەوە.
- ڕۆژنامەی نێوخۆیی و حەفتانە کە چڕکردنەوەیەکی بەهێزی نێوخۆیی هەیە.
- ڕۆژنامەی پیشەیی خاوەن جەماوەری تایبەتمەند، وەک ڕۆژنامەی تایبەت بە وزە بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی پترۆڵ، یاخۆ کۆوارێک

بۆ دایکان لەبارەی منداڵی ساوا. ئەم چاپەمەنییانە بە چاپەمەنی "بواری گونجاو" دەناسرێن و، ڕۆژنامە و کۆوار و سایتی ئەلیکترۆنی بۆ هەریەک لەو جۆرە پیشە و ئەرکە تایبەتمەندانە و، چالاکییەکانی هاندان و ئارەزووەکان دەگرێتەوە.

بەڵاڤۆکە ناوبەناوەکان: بە چاپەمەنی پیشەیی دادەنرێن کە لەوانەیە لە شێوەی کۆوار یان ڕۆژنامەدا بێ، هەمیشە ئاراستەی جەماوەری زۆر تایبەتمەند دەکرێ.

ئاژانسەکانی هەواڵ: کۆمەڵێک هەواڵ بڵاو دەکاتەوە کە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاری دەهێنن، جا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاستەوخۆ بێ یان بۆ لێ وەرگرتنی بیرۆکە بۆ ڕاپۆرتە هەواڵەکان بێ. بۆ نموونە، دوای ئەوەی هەواڵێکی گرینگ لە ئاژانسێکی هەواڵ بەرچاو دەکەوێ، داوا لە نووسیاری ڕۆژنامە دەکرێ وتارێکی هەواڵی کە بایەخێکی نێوخۆیی هەبێ، بنووسێت. لە بەناوبانگترین ئاژانسەکانی هەواڵ، ئەسۆشێیتد پرێس و ڕۆیتەرز و ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسییە.

کۆوارەکان: ئەمانیش وەک ڕۆژنامەکانن، کە لە نێوان کۆواری هەواڵی گشتی و چاپەمەنییە زۆر تایبەتمەندەکاندایە، بۆ نموونە، ئابووری و کاروباری دەرەوە. نووسەرانی کۆوار گەلێک جار کاتی زیاتریان هەیە بۆ پێشخستنی ڕاپۆرتەکانیان بەشێوەیەکی قووڵتر، وەک لە پەیامنێرانی ڕۆژنامە. لە کۆواردا نووسیاران دەفتەریان هەیە، پلان بۆ ئەو بابەتانە دادەنێن کە لەمیانەی ئەو ساڵەدا دای دەپۆشن، ئەمە بۆ نووسینگە حکوومییەکان و نووسینگەکانی تری پێوەندییە گشتییەکان بەسوودە، بۆ ئەوەی بیرۆکەی هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکان لەبارەی بابەتی تایبەت بە کۆوار پێش بخرێت.

ئیستگە و تەلەڤیزیۆن: کۆمەڵێک بەرنامەی جۆراوجۆر وەک بەرنامەی نەتەوەیی یان نێوخۆیی یاخۆ هەرێمی پێشکێش دەکات، هەروەها هەواڵی ڕاستەوخۆ و ئەو بەرنامانەی کە بایەخی مرۆییان هەیە و بەرنامەی گفتوگۆ و دیکۆمێنتارییەکان و بەرنامەی چاوپێکەوتن پێشکێش دەکات. پەیامنێرانی ئیستگە و تەلەڤیزیۆن و هەواڵنووسانی ئەرکە ڕۆژنامەوانییەکان، هەمیشە بیرۆکەی هەواڵەکانیان لە ڕۆژنامە و ئاژانسەکانی هەواڵەوە دەست دەکەوێ. بەپێچەوانەی پەیامنێرانی ڕۆژنامەکان، پەیامنێرانی ئیستگە و تەلەڤیزیۆن بەتایبەتی هی وێستگە بچووکەکان، لەبەر ئەرکە جۆراوجۆرەکانیان پەیامنێری گشتی دەبن وەک لەوەی لە بابەتگەلی دیاریکراو تایبەتمەند بن.

پەیامنێرانی تەلەڤیزیۆن ناتوانن هەمیشە بەهەمان هەناسەی قووڵی پەیامنێرانی ڕۆژنامە پرسێک بگوازنەوە، بۆیە پرسە ئاڵۆزەکان بۆ چەند بڕگەیەکی کورتی هەواڵی کەم دەکەنەوە. تەلەڤیزیۆن ئامرازێکی بینراوە، پەیامنێران و نووسیارانی ئەرکە ڕۆژنامەوانییەکان، ئەو چیرۆکەهەواڵانەیان پێ باشە کە لەگەڵ وێنە پێشکێش دەکرێن. هەروەها دوا کاتی هەواڵەکانی تەلەڤیزیۆن زۆر کەمە.

هەواڵی ئینتەرنێت: نوێترین ئامرازی مێدیاییە. هەروەک لە ئیستگە و تەلەڤیزیۆندا هەیە، ئەو هەواڵانەی کە لە سایتەکانی ئینتەرنێت دەردەکەون بەخێرایی بڵاو دەبنەوە و، لە ڕێی بەرنامەی گفتوگۆ ئیستگەییەکانەوە، بۆ نموونە، توانای ئەنجامدانی گفتوگۆ لە دوو ئاراستەوە بەردەست دەکات.

چەندین جۆری هەواڵی گەیاندنی ئەلیکترۆنی هەیە، لە ڕۆژنامە و

کۆوارەکانەوە تاکو ژوورەکانی چات، جگە لە ئیمەیلە ئاراستەکراوەکان بۆ جەماوەری ئامانجدار. بە ڕەچاوکردنی دوا کاتی جۆراوجۆری هۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن، پێویستە لەسەر بەرپرسی ڕۆژنامەوانی دادپەروەر بێ. واتە دەبێ بە یەک چاو تەماشای دوا کاتە جیاوازەکان بکات و، هەمیشە دوا کاتی ئامرازێکی ڕاگەیاندنی دیاریکراو نەکاتە قوربانی ئامرازێکی تر، ئەو دەمەی کاتی ڕووداوەکان وەک کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان دیاری دەکات. هەروەها دەبێ کاتەکان دیاری بکرێن بۆ ئەوەی ئیستگەییەکان بتوانن ڕووداوەکان بگوازنەوە و کاتیان هەبێ بۆ بەرهەمهێنانی بڕگە هەواڵییەکانیان.

## باشترین پێنج ئامۆژگاری

- زۆرترین ژمارەی بابەتی نووسراو بۆ دابەشکردن بەردەست بخات، بەڵام نەک بەو شێوەی کە ڕۆژنامە نغرۆ بکەی، بەڵکو بەڕێژەیەکی گونجاو بەشێوەیەک کاریگەریی خراپ لەسەر لێکدانەوەی چیرۆکەهەواڵەکەت نەکات.
- یارمەتیدەرە بینینییەکان بەکار بهێنە.
- بەپێی توانا، کاسێتی ڤیدیۆ و کاسێتی ڕیکۆردەر و مانگە دەستکردەکان بەکار بهێنە، بۆ ئەوەی پەیامەکەت باش بگەیەنیت.
- دەستپێشخەری بکە. چاوەڕێ مەکە تاکو ڕۆژنامە بۆ لات بێ. پەیامەکەت بە نووسینەوەی سەروتار و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نووسیاری لەگەڵ ڕۆژنامە و تۆڕەکانی تەلەڤیزیۆن ئاراستە بکە و، لە بەشی گوتار لە ڕۆژنامەکاندا لەبارەیەوە بدوێ.
- ئینتەرنێت بەکار بهێنە.

## بەشی حەوتەم

### ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و
### بەلاڤۆکە مێدیایی و ڕاستییەکان

ئامادەکردنی ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و بەلاڤۆکی ڕاستییەکان و بەلاڤۆکە مێدیاییەکان یان نمایشە هەواڵییە پاشخانییەکان، وردەکاری کرداری سەرجەم پرۆسە ڕۆژنامەوانییە حکوومییەکان پێک دەهێنێ. لە وڵاتاندا ناوی جیاجیا لەم کەرەسە پیشەییانە دەنرێ، بەڵام یەک مەبەست بەدەستەوە دەدا کە، ڕاگەیاندنی هەواڵێکە و ئاگەدارکردنەوەیە لەبارەی ڕووداوێک و، پێشکێشکردنی ڕاستی و ژمارەکانە.

"دیڤید بیکویز" سکرتێری پێشووی ڕۆژنامەوانی دان کویلی یاریدەدەری سەرۆک دەڵێ: "ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان کەرەسەی ڕیزبەندی باشن، چونکە هاندەرتە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو چیرۆکەهەواڵەی کە ئارەزووی دیتنی دەکەیت. ئەگەر ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان بەڕوونی و سادەیی ئامادە بکرێن ئەوا وردتر دەبێ و، زەحمەت دەبێ لە ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا هەڵە لە وەرگرتن بکرێ".

ئەو پێوەر و عورفانەی کە بەشێوەیەکی گشتی ڕێککەوتنی لەبارەیەوە کراوە بۆ مادەکانی پێوەندییە ڕۆژنامەوانییە بنەڕەتییەکان بریتین لە:

ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان:

ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان کورتکراوەی ئەو ڕاستییانەن کە پێوەستن بە بەرنامە یان پرسێک، کە دەتەوێ ڕاگەیاندن بایەخی پێ بدات. بەشێوازێکی یەکگرتوو پێشکێش دەکرێ. پێوەری سەرەکی بۆ ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی ئەوەیە کە هەواڵ لەخۆ بگرێ. هەروەک ڕاپۆرتەهەواڵی ڕاستەوخۆ، ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی بەشێوازی هەرەمی ئاوەژوو دەنووسرێ و، بڕگەی یەکەمی "پێشەکی" گرینگترین زانیاریی لەخۆ دەگرێ و، لە بڕگەکانی دواتردا وردەکاری زیاتر دەخرێتە ڕوو، زانیارییە کەم گرینگەکان لە کۆتاییدا دەبن.

وەک هەر چیرۆکەهەواڵێکی باش ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی وەڵامی پێنج پرسیارەکە دەداتەوە. کێ بابەتی هەواڵەکەیە؟ کەی هەواڵەکە ڕووی داوە یان ڕوو دەدا؟ لە کوێ ڕووی داوە یان ڕوو دەدا؟ ئەم زانیارییە بۆچی گرینگ دەبێ؟ دەبێ هەموو ئەمانە لە بڕگەی یەکەمدا جێی بێتەوە. لە ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی پێویستە ڕستەکان کورت بن بەجۆرێک لە لایەن ڕۆژنامەوانەکە بەخێرایی پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، هەروەها نابێ زمانی زاراوەیی یان وشەی کورتکراوە یاخۆ وردەکاری ناڕوون لەخۆ بگرێ.

دەکرێ ئیقتیباس بەکار بهێنرێ، بەڵام هەمیشە لە بڕگەکانی دووەم و سێیەم دەبێ و، دەبێ هەمیشە بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوانەی کە گوتوویانە. ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان کە وەک ڕاپۆرتەهەواڵ بەبێ وەسفکردنی گڕوتین دەنووسرێنەوە، لە لایەن ڕۆژنامەوانییەوە باشتر وەردەگیرێ.

لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان هەمیشە

ئەم شێوازەی خوارەوە پەیڕەو دەکات:

- دوورخستنەوەی دێرەکان لە یەکتر.
- لاپەڕەکانی روونن و باشتر وایە ناونیشانی ڕێکخراوەکەی لەسەر چاپ کرابێ.
- پەراوێزی پان - لە هەموو لایەکانییەوە لە "٤٥ سم" کەمتر نەبێ- بۆ ئاسان خوێندنەوەی و بواردان بە نووسیاران و ڕۆژنامەوانان تێبینی خۆیان لەسەری بنووسن.

ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی سادە ئەم زانیارییانە لە لووتکەی ڕاگەیاندراوەکە لەخۆ دەگرێ:

- مێژووی دەرکردنی ڕاگەیاندراوەکە.
- ناوی کەسەکە بۆ پێوەندیکردن پێوەی، لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆن و ژمارەی فاکس و ناونیشانی ئەلیکترۆنییەکەی. هەروەها گەلێک جار ئاماژە بە ژمارەی مۆبایلی ئەو کەسانە دەدرێت کە دەکرێ دوای کاتەکانی کار پێوەندییان پێوە بکرێ، بەتایبەتی ئەگەر نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکە لە چەند ناوچەیەکی جیاواز لە ڕووی کاتەوە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەوانناندا بکات.
- کاتی ڕێپێدراو بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوەکە. گەلێک جار ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان پێش ڕووداوەکە دەنێردرێ، بەڵام تا کاتێکی دیاریکراو ڕێگە نادرێ بە بڵاوکردنەوەی، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانەکان کاتی پێویستیان هەبێ بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە و ئامادەکردنی زانیارییەکان، بەتایبەتی ئەگەر ڕاپۆرتەهەواڵەکە ئاڵۆز بێ. ئەگەر ئەوە ڕووی دا دەستەواژەی "بڵاوکردنەوەی قەدەغەیە تاکو ..." و ڕێکەوت و کاتی دیاریکراو بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە بنووسە.

ئەگەر بشێ زوو سوود لە زانیارییەکان ببینرێ، دەستەواژەی "زوو بۆ بڵاوکردنەوە" بنووسە.

- ناونیشانی سەرەکی، هەواڵە ڕاگەیاندراوەکە کورت دەکاتەوە و سەرنجڕاکێش دەبێ و بە پیتی بەرچاو دەنووسرێ.
- شوێنی هەواڵەکە، لە سەرەتای بڕگەی یەکەم بەپیتی بەرچاو شوێنی ڕوودانی هەواڵەکە دەنووسرێ.

لە وڵاتە یەکگرتووەکان، هەمیشە ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان لە لاپەڕە یەک یان دوو لاپەڕە چاپ دەکرێن. ئەگەر لە یەک لاپەڕە زیاتر بوو ئەوا لە کۆتاییی لاپەڕەی یەکەم وشەی "ماویەتی" دەنووسیت. لە کۆتاییی ڕاگەیاندراوەکەدا نیشانەی وەکو #### دادەنێی، وەک ئاماژەیەک بۆ کۆتاییی ڕاگەیاندراوەکە. لە پێداچوونەوەی هەڵەکان لە داڕشتن و لە هەڵەی چاپ و خاڵبەندی دڵنیابەوە. دەکرێ ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان ئاراستەی نووسیار یان ڕۆژنامەوان بکرێت. بە تەلەفۆن بەدواداچوون بۆ ڕاگەیاندراوەکە بکە، بپرسە ئاخۆ وەرگری مەبەستدار ڕاگەیاندراوەکەی بەدەست گەیشتووە و ئایا زانیاری زیاتری دەوێ.

دەبێ بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە وەک ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانی و ڕاستییەکان بنووسرێتەوە و، پێش ڕوودانی هەواڵەکە وەک کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دابەش بکرێ، نەک دوای ئەوە. حکوومەتێکی تازە دوای ئەوەی باجەکەی دا ئەمەی بۆ دەرکەوت، کاتێک ئەنجوومەنی وەزیران بەدرێژاییی شەو لەودیو دەرگە داخراوەکانەوە بۆ دانانی پلانێکی نوێی ئابووری کۆبووەوە. لەکاتژمێر (٧)ی بەیانی کارەکەیان تەواو کرد، ئینجا ئاگەداری ئامرازەکانی مێدیاییان کردەوە بۆ سازدانی



مارگریت سولیفان (٧)

کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی. وەزیرەکان سیاسەتە نوێیە ئابوورییەکانیان ڕاگەیاند و، فەرمانبەرە ڕۆژنامەوانەکانیش بابەتە ڕۆژنامەوانییەکەیان نووسییەوە، فەرمانبەرەکان لەبەر سەرقاڵبوونیان بە نووسینەوەی ئاگەدارییە ڕۆژنامەوانییەکە، کاتی پێویستیان نەبوو بۆ خستنەڕووی ڕوونکردنەوەی گونجاو بۆ ئەو سیاسەتە تازانە. چەندین کاتژمێر تێ پەڕی بێ ئەوەی ڕۆژنامەوانی بابەتی نووسراوی هەبێ بۆ پشت پێ بەستنی لە ئامادەکردنی هەواڵێکی سەرەکی و ئاڵۆزدا، هەندێکیان هەندێک وردەکاری ناڕاستیان پێشکێش کرد. دواتر نووسینگەی ڕۆژنامەوانی حکوومی ناچار بوو وەک هەوڵێک بۆ ڕاستکردنەوەی زانیارییە هەڵەکان، چەندین حەفتە کار بکات.

ڕاگەیاندراوە مێدیاییەکان:

هەمیشە بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداوێکی ئایندەیی بەکار دەهێنرێ کە ئارەزووی گواستنەوەی ڕۆژنامەوانی لێ دەکرێ. ئەم ڕاگەیاندراوانە لە وەڵامدانەوەی "پێنج پرسیارەکە"دا هاوشێوەی ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکانن، بەڵام کورتترە، بۆ ئەوەی هانی ڕۆژنامەوانان بدات بۆ گواستنەوەی ڕووداوەکە ئامادەبن. هەندێک نووسینگەی ڕۆژنامەوانی ئەم زانیاریانە بە خەتێکی پان دەنووسێ و وردەکاری زیاتر دەنووسێ وەک سەرنجڕاکێشان بۆ ئەو ڕووداوەی کە لە داهاتوودا ڕوو دەدا. ڕاگەیاندراوە مێدیاییەکان بەهەمان شێوازی پەیڕەوکراو لە ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان ئامادە دەکرێت، لەگەڵ ڕێککەوت و ناوی کەسەکان بۆ پێوەندیکردن پێیانەوە و ژمارەی تەلەفۆن و "زوو بۆ بڵاوکردنەوە" و "بڵاوکردنەوەی قەدەغەیە تاکو..." لە

ســــەرەوەی لاپــەڕەکـــــە، لەگـــــەڵ #### وەک ئـامــــاژەیـەک بۆ ئـەوەی ڕاگەیاندراوەکە کۆتایی هاتووە.

بەڵاڤۆکی ڕاستییەکان:

بەڵاڤۆکی ڕاستییەکان یان نمایشی هەواڵی وردەکاری زیاتر لەگەڵ ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامـەوانییـەکە بە بەکارهێنانی ڕاستی و ژمارەکان پێـــشکێش دەکـــات، بـەڵام بێ ئـەوەی بـۆ فـــراوانکردنی زانیـــارییـــە هاتووەکـان لە ڕاگەیاندراوی ڕۆژنـامـەوانی وەرگرتـن بەکار بهـێنرێت. بەڵاڤـۆکی ڕاسـتـیـیـەکـان لە شـێـوەی داڕشـتنێکی خـوێنراوی باشـدا پێـشکێش دەکـرێ. گـەلێک جـار ناونیـشـانی لاوەکی بەهێـڵـی پان دەگرێتـەخـۆ و دەکـرێ بشـێـوێنـرێ. هەروەک ڕاپۆرتە مـێـدیاییـیـەکان، بەڵاڤـۆکی ڕاسـتـیـیـەکان هەمـان شـێـوازی ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامـەوانی پەیڕەو دەکات، وەک دەسـتـەواژەی "بڵاوکردنەوەی قـەدەغـەیە تاکو..." و "زوو بۆ بڵاوکـردنەوە". نـاوی کـەســەکـان بۆ پێـوەندی پێـوەکـردنیـان و ژمارەی تەلەفۆنەکانیان و #### وەک ئاماژەیەک بۆ کۆتایی پێهاتنی.

بەرپرسـانی یەکێک لە نووسینگە مێدیاییـیە حکوومییـەکان تێبینی ئەوەیـان کـرد، کـــە ئەنـدامـــانی بەشی ڕۆژنـامـــەوانی دێنە کـــۆنگرە ڕۆژنامـــەوانیـــیـــەکـــان و بابـەتەکـــانیـــان دەست دەکـــەوێ و، پێش دەستپێـکردنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە ئەوێ بەجێ دەهێڵن. گوتیاری ڕەسمی ڕۆژنامەوانی بڕیاری دا دوای دانیشتنە مێدیاییـیەکە بابەتەکە دابەش بکات بۆ ئەوەی پارێزگـاری لـە مـانەوەی ڕۆژنـامـەوانان بکات، بەڵام ئەمـە بێ ئاکام بوو. ژمارەیەک ڕۆژنامـەوان لە بەشـێکی دانیـشـتـە مێدیاییـیەکە مانەوە، دواتر زوو ئەوێیان بەجێ هێشت و ڕاپۆرتەکانیان بە پشـتـبـەستن بەو تێـبینیـیـانـەی کە نووسـیـبـوویانەوە ئامـادە کرد.

بەرپرسە ڕۆژنامەوانییەکان دیتیان کە هەندێ جار ڕۆژنامەوانان لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا هەڵەیان کردووە. ئەگەر ڕۆژنامەوانەکان پێش کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بابەتێکی نووسراویان دەست بکەوتایە کە ڕاستییە بنەڕەتییەکانی تێدا بوایە ئەوا ئەو زانیارییە هەڵانەیان نەدەگواستەوە. هەمیشە لای ڕۆژنامەوانان ژمارەیەک ڕووداو هەیە کە ئارەزووی بڵاوکردنەوەی دەکەن و، نابێ گوتیاری ڕەسمی گریمانە بکات کە ڕۆژنامەوانان بایەخمەند نین یان ڕاپۆرت ئامادە ناکەن، ئەگەر لە بەشێکی دانیشتنە مێدیاییەکە ئامادەبوون. زۆر کەس ئارەزووی ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبارەی ڕووداوەکە دەکات، بەڵام خشتەی کاتەکانیان دەبنە ڕێگر لە مانەوە تا کۆتای دانیشتنەکە، بەتایبەتی ئەگەر زیاتر لە کاتژمێرێک بخایەنێت.

## باشترین پێنج ئامۆژگاری

پێش ئامادەکردنی ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەوانی، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

- بۆچی ئەمە گرینگە و ئەمە چۆن هەواڵ پێک دەهێنێ؟
- خاڵە بنەڕەتییەکان چین؟
- ئەو توێژینەوانەی لە بەردەستن بۆ پاڵپشتی زانیارییەکان چین؟ ئەگەر ڕۆژنامەوانان داوایان کرد، ئایا دەکرێ بە ئاسانی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت؟
- کێیە کە دەکرێ لەبارەی بابەتەکە وەک ژێدەرێک وەربگیرێت؟
- بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر ئایا پێویست بە بەلاڤۆکی ڕاستییەکان دەکات؟

## بەشی هەشتەم

چاوپێکەوتنەکان

بەپێی توانا پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسە حکوومییەکان بەشێک بێ لە هەر ستراتیجییەتێکی مێدیایی. لەسەر بەرپرسی حکوومیش پێویستە پێش ئەوەی ڕەزامەندی نیشان بدات لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، بە وردی پلان دابنێ بۆ ئەوەی کە دەیەوێ جێبەجێ بێ و، ئەو جەماوەرەش دەستنیشان بکات کە بۆیان دەدوێ. نووسینەوەی ناونیشانی سەرەکی بۆ بابەتی چاوپێکەوتنەکەت یارمەتیدەرتە بۆ چڕبوونەوە لەسەر ئەو پەیامەی کە دەتەوێ ئاراستەی بکەی.

"جولیانا گلونەر" سکرتێری ڕۆژنامەوانی دیک چینی یاریدەدەری سەرۆک بوش دەڵێ: "دەبێ لەو ڕوانگەیەوە بە داواکردنی چاوپێکەوتندا بچێتەوە کە ئایا ئەمە کارنامەی ئەو بەرپرسەی نوێنەرایەتی دەکەم، بەرەو پێش دەبات". هەروەها دەڵێ: "هەموو داواکارییەک پێویستە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بۆ دیاریکردنی شێوازی دانەرەکە و لاگیرییەکەی، هەروەها دیاریکردنی سنوور و ئاراستەکانی گفتوگۆکە".

هەڵسەنگاندنی داوای چاوپێکەوتن:

لەکاتی وەرگرتنی داوای چاوپێکەوتن، ئامادەکردنی وەڵامی چەند

پرسـیـارێکی دیاریکراو یارمـەتیـدەرە بـۆ هەڵســەنگاندنی داواکـە. پرسیارەکانیش بریتین لە:

- ئەو بابەت یان لایەنە هەواڵییەی چاوپێکەوتنەکە چییە؟
- هێزی پاڵنەری هەواڵەکە چییە؟
- ئەو چاپەمەنییە یان تۆڕە تەلەڤیزیۆنی یاخۆ ئیستگەییە کامەیە کە دەیەوێ چاوپێکەوتنەکە بکات؟
- ئەو کەسە کێیە کە چاوپێکەوتنەکە دەکات؟
- کەی و لە کوێ دەیانەوێ چاوپێکەوتنەکە ئەنجام بدرێ؟
- ئەو مـاوەیە چەندە کـە ڕۆژنامـەوان داوای دەکـات بۆ بەڕێوەچوونی دیدارەکە؟
- دوا کاتی بابەتەکە کەیە؟
- کەی بڵاو دەکرێتەوە -پەخش دەبێ-؟
- سروشتی بابەتەکە چییە؟ چیرۆکێکی هەواڵییە، سـەربوردەیەکی کەسییە، دیمانەیەکی هەواڵییە، یاخۆ شێوازی پرسیار و وەڵامە؟
- ئایا دیدار لەگـەڵ کـەسـێکی تر لـەبارەی هەمـان بابـەتەوە ئەنجـام دەدرێ؟
- تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوی هەواڵی و ڕۆژنامەوانی چییە؟

زانینی ئەم شتانەی خوارەوە سوودبەخشە:

- ئەگەر ڕێکخراوە مێدیاییەکە تێڕوانینێکی ڕوونی لەبارەی بابەتەکە هەبێ.
- مەودای ئاگەداربوونی ڕۆژنامەوانەکە لەبارەی بابەتەکە چەندە؟
- ئەگـەر ڕۆژنامـەوان یان ڕێکخـراوە مـێدیاییـەکـە لە ڕابردوودا

شتێکیان لەبارەی بابەتەکە کردبێ، بۆ تیلمە ڕۆژنامەوانییەکان بگەڕێوە.

- مەودای هەستی دۆستانە یان دوژمنکارانەی ڕۆژنامەوان چییە؟
- جەماوەری ڕێکخراوە هەواڵییەکە کێیە؟

ئەو پرسیارانەی کە پێوەستن بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ئیستگەیی یان تەلەڤیزیۆنی و پێویستە بخرێنە ڕوو، بریتین لە:

- ئایا ڕاستەوخۆ پەخش دەبێ؟
- ئایا چاوپێکەوتنەکە لە ستۆدیۆ دەبێ یان بە تەلەفۆن، یاخۆ لە نووسینگەی بەرپرسی حکوومی یان لەهەر شوێنێکی تر دەبێ؟
- ئایا لە دوورەوە ئەنجام دەدرێ، بە بوونی ئەو کەسەی کە لە شوێنێکی تر چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێ، لە ڕێی گەیاندنی ئاسمانییەوە پرسیاری ئاراستە دەکرێ؟
- ئایا چاوپێکەوتنەکە تۆمار دەکرێ بۆ ئەوەی هەمووی پەخش بکرێ، یاخۆ چەند بڕگەیەکی سوودی لێ ببینرێ؟
- ئایا پەخشەکە پێوەندی تەلەفۆنی یان ئیمەیل لە بینەران و بیسەران، یاخۆ جەماوەری ئینتەرنێتەوە لەخۆ دەگرێ؟
- ماوەی پەخشەکە چەندە؟
- شێوازی بەرنامەکە چۆنە؟ ئایا کۆمەڵە کەسێکن گفتوگۆ دەکەن؟ یان تەنیا پێشکێشکار و میوانە؟ یاخۆ دوو پێشکێشکار و میوانێک؟ یان دوو میوان گفتوگۆ دەکەن؟
- ئەگەر میوانی تر هەیە، بە چ زنجیرەیەک دەپەیڤن؟
- ئایا چاوپێکەوتنەکە لە بەردەم جەماوەر دەبێ؟ جەماوەر چۆن دیاری دەکرێ؟

– ئایا دەکرێ ئامرازی بینراوی یارمەتیدەر بەکار بهێنرێ؟
– ئایا دەکرێ برگەی فیلم یان ڤیدیۆ بەکار بهێنرێ؟ ئەگەر وابوو، ئایا نووسینگەی ڕۆژنامەوانی دەرفەتی پێ دەدرێ بۆ نمایشکردن و ئامادەکردنی لێدوان یان وەڵامدانەوەی؟
بۆ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیی چاپکراو ئەم پرسیارانە دەکرێ:
– لە چ بەشێکی چاپکراوەکە وتارەکە بڵاو دەبێتەوە؟
– ئایا وێنەگری ڕۆژنامەوانی بۆ وێنەگرتن هەیە؟
– وێنەکان پێش یان لە کاتی یاخۆ دوای چاوپێکەوتنەکە دەگیرێن؟

## دیاریکردنی بنەماکانی چاوپێکەوتن

بۆ هەر چاوپێکەوتنێک پێویستە بنەماکان دەستنیشان بکەیت، بۆ نموونە: بەوەی بەشێوەیەکی ڕەسمی قسە دەکەی بۆ بڵاوکردنەوە و بەشێوەی ناڕەسمی بۆ بڵاونەکردنەوە و، چاوپێکەوتنەکە زیندوو بێ یان تۆمارکراو و، ماوەی چاوپێکەوتنەکە پێش ئەنجامدانی. هەوڵ مەدە لە کاتی یان دوای چاوپێکەوتنەکە ئەمە بکەیت، چونکە کات بەسەر دەچێت. بۆ نموونە، ئەگەر ڕۆژنامەوانێک داوای نیو کاتژمێری بۆ چاوپێکەوتن کرد، دەکرێ ماوەیەکی کەمتر دیاری بکەیت. ئەگەر داوای چاوپێکەوتن "لە دوورەوە" بوو، دەتوانی داوا بکەی چاوپێکەوتنەکە ڕووبەڕوو بێ. ئەگەر سەرپشک بیت، باشتر وایە چاوپێکەوتنەکە ڕووبەڕوو بێ، چونکە ئەم جۆرەیان تایبەتمەندترە و لە گفتوگۆکەوە نزیکترە و، دەتوانی تەماشای زمانی جەستەیی کەسی بەرامبەر بکەیت و، پێویستت بە ئامێری بیستەر نابێ بیخەیتە گوێتەوە کە لەوانەیە بکەوێ یان دەنگەکە خراپ بووبێ.

له وڵاته یەکگرتووەکاندا، ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێ، پێش بڵاوبوونەوە یان پەخشبوونی بواریان پێ نادرێ بە چاوپێکەوتن یان ئیقتیباسەکانیاندا بچنەوە، له کاتێکدا لە زۆر وڵاتدا ئەم بوارە هەیە. ئەگەر دەتەوێ چاوپێکەوتنەکە پێش بڵاوبوونەوەی ببینێ، پێویستە پێشوەختە ئەوە دیاری بکەیت.

## دوای ڕازیبوون لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن

ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەی گرینگە سێ خاڵی تێدا بێ بۆ ئەوەی لە چاوپێکەوتنەکەدا نیشان بدرێت، ئەمەش پارێزگاری لە تەرکیزی چاوپێکەوتنەکە دەکات، جەماوەریش ناتوانێ زیاتر لە سێ خاڵی سەرەکی وەربگرێ.

ڕۆڵی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی پەرەپێدانی ئەم زانیارییانەیە. پێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە ئەمانە دیاری بکە:

- ئەو سێ خاڵە کامەیە کە ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەی ئارەزوو دەکات جەختی لەسەر بکەیتەوە؟
- ئەو زانیارییانەی پاڵپشتی هەر کام لە خاڵەکانن بیاننووسەوە، بۆ نموونە، چیرۆک و گێڕانەوەکان. ئەمانە یارمەتیی خوێنەر، بیسەر، بینەر دەدا بۆ تێگەیشتنی خاڵە سەرەکییەکان. بۆ نموونە، ئەگەر یەکێک لە خاڵەکان بەرگریکردن بوو لە سیاسەتی نوێی ئابووری، ئەوا هۆکارەکانی گۆڕانکاری سیاسی ئێستا و چۆنیەتی کاریگەربوونی لەسەر جەماوەر، تۆمار بکە.
- ئەو پرسیارانە و وەڵامە گونجاوەکانی تۆمار بکە کە چاوەڕوان دەکەی لە چاوپێکەوتنەکەدا ئاراستەت بکرێ، زێدەباری سێ بابەتە

سەرەکییەکە بیر لە بابەتی تریش بکەوە. ڕۆژنامەوانان هەمیشە لە بابەتی مەبەستداری چاوپێکەوتنەکە دەچنە سەر پرسگەلی دیکە.

لە کاتی دانانی پرسیار و وەڵام، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

- ورووژاوترین پرس کە جێی مشتومڕ دەبێ، چییە؟ هەستیارترین بابەت کامەیە کە دەکرێ بخرێتە ڕوو؟
- سەختترین پرسیارە چاوەڕوانکراوەکان بۆ وەڵامدانەوەی، کامانەن و بۆچی؟
- بۆ یارمەتیدانت لە ئامادەکردنی بابەتێک، بیر لە بەکارهێنانی وتەیەک یان بڕگەیەکی دەنگی بکەوە، تاکو لەمیانەی چاوپێکەوتنەکە پێشکێشی بکەیت. بڕگە دەنگییەکە ڕاگەیاندراوێکی کورت و زمانپاراوە، پێوەستە بە پرسێکی فراوانتر کە لەخۆوە دیارە، بەڵام لە زۆربەی بارەکاندا پێشوەختە ئامادە کراوە. گەلێک جار لە هەواڵدا دووبارە دەبێتەوە، بەتایبەتی لە لایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئیستگەیی و تەلەڤیزیۆنییەوە.
- بڕیار بدە ئایا چاوپێکەوتنەکەت تۆمار دەکرد وێڕای ئەوەی ڕۆژنامەوانەکە تۆماری دەکەیت. تۆمارکردن هەمیشە بیرۆکەیەکی باشە بۆ دڵنیابوون لەو لێدوانانەی کە ڕاگەیاندراون و، بۆ ئاگەداربوونی گەورە فەرمانبەران، ئەوانەی گوێیان لە وتەکانت لە چاوپێکەوتنەکەدا نەبووە.
- لە وەڵامدانەوەی پرسیارگەلی دیاریکراودا خۆت ڕابهێنە.
- ڕاستەوخۆ پێش چاوپێکەوتن، بەشێوەیەکی خێرا پرسە گەرمەکان ئامادە بکە. ئەو کەسەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان ڕێک دەخات "هەمیشە سکرتێری ڕۆژنامەوانی دەبێ" پێویستە دوایین هەواڵ بە

بەرپرسە حکومییەکە ڕابگەیەنێت و، نەهێڵێ بەرپرسەکەی تەنگاو بێ.

- پێش چاوپێکەوتنەکە، زانیاریی بە ڕۆژنامەوانەکە بدە، لەوانەیە پاڵپشت بێ بۆ پرسەکانت. ئەمەش ژینامە و ڕاگەیاندراوی ڕاستییەکان و گوتارەکان و وێنە و ڕاپۆرتەکان لەخۆ دەگرێ.
- لە پێشنیازکردنی پرس و بابەت بۆ ڕۆژنامەوانەکە بۆ ئەوی لێت بپرسێ، مەترسە.

## لە کاتی چاوپێکەوتندا

چاوپێکەوتنەکە بکە هی خۆت. دەتوانیت زیاتر لەوەی چاوەڕوان دەکەی کۆنترۆڵی چاوپێکەوتنەکە بکەی. وا لێک نەدەیتەوە کە تۆ تەنیا لەبەر پرسیار لێکرانت ناتوانی کۆنترۆڵی ئەوەی کە دەیڵێی بکەی. جارێکیان یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەمریکا گوتی: "پرسیاری خراپ نییە، بەڵکو وەڵامی خراپ هەیە".

ئەمانە ئەنجام بدە:

- پێش دەستپێکی چاوپێکەوتن ئەو بنەمایانە دەستنیشان بکە کە پێوەستن بە چۆنیەتی ئەوەی کە دەتەوێ ئەو قسانە بەناوی تۆوە بێ. هەمیشە ئەو کەسەی چاوت پێی دەکەوێت بەجۆرێکی ڕەسمی قسە دەکات کە بۆ بڵاوکردنەوە بێ. ئەگەر ئەمە بەتەواوی ڕوون نەبێ، پێش دەستپێکی چاوپێکەوتنەکە ڕوونی بکەوە.
- کورتبڕ بە. لە وەڵامە درێژ و پڕ وردەکارییەکاندا خاڵە گرینگەکان لە بیر مەکە. ڕستەی کورت و ڕوون بەکار بهێنە.
- بە بەکارهێنانی بڕگەی دەنگی بدوێ.

- لەگەڵ پەیامەکەتدا بمێنەوە و لەمیانەی چاوپێکەوتنەکە بە بەردەوامی بۆ سێ خاڵە سەرەکییەکە بگەڕێوە و، هەموو پرسیارەکان بەو خاڵانەوە ببەستەوە.
- دەرەنجامەکانت بە گرینگترین دێری شیاو بۆ ئیقتیباس بخەرە ڕوو، بۆ ئەوەی لە گەیاندنی خاڵە سەرەکییەکان دڵنیابیتەوە، پاشان بە ڕاستییەکان پاڵپشتییان بکەوە.
- وێنەی وشەی پۆزەتیڤی وەسفی بەکار بێنە کە تێگەیشتنی بۆ خەڵک ئاسان بێ.
- بەڵگەکانت بخەرە ڕوو، ڕاستی و ئامارو نموونە و سەربوردە و دەستەواژە ئیقتیباسەکان و چیرۆکەکان بەکار بێنە.
- خەڵک وەبیری دێتەوە بە چی کاریگەر دەبێ و چی هانیان دەدا، هەروەها شارەزایی خەڵکی تریان وەبیر دێتەوە. ئەمە جگە لە وەبیرهاتنەوەی دەستەواژە وێنابینییەکان، بۆ نموونە، دەستەواژەی "هێندەی گەورەیی بارهەڵگرێکی بچووک" لە بیر دەمێنێ، وەک لە دەستەواژەی "گەورە" بەتەنیا.
- وای دامەنێ ڕاستییەکان لەبارەی خۆیانەوە قسە دەکەن. وەڵامەکانت بە وردی ڕوون بکەوە. وای دامەنێ کە هەر ڕۆژنامەوان، خوێنەر، بیسەرێک هێندەی تۆ لە بابەتەکە دەزانێ.
- پارێزگاری لە ئەرێنییەکەت بکە. ئەگەر پرسیارێکی نەرێنیت ئاراستە بکرێ، بۆ خاڵە سەرەکییەکان بگەڕێرەوە.
- زانیارییە هەڵەکان بە پەلە ڕاست بکەوە.
- شتێکی وا مەڵێ کە دواتر ئامادە نەبیت لە ڕۆژنامەدا بیبینی یان بیبیستی.

- ئەگــەر ڕۆژنامــەوان یان نـووسـیــارەکـە بڕیاری دا ئەو بەشـەی لێـدوانـەکـەت بەتەنیـا بەکـار بێنێ، دوور بکەوە لەو لێـدوانـانەی کـە لەوانەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی خۆی بەکار بهێنرێ یاخۆ بە خراپ لێک بدرێتەوە.
- هەرگیز دەستەواژەی "قسـەم نییـە" بەکـار مەهێنە، گەلێک جـار دەتوانی لەجیـاتی قسـە نەکـردن شـتێک بڵێی وەک "من ئەمـڕۆ ئامادەباش نیم بۆ قسـەکردن لەوبارەیەوە" یاخۆ "گونجاو نییە بۆ من لەم قۆناغەدا باسی ئەوە بکەم".
- زمانی زاراوەیی لە لێدوانەکەتدا بەکار مەهێنە.
- ڕوون بە، بوارێک مەدە بە ئامـرازەکـانی ڕاگـەیاندن بۆ لێکدانەوەی ئەوەی مەبەستیانە، لەوانەیە بە خراپ لێی تێ بگەن.
- هەمـیـشـە پارێزگـاری لە ڕاسـتی گـوتن بکە. ئەگــەر وەڵامی پرسیـارەکەت نەزانی، وا بڵێ. دواتر وەڵامی پرسیـارەکە بەو کەسـە بڵێ کە چاوپێکەوتنەکەی ئەنجامداوە.

### بەردەوامبوون لەسەر تەرکیز

دەستەواژە و وشەی پێوەست بە یەک بەکار بێنە بۆ گەڕانەوە بۆ سێ خاڵەکەت، وەک:

- "پرسە ڕاستەقینەکە برێتییە لە ...".
- "ڕێگەم پێ بدە ئەوەش زیاد بکەم ... ".
- "گرینگە ئەوە لە بیر نەکەین ...".
- "گرینگە دڵنیابینەوە لە ...".
- "لەوە گرینگتر ئەوەیە ...".

- "گرینگترین خاڵ که پێویسته به بیرمان بێتەوە ...".
- "لەم چوارچێوە گشتییەدا، لەو پرسیارانەی کە هەمیشە لێم دەکرێ...".
- "ئەمە پێوەستە بە یەک لایەنی پرسێکی گەورەتر ...".
- "بەڵێ لەگەڵ ئەوەشدا ...".
- "نەخێر، ڕێگەم پێ بدە ڕوونی بکەمەوە ...".
- "هێشتا زووە قسە لەوبارەیەوە بکەین تاکو هەموو ڕاستییەکان لە بەردەست دەبن، بەڵام دەتوانم پێت بڵێم ...".
- "لەوە دڵنیا نیم، بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەوەیە ...".
- "ڕێگەم پێ بدە ئەمە بخەمە چوارچێوە ڕاستەقینەییەکەی ...".
- "ئەمە شتێکم وەبیر دەخاتەوە کە ...".
- "ڕێگەم بدەرێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە ...".
- "من خۆشحاڵم کە ئەو پرسیارەت لێ کردم، لەوانەیە لای خەڵک تێگەیشتنێکی هەڵە هەبێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ...".

هەمیشە هەوڵ بدە چاوپێکەوتنەکە بکەیتە هی خۆت. هەروەک "هنری کیسنجەر" وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بە گاڵتەوە گوتی: "کەس پرسیاری هەیە بۆ وەڵامەکانم؟".

### لە چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنیدا چۆن کارا دەبیت؟

ئەگەر چاوپێکەوتنەکە ڕووبەڕوو بوو، ڕاستەوخۆ تەماشای ئەو کەسە بکە کە چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکات. ئەگەر چاوپێکەوتنەکە لە

دوورەوە بوو و، ئەو کەسەی چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکات لەوێ نەبوو ئەوا تەماشای کامێراکە بکە، کامێراکە لە جێی کەسەکە دەبێ.

- بە پەرۆش و چالاک بە، لەوانەیە تەلەڤیزیۆن زیندوویی کەسەکە نەهێڵێ و وەک کەسێکی نا کاریگەر پیشانی بدا.
- جلوبەرگێک بپۆشە کە ڕەنگەکانی گونجاو بن، دەکرێ ڕەنگی کراوە بێ، بەڵام بەتەواوی سپی یان ڕەش نەبێ، ڕەنگە مامناوەندییەکان پەسەندترن. دوور بکەوە لە ڕەنگی قاوەیی و نەخشی چوارگۆشە و هێڵکاری یان ڕەنگ کراوە، پارچەی بریقەدار لەبەر مەکە.
- بۆ ئافرەتان، زێدەڕۆیی مەکە لە بەکارهێنانی خشڵ وەک گوارەی قەبارە گەورە، کە بایەخدان بە پەیامەکەت کەم دەکاتەوە.
- بۆ پیاوان، کراسێکی وا لەبەر مەکە، ڕەنگەکەی لە ڕەنگی بۆینباخەکە تۆختر بێ.
- لەپێشەوە دابنیشە و ڕوو بکەرە کامێراکە.
- بزاوی سروشتی دەست بەکار بهێنە، بۆ ئەوەی گرژ و پەرێشان دیار نەبیت.
- ئەو وەڵامانە مەدەوە کە لە وشەی یەک بڕگەیی پێک هاتووە.
- زاراوە پیشەیی یا هونەرییەکان یاخۆ دەستەواژەی کورتکردنەوەی ناو، بەکار نەهێنیت.
- ئەگەر دەتەوێ خاڵێک ڕوون بکەیتەوە یان ئیزافەت هەبێ بۆ گفتوگۆکە، قسەی بەرامبەرەکەت ببڕە. چاوەڕوان بکە لە میوانەکەت ڕێزت بگرێ، بەڵام بەبێ ئابڕووانەش مامەڵە مەکە.
- لە زۆر بەکارهێنانی ژمارە دوور بکەوە، چونکە کاریگەری لای

جەماوەر بەجێ ناهێڵێ. کاتێک ناچار بووی ژمارە بەکار بێنی، بەنزیکەیی باسی بکە بۆ ئەوەی وەرگرتنی ئاسان بێ. بۆ نموونە، لەجیاتی ئەوەی بڵێی ٤٤٤ هەزار، بڵێ نزیکەی نیو ملیۆن.

## دوای چاوپێکەوتن

- ئەگەر بەڵێنت بە ڕۆژنامەوانەکە داوە بە پێدانی زانیاری زیاتر، زوو بەدوایدا بچۆ.
- لەگەڵ فەرمانبەرە مێدیاییەکاندا قسە بکە، بۆ ئەوەی ئەوەی چاوەڕوانی دەکەن، بیزانن.
- چاوپێکەوتنەکە هەڵبسەنگێنە. تێبینی بۆ نووسین لە دۆسیەکەتدا: سیماکانی سەرکەوتن لە چاوپێکەوتنەکەدا چین؟ دەکرا چی باشتر بوایە؟ تێبینییەکانت بۆ چاوپێکەوتنەکە لە ئەرشیڤی هەمیشەییتاندا بپارێزن.

## لیستی وێنەکان

وێنە هەر وەکو وشە، چیرۆکێک دەگێڕێتەوە. لە کاتی بەکارهێنانی وێنەدا ئەمانەی خوارەوەت لە بیر بێ:

- بڕیار بدە کە دەتەوێ ئەم وێنەیە چی وەدی بهێنێ.
- وێنەی ئەوە بکێشە کە دەتەوێ بۆ ڕێنیشاندان بە وێنەکەوە جێبەجێ بێ.
- وێنەی بولاروید بۆ هەر وێنەیەک بگرە، یان پێش گرتنی وێنە لە هاوێنەی کامێراکەوە لە دیمەنەکە ورد بەوە.

## باشترین پێنج ئامۆژگاری

هەڵسەنگاندنی دوای چاوپێکەوتن

- ئامرازە مێدیاییەکە چییە و ئەو کەسە کێیە چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدا؟
- ماوەی پێویست چەندە و، دوا کات کەیە؟
- چاوپێکەوتنەکە کەی بڵاو دەبێتەوە یان پەخش دەبێ و، سروشتی چیرۆکەهەواڵەکە چییە؟
- جۆری ئامرازە مێدیاییەکە چییە؟ بۆ تەلەڤیزیۆن، ئایا زیندوو یان تۆمار کراوە، هەمووی بڵاو دەبێتەوە یاخۆ چەند برگەیەکی لێ وەردەگیرێت؟ بۆ رۆژنامەی چاپکراوە، لە چ بەشێکی رۆژنامە یان کۆوارەکە بڵاو دەبێتەوە، ئایا وێنەشی لەگەڵ دەبێ؟
- ئایا کەسەکە کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکات یارمەتیدەری دیتنیی بەردەست دەخات؟

## دوای رەزامەندیی لەسەر چاوپێکەوتن

- سێ خاڵ ئامادە بکە بۆ خستنەرووی لە چاوپێکەوتنەکە، لەگەڵ نموونە و سەربوردە و برگەی دەنگی وەک پاڵپشتییەک بۆی.
- وەک خۆراهێنان پرسیار و وەڵام ئامادە بکە.
- مەشق بکە.
- پێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، چاو بە نوێترین هەواڵەکاندا بخشێنەوە.
- پێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بنەماکان دیاری بکە.



مارگریت سولیفان (٨)

### لە کاتی چاوپێکەوتن

- پارێزگاری لە مانەوە لەگەڵ پەیامەکەت بە سێ خاڵەکەوە بکە.
- کورتبڕ و ڕوون بە.
- سەربوردە و ڕاستی و پەند و نموونە پێشکێش بکە.
- هەرگیز مەڵێ "قسەم نییە".
- ڕاستی بڵێ، مەترسە لەوەی کە بڵێی وەڵامەکەی نازانم، ئەگەر هەر بەڕاستی نازانیت.

### لێدوان بەشێوەیەکی ڕەسمی

بەمەبەستی بڵاوکردنەوە و ناڕەسمی بەمەبەستی بڵاونەکردنەوە

قسەکردن بەشێوەیەکی ڕەسمی بەمەبەستی بڵاوکردنەوە شێوازێکی پەسندە بۆ قسەکردن لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. لەبەرئەوەی دەتەوێ زانیارییەکانی پێوەست بە بەرنامە یان بیرۆکە یاخۆ پەیامەکەت بگاتە جەماوەر، ئەی بۆچی ناوت پێوەی نەلکێ؟

"دی دی مایرز" گوتیاری ڕەسمی پێشووی کۆشکی سپی دەڵێ: "سەلامەتترین ڕێگەکانی کارکردن ئەوەیە گریمانەی ئەوە بکەی کە ئەوەی بۆ ڕۆژنامەوان دەڵێی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو دەبێتەوە، بەتایبەتی لە سەرەتادا پێش ئەوەی ئەو ڕۆژنامەوانانە بناسی کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەی و، پێش ئەوەی متمانە بکەی بەوەی بە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە ڕازی دەبن".

لەوکاتەی پێوەندیت لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژنامەوانەکاندا پەرە پێ دەدەیت، دەزانیت لەگەڵ کێ دەتوانیت بەئازادی قسە بکەیت. "مایرز"

دەڵێ: "لەو کـاتەدا دەتوانی زانیـاریی پاشـخـان بەکـار بهـێنیت وەک ئـامـــرازێک بـۆ ڕوونـکردنـەوەی بابـەتـە زۆر ئاڵـۆزەکــان، بـەبێ ئـەوەی سـەرکێشی ئەوە بکـەی کە لێدوانەکانت لە دەرەوەی چوارچێوەی خۆی بەکـار بهێنرێت". هـەروەها دەڵێ: "بەڵام لەو وڵاتانـەی کـە سـیسـتـەمی دیموکـراسـیـیـەتیـان تازە لێ پەیڕەو دەکـرێت، بنەمـاکـان ڕوون نین، لەوانـەیە لە کــاتی لێـدوان بەشــێـوەیەکی نـاڕەســمی بەمــەبەســتی بڵاونەکردنەوە، تووشی ئازار ببیت".

پێـویسـتـە ئـەو بنەمـایانە دەسـتنیـشـان بکرێت کـە بەو پێـیـە قسـە دەکــەیت، پێش ئـەوەی قـســە بکەیت نـەک دوای ئەوە. مـەرجــەکـانیش بریتین لە:

- بەشێوەیەکی ڕەسمی بەمەبەستی بڵاوکردنەوە: کاتێک بەشێوەیەکی ڕەسـمی بەمـەبـەسـتی بڵاوکـردنەوە قـسـە دەکـەیت، هـەر شـتێک کـە دەیڵـێی بـۆ ڕۆژنامـەوانەکـە، دەتوانـێ بەکـاری بهـێنـێ و بە (ناو)ەوە بیخاتە پاڵت.
- لێدوانی پاشـخـان: کـاتێک بە ڕۆژنامـەوانەکە دەڵێی لەسـەر بنەمـای پێـشـکێـشکردنی زانیـاریی پاشــخـان قسـە دەکـەیت، ئەوەی کـە تۆ دەیڵێی دەتوانێت بڵاوی بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت بە ناو یان نازناو بۆ تۆی بگەڕێنێتـەوە. لەجیـاتی ئەوە ڕۆژنامـەوان لێـدوانەکانت دەخـاتە پـاڵ نـازنـاوێکـی پێـــشـــوەخت ڕێککەوتـن لـەســـەرکـــراو، وەک "ســەرچاوەیەکی زۆر ئاگـەدار" یان "شــارەزا" یاخــۆ "بەرپـرسـێکی حکوومی".
- لێدوانی پاشـخـانی نـهێنی: پێش ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، کاتێک ئەوە دیاری دەکەی کـە تەنیا لەسـەر بنەمـای پاشـخـانی نهێنی قسـە

دەکەی، ڕۆژنامەوان، زانیارییەکان بەکار دەهێنێ بێ ئەوەی وە ئەستۆی کەسێکی بخات. هەر شتێک لە چاوپێکەوتنەکە بگوترێ دەکرێ بەکار بهێنرێ، بەڵام نەک بەشێوەی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ یان وەئەستۆخستنی لایەنێک.

– لێدوانی نارەسمی بەمەبەستی بڵاونەکردنەوە: کاتێک بەشێوەیەکی نارەسمی بۆ بڵاونەکردنەوە قسە دەکەیت، زانیاریی بە ڕۆژنامەوانەکە دەدەیت تەنیا بۆ ئاگەداربوونی، بەهیچ شێوەیەک ناکرێ ئەوە بەکار بهێنرێ یان بڵاو بکرێتەوە. دەبێ ڕۆژنامەوانەکە ئەو زانیارییانە نەداتە سەرچاوەیەکی تر.

جاروبار گوتیارە ڕەسمییەکان بۆ دابینکردنی چوارچێوە بۆ پرسێک، دانیشتنە نارەسمییەکان بۆ بڵاونەکردنەوە بەکار دەهێنن، کاتێک دەرکەوت ڕۆژنامەوانێک سەرکەوتوو نەبووە لە تێگەیشتنی هەواڵەکە و دەستکەوتنی لێدوان لەبارەی زانیاری بەشێوەیەکی ڕەسمی بۆ بڵاوکردنەوە. دەکرێ بە زانینی پاشخان وێنەیەکی پەسندتر بە چیرۆکەهەواڵییەکە ببەخشێ.

لەم بارەیەوە گوتیارێکی ڕەسمی حکوومی دەڵێ: "هەڵوەشاندنەوەی هەواڵ لەوانەیە بە دەستکەوت دابنرێ و، ئەمە ببێتە هۆی پاشەکشێی پەیامنێران یان نووسیاران لە گێڕانەوەی نادروست، کە لەوانەیە ئامادەبن بۆ بڵاوکردنەوەی. باشترین سەرکەوتن لەم مەیدانەدا گەلێک جار ئەو کاتە دەبێ کە شتێکت هەبێ بۆ دەربڕینی کار و کۆششە بەردەوامەکەت پێشکێشی بکەی، ئەوا سەرکەوتوو بووی لە هەڵوەشاندنەوەی چیرۆکێکی هەواڵی کە ئەگەر بڵاو نەکرێتەوە داتاشراو دەبێ".

# بەشی نۆیەم

## کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان

کـۆنگرە ڕۆژنامــەوانیــیــەکـان، نـوێنەری ئامــرازەکـانی ڕاگـەیاندن و جـەمـاوەر لـەگـەڵ بەرپرسـێکی حکوومـی یان زیاتر، لە دانیـشـتنێکی پرسـیـار و وەڵامـدا کـۆ دەکـاتەوە، هەمـیـشـە لە شـوێنێک دەبێ کـە بەرپرسە حکومییەکە دەستنیشانی دەکات. کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان دەرفـەتێک بە هـاووڵاتیـان دەبەخـشێ، تا لە ڕێی ڕۆژنامـەوانیـیـەوە لە بەرپرسـە حکوومـیـیـەکان بپـێـچنەوە و، دەرفـەتێکیـشـە بۆ بەرپرسـە حکوومییەکان تاکو لە ڕێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیامـەکەیان بۆ گەل بگوازنەوە.

"دیڤید بیکویز" گوتیاری پێشووی یاریدەدەری سـەرۆک دەڵێ: "کاتێک بەشـێوەیەکی ڕێکوپێک کـۆنگرەیەکی ڕۆژنامـەوانـی سـاز دەکـەی، ئەم کـۆنگرانـە بوارێک بۆ بـەتاڵکردنـەوەی گـوشــار دەبەخـشێ". هـەروەهـا دەڵێ: واتە جـۆرێک لە گوشـاری هـەڵچوو لای ئەو ڕۆژنامـەوانـانە هەیە کە پرسـیـاریان هەیە و دەیانـەوێ وەڵامـەکانیـان دەسـتبکەوێ، لە دوای کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە ئەو گوشارە کەم دەبێتەوە.

"بیکویز" دەڵێ: "سـازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامـەوانی بیرۆکەیەکی باشـە، چونکە شـتـێکت هەیە ڕای دەگـەیەنی یان شـتـێکی ئەرێنی دەڵێی". هـەروەهـا دەڵێ: "بیـر بکەوە، بۆچـی ئەم کارە دەکـەی و ئاکامـەکەی چی دەبێ".

## پێش سازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی

هەنگاوی یەکەم لە سازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دڵنیابوونە لە بوونی هەواڵ. بەدەگمەن ئەوە دەبێتە کێشە بۆ سەرۆکی وڵات، بەڵام سەبارەت بە سەرۆکی حکوومەتێکی بچووک یان ئاژانسێک، ئەوا سەرنجڕاکێشانی ڕۆژنامەوانی دژوارتر دەبێ. ڕۆژنامەوانان نایانەوێ کاتی خۆیان بە شتێکی نەشیاو «وەک خۆیان وای لێک دەدەنەوە» بەهەدەر بدەن، لە کاتێکدا هەواڵی تری سەرنجڕاکێش هەیە.

ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی خۆی لەم هەنگاوانەدا دەبینێتەوە:

- بابەتی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە دیاری بکە و ئایا هەواڵ هەیە بۆ ڕاگەیاندنی.
- بڕیار بدە ئایا پێویست بە سازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دەکات، یان ئایا ڕۆژنامەوانان دەکارن چیرۆکەهەواڵێکی ورد و گشتگیر ئامادە بکەن، بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی و بەلاڤۆکی ڕاستییەکان و پێوەندی تەلەفۆنی بەدواداچوو.
- بڕیار بدە لەوەی کە بەرپرسی حکوومی لە ڕاگەیاندراوی دەستپێکدا دەیڵێ.
- چەند خاڵێک بۆ توێژینەوە بۆ بەرپرسی حکوومی لە ڕاگەیاندراوی دەستپێکدا بنووسەوە. وەک لە چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنی پەیڕەوی دەکەیت، تەنیا جەخت لەسەر سێ خاڵەکە بکەوە. هەر ژمارەیەکی لەوە زیاتر، زیادە دەبێ.
- ئەو پرسیارە چاوەڕوانکراوانە بنووسەوە کە لەوانەیە بخرێنە ڕوو،

لەگەڵ وەڵامی گونجاو بۆ هەریەکەیان.

لەوانەیە پرسیار و وەڵامەکان لە بازنەی بابەتی بڕیار لەسەردراوی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە تێ پەڕێ، چونکە ئەگەری هەیە ڕۆژنامەوانەکان پرسیاری دەرەوەی چوارچێوەی پرسەکە بکەن. هەندێک نووسینگە لیستی بابەتەکانیان لە ناو کۆمپیوتەرەکەیان هەڵگرتووە و، بە بەردەوامی نوێ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی هەر جارە و سەرلەنوێ نەنووسرێتەوە.

- ڕۆژێک پێش کاتی دیاریکراو بۆ کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی تاقیکاری ڕێک بخە، بەتایبەتی ئەگەر بەرپرسە حکومییەکە لە وەڵامدانەوەی پرسیارە ئەگەرییەکان ئاسوودە نەبوو. فەرمانبەرانی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی رابسپێرە، بەوەی خۆیان بە ڕۆژنامەوان پیشان بدەن و پرسیار لە بەرپرسەکە بکەن، ئەمەش بوار بە بەرپرس و فەرمانبەرەکان دەدا ئەو کەلێنانەیان بۆ ئاشکرا بێ کە لە وەڵامەکاندا دەردەکەوێ.
- کاتی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بە وریاییەوە دەستنیشان بکە. کاتی ڕووداوەکە لەگەڵ دەفتەری درێژخایەنی نووسینگە حکومییەکان بەراورد بکە، بۆ دڵنیابوون لە پێکدانەدانی لەگەڵ ڕووداوە ڕۆژنامەوانییەکانی تر لە هەمان ڕۆژدا.
- کاتژمێرێکی دیاریکراو بۆ سازدانی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە دیاری بکە.
- شوێنێک هەڵبژێرە کە گەیشتن پێی ئاسان بێ و بۆ پێداویستییە هونەرییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەبار بێ. هەروەها دەبێ شوێنەکە لە ڕووی شێوەوە سەرنجڕاکێش بێ و تەواوکەری پەیامەکە

بێ. بۆ نموونە، ئەگەر بابەتەکە لەبارەی کشتوکاڵەوە بێ، کێڵگەیەک وەکو پاشخانی ڕووداوەکە دەستنیشان بکە. ئەگەر پێوەست بێ بە فێربوونەوە، لەوانەیە گونجاوترین شوێن کتێبخانەی قوتابخانەیەک ببێ.

– بڕیار بدە لەوەی ئایا یارمەتیدەرە دیتنییەکان لە کۆنگرەکەدا بەکار دەهێنی. ئایا کەرەسەیەکی باشی دیتنی هەیە، وەک نەخشەیەکی گەورەی ڕوونکردنەوەیی کە بکرێ بەرپرسە حکومییەکە لە کاتی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بەکاری بهێنێ؟ لە تەنیشت بەرپرسەکە دابنێ بۆ ئەوەی کامێراکانی تەلەڤیزیۆنەکان بتوانن وێنەی بگرن. وێنەی کەرەسە دیتنییەکە بگرە و کۆپییەک لە خوێنراوە ڕۆژنامەوانییەکە دابنێ، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانەکان لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانیان بۆی بگەڕێنەوە و، لە ڕۆژنامەشدا بڵاوی بکەنەوە یان لە کاسێتدا نمایشی بکەن.

– بڕیار بدە لەوەی کێ بەرپرسە حکومییەکە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا پێشکێش دەکات و، کێ کۆتایی بە کۆنگرەکە دەهێنێ.

– ڕۆژنامەوانەکان ئاگەدار بکەوە. زێدەباری ئەوانەی کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چالاکییەکانی بەرپرسەکە دەگوازنەوە، لەوانەیە بە پشتبەستن بە بابەتەکە ئارەزووی فراوانکردنی لیستی ڕۆژنامەوانەکانت کردبێ.

– پێش کاتی ڕووداوەکە، بە تەلەفۆن پێوەندی بەو ڕۆژنامەوانانەوە بکە بۆ وەبیرهێنانەوەیان. هەوڵ بدە زانیارییەک لەبارەی ئەو کەسانە گەلاڵە بکەی کە دێن یان نایەن، نەوەک پێویستت بە ژوورێکی

گەورەتر یان بچووکتر هەبێ.

- ڕاگەیاندنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە لەسەر دەفتەری یەکێک لە ئاژانسەکانی هەواڵ دابنێ.
- فاکس یان ئیمەیل بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی دەرەوەی شار بنێرە کە لەوانەیە بایەخمەند بێ بە بابەتەکە، بەڵام نەتوانێت ئامادەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بێ.
- کاتێکی تەواو تەرخان بکە بۆ نووسینەوە و چاپکردن و کۆکردنەوە و گواستنەوەی هەر بابەتێکی ڕۆژنامەوانی، وەک خوێنراو و ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و نمایشە هەواڵییەکان و سەربوردە و وێنەکان.
- بڕیار بدە لەوەی پێدانی ڕاگەیاندراوەی کەسی بە ڕۆژنامەوانان پێویستە یان نا. واتە ئایا بانگهێشتەکە بۆ چەند ڕۆژنامەوانێکی دیاریکراوە؟
- هەموو پێویستییە هونەرییەکانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بەڕێوە ببە. ڕووناککەرەوە و وایەرە تایبەتییە کارەباییەکان و وەرگێڕان و سندوقی بەستنەوەی ئامێرەکانی تۆمارکردن، ڕێک بخە. لە کارکردنی هەموو ئامێرە بەکارهاتووەکان دڵنیابەوە.
- یەکێک لە فەرمانبەران بە بەڕێوەبردنی پێویستییە لۆجیستییەکانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ڕابسپێرە. پێویستە ڕۆژی ڕووداوەکە و لە پێش کاتی دیاریکراو ئامادە بێ و، ئامادەباش بێ بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی لۆجیستی چاوەڕوانکراو، وەک دەنگەدەنگی دەرەکی و خراپی کەشوهەوا، ئەگەر ڕووداوەکە لە فەزای دەرەوە بوو.

## ئەگەر کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە لە شوێنێکی تر بوو

- بڕیار بدە ئایا پێویستت بە ژووری چاوەڕوانی یان هۆڵی میوانداری بۆ بەرپرسە حکومییەکە هەیە یان نا.
- رووبەرێکی تەواو بەردەست بخات بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە هونەرییەکانی ڕۆژنامەوانان.
- ناو و ژمارەی تەلەفۆن و مۆبایلی کەسە گرینگەکان لەگەڵ خۆت بۆ شوێنەکە بێنە، وەک سەرۆکی هێزی ئاسایش و سەرپەرشتیاری چاککردنەوە و فەرمانبەرانی پێوەندییە گشتییەکان. لەگەڵ ئەوەی تۆ لە شوێنێکی تر میوان دەبیت، پێویستە پلان بۆ هەموو لایەنەکانی ئەو ڕووداوانە دابنێی کە لە دەرەوەی شارەکە ڕوو دەدا. بەهەمان ئەو گرینگییەی کە لە پلانی ڕووداوەکانی ئەو شوێنەی تێیدای دادەنێی. کاروبارەکان لەوانەیە رووبەڕووی گرفت ببنەوە، بەڵکو ئەمە گەلێک جار ڕوو دەدا. بۆ نموونە، بەرپرسێکی حکوومی بۆ بەگەڕخستنی دەزگاکانی نەخۆشخانەیەکی نوێ چەند کاتژمێرێک گەشتی کرد. ئەو و سکرتێرە ڕۆژنامەوانییەکەی دەیانزانی کە لە دوای ئاهەنگی وەگەڕخستنەکە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانان دەداتەوە، بەڵام ئامادەکاری شوێنی سازدانی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکەیان فەرامۆش کرد، دواجار بەرپرسەکە ناچار بوو لە یەکێ لە ڕێڕەوەکانی نەخۆشخانەکە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بۆ (١٥) ڕۆژنامەوان ساز بکات، کە تیمێکی موزیکی قوتابخانەیی لەوێ بوون و بەدەنگێکی بەرز موزیکیان دەژەنی، وای کرد ڕۆژنامەوانەکان گوێیان لە دەنگی بەرپرسەکە نەبێ و، لەبەر تەنگەبەری جێگەکە وێنەگرانی تەلەڤیزیۆنی نەتوانن وێنەی باش

بگرن. گوتیاری ڕەسمی دەبوایە بەلای کەمەوە حەفتەیەک پێشتر، داوای لە بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکە بکات ژوورێک بۆ سازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ئامادە بکات و، ئاگەداری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بکاتەوە لە بوونی شوێن و لە کاتی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە و، یاریدەدەرێکی ڕۆژنامەوان ڕابسپێرێ بۆ گەشتکردن لەگەڵیدا بۆ ئەوەی کاتژمێرێک پێش کاتی دیاریکراو بۆ کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بچێتە ژوورەکە. لەجیاتی ئەوە، ڕۆژنامەوانەکان تێکشکاو بوون و بەرپرسە حکومییەکە دەرفەتی چیرۆکێکی هەواڵیی باشی لەدەست دا.

## لە کاتی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا

- لیستێک بۆ واژووکردنی ناوی ڕۆژنامەوانەکان و هەر میوانێکی تر ئامادە بکە بۆ ئەوەی بزانیت کێ ئامادە بووە.
- لە سەرەتای کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە، ڕۆژنامەوانان ئاگەدار بکەوە لەو ماوەیەی کە گوتیارەکە قسە دەکات. ئامادە بە بۆ ڕاگرتنی پرسیارەکان ئەگەر کاتی دیاریکراو تەواو بوو.
- پارێزگاری لە کورتی ماوەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بکە. ڕۆژنامەوانی زیاتر سنگفراوانی لەگەڵ ئەو بەرپرسە هەیە، کە لێدوانەکەی بەکورتی دەدا پاشان دەرگەی پرسیار دەکاتەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو بەرپرسەی کە بۆماوەی نیو کاتژمێر گوتار دەدا.
- کاتێک بۆ پرسیارکردنەکان بهێڵەوە.
- لێدوانی بەرپرسە حکومییەکە تۆمار بکە بۆ ئەوەی دەرفەتی نووسینەوەی دەقەکەی و پاراستنی لە تۆمارێکی هەمیشەییدا هەبێ.

- وەڵامی ئەو پرسیارانە دەست بخە کە وەڵامی نەدراوەتەوە. ئەگەر بەرپرسەکە نەیتوانی وەڵامی پرسیارێک بداتەوە، پێویستە وا بڵێت، بەڵام بەڵێن بە ڕۆژنامە بدات کە لە کاتێکی تری ئەمڕۆدا زانیاریی پێویستی پێ ڕادەگەیەنێ.

## دوای کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی

- بەزووترین کات نووسراوی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بخەرە سەر لاپەڕەی ئینتەرنێتی تایبەت بە نووسینگەکەت، بۆ ئەوەی لە ئاستێکی فراواندا بەردەستی بخەی.
- لەگەڵ دابەشکردنی دەقی نووسراو بۆ هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن کە نەیتوانیوە ئامادە بێ، بەڵام بایەخمەندە بە ڕووداوەکە، بابەتی پێویستیش بنێرە.
- هەموو ئەو بەڵێنانە بەجێ بگەیەنە کە پێوەستن بە دەستکەوتنی بابەتی زیاتر یان وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە وەڵام نەدراونەتەوە، پێش ئەوەی دوا کاتی بەڵێنەکە بێ.
- پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ هەر هەنگاوێک لە پرۆسەکەدا بکەن و، تێبینییەکانت بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی داهاتوو یاداشت بکە.

## خشتەی ڕۆژنامەوانان و ناوەکانیان

بۆ خێرا وەڵامدانەوەی هەر هەواڵێک لەبارەی ڕووداوێکی تازە و، ئامانجدارکردنی ئەو هۆیانەی ڕاگەیاندن کە دەتەوێ پێیان بگەی کاتێک چیرۆکێکت هەیە و دەتەوێ بیخەیتە ڕوو، پێویستە لیستی ناوی

ئەو کەس و ئامرازە میدیاییانە لای خۆت بپارێزی کە دەتەوێ پێوەندیت پێیانەوە بمێنێ.

– لیستێک بەناوی پەیامنێران و، ناوی ئەو ئامرازە میدیاییانەی کە کاری بۆ دەکەن و، بایەخ و پسپۆڕییە ڕۆژنامەوانییەکانیان و بەپێی ئەو ناوچانەی کە کاری تێدا دەکەن، ئامادە بکە.

– لە نوێکردنەوەی بەردەوامی لیستەکە دڵنیابەوە.

– بزانە هەریەک لەو کەسانەی دەیانەوێ هەواڵەکەیان چۆن پێ بگات، بە فاکس، تەلەفۆن یاخۆ ئیمەیل.

– دوا کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان لای هەریەکەیان بزانە و، لەدوا کاتدا پێوەندییان پێوە مەکە.

– بزانە لەهەر ئامرازێکی میدیایی کێیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدا کامە هەواڵ بگوازرێتەوە و لە چ ڕۆژ، حەفتە یان مانگێکدا بێ. ئەو ماوەیە بزانە چەندە کە هەر ڕۆژنامەوانێک دەیەوێ بەهۆیەوە هەواڵەکەی دەستبکەوێ، پێش گواستنەوەی.

## بەشی دەیەم

### گەیاندنەکان لە کاتی تەنگژەکاندا

تەنگژە، بە سروشتی خۆی ڕووداوێکە چاوەڕوان نەکراو ڕوو دەدا، گەلێک جاریش بێ ئاگەداری پێشوەختەیە و، پێویست بە وەڵامدانەوەیەکی خێرا دەکات. تەنگژە کاروباری ئاسایش دەگرێتەوە و گومان و پەشێوی دەخولقێنێ. لەوانەیە تەنگژەکە ڕووداوێکی سروشتی بێ وەک زەویلەرزە یان باوبۆران، یان لەوانەیە لە دروستکردنی مرۆڤ بێ وەک تەقینەوە یان ئابڕووچوون یاخۆ ململانێیەک بێ. دواجار، ناوبانگی بەرپرسێکی گەورە و ڕێکخراوەکەی دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام ئەو تەنگژەیەی کە باش بەڕێوە دەبرێ دەکرێ پارێزگاری لە ناوبانگی و ڕاستگۆیی زۆر کەس بکات، تەنانەت لەوانەیە هەڵوێستیشیان بەهێز بکات.

بنەمای گەیاندنی کارا لەمیانەی تەنگژەکانەوە دەردەکەوێ، لە ئامادەکاری پێش ڕوودانی تەنگژەکە. لە کاتی ڕوودانی تەنگژەکە کاتی زۆر نییە بۆ بیرکردنەوە، ئەمە جگە لە نەبوونی کاتێکی ئەوتۆ بۆ پلاندانان. ئەگەر پلانی تەنگژەت نەبێ لەوانەیە لە ڕووداوەکاندا نغرۆ بێت.

"مارلین فیتزواتر" سکرتێری ڕۆژنامەوانی پێشووی کۆشکی سپی دەڵێ: "گەیاندنە باشەکانی تەنگژەکان پشت بە سیستەمێکی بەکردەیی هەبوو دەبەستێ، ئەگەر تەنگژەکەش ڕووی دا، تەنیا لە

ئەســـتــۆتە بـەســـەریدا زاڵ بیت و چاکی بکەیتـــەوە. ئەگـــەر ڕۆژانـە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کۆنگرەیەکی ڕۆژنامـەوانی ساز بکەی، دەتوانی کۆنترۆڵی بکەی و لە ڕۆژێکدا سێ جار سازی بکەی. کاتی تەنگژەکان کاتێکی گونجاو نییە بۆ نەخشەسازی سیستەمێکی نوێ".

باشترین شێواز بۆ کارکردن لە کاتی تەنگژەکان ئەوەیە کە ڕوون و ڕاسـتگۆ بیت و ئەوە بکەی کـە ڕەوشــەکـە دەیخـوازێت بەمـەبەسـتی پێشکێشکردنی هەواڵەکان. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە یارمەتی تۆ بێ یان بەبێ یارمەتیت، هەواڵەکان دەنووسێ و بڵاو دەکاتەوە.

لە بـەرژەوەندیتـدایە لە هەواڵەکـەدا بەشـدار بیت -تەنانـەت ئەگـەر نـەرینـیش بـوو- بـۆ ئـەوەی پـارێزگــــاری لـە دەربـڕینـی دروسـت لـە هەڵوێسـتـەکـەت بکەی. ئەلتـەرناتیڤ ئەوەیە کـە بۆ ئامـــڕازەکـانی ڕاگـــــەیانـدن بـنووســـــرێت "بـەرپـرســــێکی حـکوومـی وەڵامـی بەدواداچوونـەکانمانـی نەداوەتەوە" ئەمــەش گومـان و پڕوپاگـەندەکـان زیاد دەکات.

"ســوزان کنگ" گـوتیـاری پێــشــوو لە دوو وەزارەتـی فـیـدراڵـی لە سـەردەمی سەرۆک کلینتون دەڵێ: "لە کاتی تەنگژەکاندا هەمـوو لایەنە ســەرەکـیـیـەکـان لە ژوورێکدا کـۆ بکەوە و بە ڕاشکاوی بەدوای ڕاسـتییەکاندا بگەڕێ. زیاتر لەوەی کە دەیزانیت مـەیڵێ، هەوڵ مـەدە پێـشــبـینی بکەی بەوەی بیــری لێ دەکـەیتـــەوە و، تـازەترین ئەو پێـشکەوتنانەی لە لاتە بـە ڕۆژنامـەوانانـی بگەیەنـە. ڕۆژنامـەوانانیش پێـویسـتـییـان بە دەسـتکەوتنی زانیـارییـە. ئەگەر پێیـان نەدرێ ئەوا لەبارەی پڕوپاگەندەکانەوە دەنووسن".

**پێش تەنگژەکە**

- هەموو کات پارێزگاری لە پێوەندی متمانەدار و جێی بڕوا لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بکە. ئەگەر وات کرد ئەوا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی تەنگژەکاندا کەمتر گومان دەکەن و زیاتر هاوکار دەبن.
- کەسێک دەستنیشان بکە بۆ ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری تەنگژەکان.
- بەڕێوەبەری تەنگژەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەو پرس و ئاراستانە رابسپێرە، کە دەبنە هۆی گرفتە چاوەڕوانکراوەکان. هەڵی بسەنگێنە و داتا لەبارەیەوە کۆ بکەوە و، پەرە بە ستراتیجییەکانی گەیاندن بدە بۆ ڕێگرتن یان گۆڕینی ئاراستەکەی.
- ژمارەیەک لە ئەندامانی تیمی بەڕێوەبردنی تەنگژە چاوەڕوانکراوەکان دابمەزرێنە. ڕۆڵەکانیان و ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر و سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان دیاری بکە. لیستێک ئامادە بکە کە ژمارەی تەلەفۆنی نووسینگە و مۆبایلەکانیانی لەخۆ گرتبێ. هەروەها چەند کۆپییەکی سەربوردە خودییەکانیان ئامادە بکات. لە کاتی ڕوودانی تەنگژەدا ڕۆژنامە زانیاریی پاشخانی ئەو کەسانەی دەوێ کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.
- مەشقی پێویست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بۆ گوتیارە ڕەسمییە دیاریکراوەکان بەردەست بخە.
- ئەو پەیام و ئامانج و ڕێکخراوە مێدیاییانە دەستنیشان بکە کە لەوانەیە لە پلانی تەنگژە جیاوازەکاندا بەکار بهێنرێ.

- لیستێک ئامادە بکە کە ژمارەی تەلەفۆنی نووسینگە و مۆبایل و دواکات بۆ ئەو ڕۆژنامەوانانەی لەخۆ گرتبێ، کە لەوانەیە لە کاتی ڕوودانی تەنگژەدا هەواڵەکانت بگوازێتەوە.
- پلانێک ئامادە بکە بۆ دروستکردنی سەنتەرێک بۆ تەنگژە میدیاییەکان. پێویستە ئەمە کۆمەڵێک شت لەخۆ بگرێ وەک مێزی نووسینگە و کورسی و مێز و تەلەفۆن و شوێنی وەستانی ئوتومبێل و گەیاندنە کارەباییەکان و شوێنی بارگاویکردنی مانگە دەستکردەکان و ئامێرەکانی کۆپیکردن و تەنانەت قاوەش. هەروەها پێویستت بە بیرکردنەوە لە ئاسایشی نووسینگەکە، بەتایبەتی سەبارەت بە فەرمانبەرەکانت هەیە.

**لە کاتی تەنگژەدا**

- کاتێک تەنگژەیەک ڕوو دەدا، ڕاستەوخۆ بە ڕۆژنامەوانانی ڕابگەیەنە، ئەگەرنا ئەوان لە ڕێی ترەوە ئەو زانیارییانەیان دەست دەکەوێ.
- لە پێگەیەکی ناوەندیی هەواڵەکانی لێ ڕابگەیەنی سەنتەرێک بۆ تەنگژەکان و ڕاگەیاندن بە بەردەوامی کات دابمەزرێنە و، تێیدا مامەڵە لەگەڵ پڕوپاگەندە و کۆکردنەوەی زانیاری و گرێدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دەکەیت.
- ڕاستەوخۆ ئاشکرا و ڕاگەیەنەر بە، بەوەی گوتیارێکی ڕەسمی بەئەزموون لە پێگەکە هەیە بۆ گرێدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی. ڕێگە بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و جەماوەر بدە لەوە بگەن کە تۆ لەگەڵ ڕەوشەکەدا مامەڵە دەکەیت.

- تەنیا ئەوە بڵێ کە دەیزانیت. نەکەی پێشبینی بکەی. نەچیتە ژێر باری گوشارەوە و هەر شتێک بڵێی کە لەسەر پڕوپاگەندە بەند بێ. ئەگەر هیچ نازانیت دانی پێدا بنێ. گوتنی "کارەکە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە" پەسندترین وەڵامە.
- بەخێراترین شێوە زانیارییەکان کۆ بکەوە. بنەماکانی پێنج پرسیارەکە دیاری بکە، لەوانەیە تا کاتێکی تر وەڵامی پرسیاری "بۆچی"ت دەست نەکەوێ.
- سەرۆکی حکوومەت یا سەرۆکی ئاژانسەکە و کەسانی تر لە گەورە بەرپرسان، بۆ سەنتەرەکە بێنە. پلانەکانی تر هەڵبوەشێنەوە، نەک تەنیا فەرمانبەرانی کاروباری گشتی بەڵکو خەڵکیش حەزی لە دیتنی سەرۆکە. لەکاتی ڕوودانی تەنگژەدا بوونی گەورە بەرپرسان لە بەردەم ڕۆژنامەوانان‌دا ڕاستی دەخاتە ڕوو و، نیشانی دەدا کە ڕێکخراوەکە بەبێ بایەخی لەگەڵ ڕەوشەکەدا مامەڵە ناکات.
- جەماوەرە نێوخۆییەکەت - فەرمانبەران و نووسینگە حکوومییەکانی تر- ئاگەدار بکەوە لە هەمان ئەوکاتەی کە ڕۆژنامەوانان ئاگەدار دەکەیتەوە. ئەگەر ڕۆژنامە تاکە سەرچاوە بێ بۆ زانیاری بەخشین بە فەرمانبەرەکانت، ئەوا ئەمە کاردانەوەی خراپی دەبێ لەسەر باری مەعنەوییان و دەبێتە هۆی شێواوی و برینداربوونی هەستیان، بەتایبەتی ئەگەر لە ڕۆژنامەدا بەشێوەیەکی ناڕاست باس لە ڕووداوەکە بکرێت. بە ڕەچاوکردنی ئەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکەن، ئەوا فەرمانبەران بە سەرچاوەی زانیارییەکان دادەنرێن و، بە سەرچاوەیەک دادەنرێن بۆ دزەکردنی زانیاری و بۆ پڕوپاگەندەکان. دڵنیابەوە لەوەی هەواڵی ناڕاستیان دەست نەکەوتووە.

- لە ڕێی ئیمەیلەوە پێوەندی بە جەماوەرە نێوخۆییەکەتەوە بکە، ئەگەر دەستەبەر بوو، یاخۆ لە ڕێی ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و ئەو ڕاگەیاندراوانەی کە بۆ هەر نووسینگەیەک دەنێردرێ. ئەگەر ژمارەی فەرمانبەران کەم بوون، کۆبوونەوەیەک ساز بدە تێیدا ئەندامانی تیمی تەنگژەکان ئامادە بن، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری فەرمانبەرەکان بدەنەوە.
- پارێزگاری لە کەشێکی ئارام و میهرەبان و هاوکار بکە. دوور بکەوە لە دەرکەوتن بە سیمایەکی شڵەژاو یان گرژ.
- وەپێش پڕوپاگەندەی نەرێنی بکەوە و ئەو ڕێوشوێنانە بکە کە لە چارەسەرکردنی تەنگژەکەدا دەگیرێنەبەر. پێش ڕاگەیاندنی لە هەواڵەکان دڵنیابەرەوە.
- ئەگەر بشێ، گەیشتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ شوێنی تەنگژەکە ڕیز بکە. تەلەڤیزیۆن دەیەوێ وێنەی دەستبکەوێ. ئەگەر ئاستەنگی لەبارەی ڕووبەڕوو هەبوو، ئەوا ڕاپۆرتی تیمەکانی گواستنەوەی ڕۆژنامەوانی بەکار بهێنە. بەجۆرێک نوێنەری هەر ئامرازێکی مێدیایی-لە ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕۆژنامە و تۆڕی تەلەڤیزیۆنی و ئیستگە و کۆوار و وێنەگرتن- لە شوێنەکە دەبێ، کە یەک ڕاپۆرت ئامادە دەکەن و لەجیاتی هاوڕێکانیان وێنە دەگرن. بۆ هیچ کامێکیان ناشێ ئەو ڕاپۆرتانە ئامادە بکات، بەوانەش لە گردبوونەوە ڕۆژنامەوانییەکەدا بەشدارن، تا ئەوکاتەی بەسەر هەمووانددا دابەش دەکرێ.
- پێداویستییە کردەییەکان بۆ ڕۆژنامە دەستەبەر بکە، وەک شوێنی وەستانی ئوتۆمبیل، تەلەفۆن، خاڵەکانی پێوەستبوون بە شەپۆلی

کارەبایی، نووسینگە و کورسییەکان.

- ئەو تۆمارەی کە ناوی ئەو ڕۆژنامەوانانەی لەخۆ گرتووە کە پێوەندییان کردووە و ئەو پرسیارانەی کە پرسیویانە و بە دوا کاتەکانیان و ئەو بەڵێنەی پێیانت داوە و لەوەی کارەکە سەرپشک کراوە، بپارێزە.
- هەمیشە پابەند بە بەوەی لە کاتێکی تردا پێوەندی بەو ژمارە تەلەفۆنانە بکەی کە پێشتر وەڵامت نەداونەتەوە. ئەگەر وات نەکرد ئەوا ڕۆژنامەوانان بەدوای سەرچاوەی دیکەدا دەگەڕێن بۆ پەیداکردنی زانیاری. بەیارمەتیی تۆ بێ یان کەسی تر ڕاپۆرتەکانیان ئامادە دەکەن. بەتەنگەوە نەچوونت دەبێتە هۆی لە دەستدانی کۆنترۆڵت لەسەر هەواڵەکە.
- ئاوڕدانەوەی سادەی بەسۆزانە یارمەتیدەرە بۆ دووبارە بیناکردنەوەی متمانەی جەماوەر. دووبارەکردنەوەی متمانە نوێ بکەوە. ئەو ڕێوشوێنانە ڕابگەیەنە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەگیرێنەبەر و، بۆ یارمەتیی کەسانی کاریگەر پێی و، بۆ گەڕانەوەی کاروبارەکان بۆ دۆخە سروشتییەکەی، بەڵام سەرەتا دڵنیابەوە کە ئەوەی دەڵێی دەیکەم، بیکەیت.
- دڵنیابەوە لەوەی کە گوتیاری ڕەسمی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ گەورە بەرپرسان بەشداری لە دەرکردنی هەموو بڕیار و سیاسەتێکدا دەکات. هەر بڕیارێکیش دەرەنجامی گشتی خۆی هەیە، جا ئەگەر ئیدارە بڕوای پێ کرد یان نا.
- لە ئاراستەکردنی گلەیی دوور بکەوە. دەکرێ لە دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە ئەوە بکرێ.

- داوا لە لایەنی سێیەم بکە پاڵپشتی هەوڵەکانت بکات. پشت بەو کەسانە ببەستە کە جێی بڕوان و بەشارەزایی لەو شێوەیە تێ پەڕیون و، جەماوەر لەخۆ بگرە بۆ ئەوەی لەجیاتی تۆ قسە بکات.
- زانیارییەکان بە بەردەوام و بەشێوەیەکی خێرا نوێ بکەرەوە. لە ڕاگەیاندراوێکدا کاتی نوێکردنەوەی داهاتووت ئاماژە پێ بدە.
- چاودێری ڕاپۆرتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بکە و هەر لەو کاتە هەڵەکان ڕاست بکەوە.
- سایتێکی ئینتەرنێت دروست بکە بۆ ئاگەداربوونی خەڵک لە ڕەوشەکە. هەموو ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕاگەیاندراو و بەڵاڤۆکە ڕاستییەکان و هەموو ئەوانەی پێوەستن بە زانیاریی ترەوە، لەسەر سایتەکە دابنێ.
- گرووپێکی هەڵسەنگاندن پێک بێنە بۆ لێکۆڵینەوەی گرفتەکە و هەوڵدان بۆ دووبارە نەبوونەوەی لە داهاتوودا. ئەمە تەنیا بۆ ڕووکاری مەکە، بەڵکو دەبێ ئەندامانی گرووپەکە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیان هەبێ.
- وەبیرت بێتەوە: کرانەوە و بەپیرەوەچوون لە کاتی ڕوودانی تەنگژەیەکدا، ڕێز و ڕاستگۆییت لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تۆکمە دەکات و، ئەمە لە ساتی دووردا یارمەتیدەرت دەبێ.

**دوای تەنگژەکە**

- کاراییی پلانی تەنگژەکان هەڵبسەنگێنە و خەڵک چۆن بەدەنگییەوە دەچن.
- گرفتەکان ڕاست بکەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ڕوو نەدەنەوە.

### باشترین پێنج پرسیار

- پلانێک بۆ تەنگژەکان دابنێ.
- لە کاتی تەنگژەکاندا یەکسەر ڕاگەیەنەر بە، بەڵام تەنیا ئەوە ڕابگەیەنە کە دەیزانیت.
- گەورە بەرپرسەکان بۆ شوێنی ڕووداوەکە بێنە.
- جەماوەرە نێوخۆییەکەت بە ڕاستییەکان ئاگەدار بکەوە.
- تۆمارەکانت بە بەردەوامی و ڕێکوپێکی نوێ بکەوە.

### گواستنەوەی گردبوونەوە "المجامیع" ڕۆژنامەوانییەکان

گردبوونەوەی ڕۆژنامەوانی ئەوکاتە دەگوازرێتەوە کە شوێنی ڕووداوەکە یان کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بەپێی پێویست گەورە نەبێ، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژنامەوانە بایەخمەندەکان بە چیرۆکێکی هەواڵی، لەخۆ بگرێ. بۆ نموونە، گەلێک جار ئەم شێوازە لە کۆشکی سپی پەیڕەو دەکرێ، کە لە نووسینگەی سەرۆک و هەندێک ناوچەی تردا ڕووبەرەکە دیاریکراوە.

- گواستنەوەی ڕۆژنامەوانی کۆڕبەندی بریتییە لەوەی کە دوو نوێنەر لەهەر جۆرێک لە جۆرەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن «بە ناردنی تیمێکی نوێنەریان» بۆ گواستنەوەی ڕووداوێک دەنێردرێن، کە ڕاپۆرتێک دەنووسنەوە یان ڕووداوەکە تۆمار دەکەن و بابەتەکە دەگەڕێننەوە بۆ هاوڕێکانیان لە ئامرازێکی ڕۆژنامەوانی یان ئیستگە و تەلەڤیزیۆن، پێش ئەوەی بۆ ئامرازەکانی خۆیانی بنێرن.
- گردبوونەوەی ڕۆژنامەوانی ئاسایی، لە پەیامنێری ئاژانسی هەواڵ و

پەیامنێرێکی ڕۆژنامە و یەکێکی کۆوار و پەیامنێر و وێنەگرێکی تەلەڤیزیۆنی و تەکنیککارێکی ئەندازیاری و وێنەگرێکی فۆتۆگرافی پێک دێت. گەلێک جار یەک کامێرا بۆ وێنەگرتنی ڕووداوەکە بەکار دەهێنرێ، دواتر لە ژوورێکی نزیک بۆ هەمـــوو ڕۆژنامـــەوانەکـــان دەنێردرێ.

– گردبوونەوە لەوانەیە بچووکتر بێ لەوە. کاتێک سەرۆک بیل کلینتون لە ئەکادیمیای دەریایی ئەمریکایی لە بەخاکسپاردنێکدا ئامادەبوو، قـەبارەی کـڵـێـسـا بـچـووکـەکـە و پرۆتۆکـۆڵەکـە، وای دەخـواست ڕاپۆرتێکی گرووپی ئەنجام بدرێت. ڕێگە بە چوونە ژوورەوەی تەنیا یەک کامێرا بۆ ناو کڵێسا بچووکەکە درا، ڕۆژنامەوان و کامێراکانی تر لە نهۆمی خوارەوەی تەلارەکە مانەوە و، تەماشای پەخشی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکەیان دەکرد و، بە پشتبەستن بەو پەخشە زیندووە ڕاپۆرتەکانیان ئامادە کرد.

## بەشی یازدەم

پلاندانان بۆ ڕووداو

داوا لە نووسینگەی ڕۆژنامەوانی حکوومی دەکرێ لەگەڵ هەموو جۆرە ڕووداوە گشتییەکاندا مامەڵە بکات. هەندێک ڕووداوی مێدیایی هەیە کە ڕۆژنامەوانانی بۆ بانگهێشت دەکرێ، ڕووداوی دیکەش هەیە کە هەندێک لە نوێنەرانی ڕۆژنامەوانان ئامادە دەبن و هەندێکی تر ئامادە نابێ. لەسەر گوتیاری ڕەسمی پێویستە توانای بەڕێوەبردنی بەشداریکردنی لە هەر ڕووداوێکدا هەبێ، جا مێدیایی بێ یان نا، یان میوانداری بکەیت یاخۆ وەک میوانی کەسێکی تر بێ. بیر لەم ڕووداوانە بکەوە وەک ئەوەی نمایشێکی شانۆیی یان ئاهەنگێکی سەمای بالێ بێ. دەبێ بەڕێوەبەرێک -لە دەستەی فەرمانبەرەکانت- لە شوێنەکە بێ بۆ دڵنیابوون لەوەی، کاروبارەکە بەوپێیەی پلانی بۆ دانراوە بەڕێوە دەچێ.

### پلاندانان بۆ ڕووداوێکی نێوخۆیی

بۆ هەر ڕووداوێک پێویست بە پلاندانانی ورد هەیە، کە گوتیاری ڕەسمی ڕۆژنامەوانی تێیدا بەشدار دەبێ، بەتایبەتی ڕووداوی وەک سەردانی سەرۆکی وڵات یان کۆبوونەوەی ژمارەیەک لە وەزیرانی دەرەوە.

- وەک هەنگاوی یەکەم بەڕێوەبەرێک بۆ سەرپەرشتیکردنی تەواوی

ڕووداوەکــە دابنــێ. لەوانەیە هەمـــوو شــتــێک بەڕێوە ببـــات، یان سەرپەرشتی چەند کەسێکی تر بکات کە لەگەڵ ئەرکە جیاوازەکاندا مامەڵە دەکات.

- پاشان بڕیار لەسەر بابەتی ڕووداوەکە بدە:

* مەبەست لێی چییە؟

* ئەو ئامانجانە چین کە دەبێ جێبەجێ بکرێن؟

* ئەو کاریگەرییە چییە کە پێویستە وەدی بێ؟

* دوا کاتی ڕەگەزە جیاوازەکانی ڕووداوەکە دەستنیشان بکە.

* لە چ بەروارێک پێویستە گوتارەکە تەواو بێ؟

* لە چ ڕێککەوتێک دەبێ داواکـــاری کـــەرەســـەی دوانـگە "منصـــة" و کورسـی و چادر "الخیـام" و کێبـڵی کـارەبا و تەلەفـۆن کە پێشـتـر پێشکێشکراون؟

* لە چ بەروارێک پێویستت بە ڕەزامەندی وەرگرتن هەیە؟

* لە چ کاتێک دەبێ بانگهێشتنامەکان بنێری؟

- چەند کـۆبوونەوەیەکی ڕێکخـراو لەگـەڵ کـەسـانی بەشـــداربووی ڕووداوەکە بکە، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەرکەکە کاری لەسەر دەکرێت.

- بەلای کـــەمـــەوە ڕۆژانـە ســـەردانی شـــوێنی ڕووداوەکـــە بکە بـۆ بەسـەرکـردنەوەی ئامـادەکـارییـەکـان. هەتا ڕووداوەکە گـەورەتر بێ، پێویستـە زووتر سـەردانی شـوێنەکە بکەی، سـەبارەت بە سـەردانی ڕەسـمی لەوانـەیە چەند حـەفتـەیەک پێـشـتـری بوێ، بەڵام لەبارەی کــۆبوونەوەی نێــوان دوو وەزیر بۆ مـــاوەی نیـــو کـــاتژمـــێـــر، ئەوا کـاتژمـێـرێک پێش کـاتی دیاریکراو گونجـاوە، بەڵام هەمـیـشـە چەند

کاتژمێرێک پێش لە دەستپێکردنی ڕووداوەکە، دڵنیابەوە لە بوونی یەکێک لە فەرمانبەرەکانت لە شوێنەکە، بۆ ئەوەی لە دوا ساتەکاندا توانای ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکی هەبێ.

- نووسراوێکی مێدیایی بۆ ڕووداوەکە ئامادە بکە کە خشتە و لیستی بەشداربووان و، خاڵەکانی توێژینەوە یان گوتار و ژینامەی کەسە گرینگەکان لە ڕووداوەکە و، پوختەیەکی پرسە سیاسییەکان و پرسە سەرەکییەکانی تر و، ئەو ڕاپۆرتە هەواڵییانەی پێوەندییان بە پرسەکانەوە هەیە.
- دوای ڕووداوەکە سوپاسنامە بۆ بەشداربووان، وەک گەورە بەشداربووان و فەرمانبەران بنێرە.
- کۆبوونەوەی بەدواداچوون لەگەڵ دەستەی فەرمانبەرەکانت بکە و، ڕاپۆرتێکی کورت لەوەی کە ڕووی داوە چ لایەنە سەرکەوتووەکانی یان بەپێچەوانەوە بنووسەوە، بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکانی داهاتوو باشتر بکرێن.

بەپێی تیۆرە گشتییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، (٥-١٠) کاتژمێر پێویستە بۆ پلاندانان بۆ هەر کاتژمێرێک کە ڕووداوەکە دەیخایەنێت.

## پلاندانان بۆ ڕووداوێکی دەرەکی

ئەگەر ڕووداوەکە بۆ کەسانی تر بوو بەڵام بەرپرسە حکومییەکەت بۆ قسە تێداکردن بانگهێشت کرابوو، پێویستە پێداچوونەوە بەهەموو ئەو شتانە بکەی کە پێوەستە بە بەشداریکردنی بەرپرسەکە، لەوانەش ئەو بانگهێشت و بابەتە مێدیاییانەی کە ناوی بەرپرسەکەی تێدا هاتووە.

هەمیشە دڵنیابەوە لە بوونی یەکێک لە فەرمانبەرەکانت لە شوێنەکە پێش دەستپێکی ڕووداوەکە. بەمەش دەتوانێ نوێنەرایەتیت بکات و ئاگەداری هەر گۆڕانکارییەک لە بەرنامەکەدا بێ و بەرپرسەکەتی لێ ئاگەدار بکاتەوە، بەبێ ئەوە ناتوانیت هیچ کۆنترۆڵێکی بەشداریکردنی بەرپرسەکە بکەیت.

لە بەشە گرینگەکانی پلاندانان بۆ ڕووداوە دەرەکییەکان، هەڵسەنگاندنی بانگهێشتە، ئەمە ڕەچاو بکە: بەرپرسێکی حکوومی بۆ چەند کاتژمێرێک گەشتی کرد، بۆ پێشکێشکردنی گوتارێک لە بەردەم جەماوەرێکدا کە وای گومان دەکرد لە پشتیوانانێتی، بەڵام دوای گەیشتنی، بۆی دەرکەوت کە ئەو لەسەر تەختەی شانۆ لە بەرامبەر بەرهەڵستکارانی دایە، چاوەڕوان دەکرا لە بەردەم جەماوەرێکی نادۆستدا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات. هیچ کام لە فەرمانبەرەکانی پێشتر ڕیزبەندییەکانیان بەسەر نەکردبووەوە، بۆیە کەسیان نەیانزانی ڕووداوەکە ئەوە نییە وەک لە بانگهێشتە زارەکییەکەدا هاتبوو.

بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی حاڵەتی چاوەڕوان نەکراو، زۆر لە سیاسەتوانان داوا دەکەن ئەو بانگهێشتنامانەی ئاراستەیان دەکرێ لە شێوەی نووسراودا بێ، بەم شێوەیە بەتەواوی دەزانن کە چی ویستراوە و، لەسەر بنەمای ئەوەی نووسراوە دەکارن گفتوگۆ لەبارەی بەشداریکردنیان بکەن. زۆربەیان بە نووسراو وەڵام دەدەنەوە تێیدا سروشتی بەشداریکردنیان ڕوون دەکەنەوە. کاتێک لە ڕێی تەلەفۆنەوە بانگهێشتەکە دەگات، گوتیاری ڕەسمی ڕۆژنامەوانی یان ڕێکخەری خشتەکە دەتوانێ بڵێ "سیاسەتەکەمان وەرگرتنی بانگهێشتی نووسراوە، تکایە داواکارییەکان بە پۆست یان فاکس یاخۆ ئیمەیل لەگەڵ ئەم زانیارییانە بنێرن:

- ناونیشانی ڕووداوەکە.
- ئامانجەکەی.
- ڕێککەوت و کاتەکەی. سەبارەت بەمە، باشتروایە بزانیّ ئایا هیچ نەرمی نواندنێک هەیە یان نا. بۆ نموونە، ئەگەر کۆنگرەکە بۆ چەند ڕۆژێک ساز بکریّ و، بەرپرسەکە لە ڕۆژێکی دیاریکراو بانگهێشت کرا کە لە شوێنێکی تر سەرقاڵ بوو، ئایا دەکریّ ڕێککەوتەکە بگۆڕدریّ؟
- شوێنەکە.
- ژمارەی چاوەڕوانکراوی کەسانی ئامادەبوو.
- ئایا بەشداربووی دیکە هەن، کێن؟
- ئایا میوانێکی دیاریکراو لە ڕووداوەکەدا قسە دەکات؟ ئایا ئەو کەسە، ئەو بەرپرسەیە کە ئەم لە لای کار دەکات؟ بۆ نموونە، وەکو دەسەڵاتداری ویلایەتەکە.
- ڕۆڵی بەرپرسەکە چییە؟ ئایا پێشکێشکردنی گوتاری سەرەکییە، یان تەنیا گوتیارە یاخۆ یەکێکە لە گوتیارەکان و، لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە قسە بکات... هتد؟
- ئایا ڕووداوەکە لە بەردەم ڕۆژنامەوانانداا کراوەیە یان داخراوە؟
- ئەگەر ئەمە ڕووداوێکی ساڵانە و دووبارە بووبیّ، ئایا پێشتر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چۆن گواستوویانەتەوە؟

پاشان دەتوانیت پێداچوونەوە بە بانگهێشتە نووسراوەکاندا بکەیت و بە ئارەزووی خۆت گۆڕانکاری تێدا بکەیت و، لەسەر بنەمای ئەوەی نووسراوە گفتوگۆ بکەیت. دەتوانی لەبارەی ئەوەی کە پێی ڕازیت و ڕۆڵت لە بەشداریکردنەکە، بە دەستنووس وەڵام بدەیتەوە.

### لیستی پێداویستییەکانی ڕووداوەکە

- داواکارییەکان بەنووسراو وەربگرە.
- بزانە ڕووداوەکە کەی و لە کوێ دەبێ و، ئایا نەرمونیانی لە گۆڕانکاری ڕێککەوت و کاتەکاندا هەیە یان نا.
- با لات ڕوون بێتەوە کە مەبەست لە ڕووداوەکە و ڕۆڵی داواکراو لە بەرپرسەکە چییە.
- بزانە ڕۆژنامەوانان بۆ گواستنەوەی ڕووداوەکە بانگهێشت کراون یان نا.
- لە ژمارەی میوانان و بەشداربووان بپرسە.

### شوێنی ڕووداوەکە

دوای ئەوەی بڕیار لەسەر چییەتی پەیامی ڕووداوەکە دەدەیت، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامەکە بۆ جەماوەر، پێویستە پەسندترین شوێن بۆ سازدانی دەستنیشان بکەیت. بۆ نموونە، ئەگەر ڕووداوەکە پێوەست بێ بە ڕاگەیاندنی تایبەت بە فێربوون ئەوا پەسندترین شوێن بۆ ئەمە شوێنێکی فێرکارییە وەک قوتابخانە.

دوای ئەوەی بڕیار لە دەستنیشانکردنی قوتابخانەکە دەدەیت، ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو بکە:

- پەسندترین ژووری پۆل بۆ ڕووداوەکە کامەیە؟
- ئایا قوتابی تەمەن گەورە بەشداری پێ بکرێ یان تەمەن بچووک؟
- ئەو وێنە دیتنییە کە دەمەوێ پێشکێشی بکەم چییە؟ باشترین پاشخان چییە کە ئەمە وەدی بهێنێ و لەگەڵ پەیامەکەدا بگونجێ؟

- دەبێ کێ لەوێ ئامادە بێ بۆ یارمەتیدان لە پەرەپێدانی پەیامەکە؟ بۆ نموونە، ئایا مامۆستا یان کارگێڕان لە قوتابخانەکە هەیە، یاخۆ وەزیری فێرکردن کە دەبێ وەک قسەکەر یان وەک میوان بەشداری پێ بکرێن؟ بڕیار بدە لەوەی دەبێ کەی بانگهێشت بکرێن و، دەبێ کێ بانگهێشت بکرێ، ئەو ڕۆڵە چییە کە دەبێ ڕای بپەڕێنن ئەگەر ڕۆڵی لەو جۆرە داواکراو بوو؟

## نووسراوی مێدیایی

کاتێک بەرپرسێکی گەورە لە وڵاتە یەکگرتووەکان، وەک دەسەڵاتداری ویلایەتێک یان وەزیر یاخۆ سەرۆک و یاریدەدەری سەرۆک، لە ڕووداوێکدا بەشدار دەبێ، بەدڵنیاییەوە پێشوەختە نووسراوێکی مێدیایی پێ دەگات، ئەم نووسراوە لە لایەن فەرمانبەرانی ئەو کەسەوە ئامادە کراوە کە ڕووداوەکە ڕێک دەخات. مەبەست لە نووسراوەکە بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردن و دوورکەوتنەوەیە لە حاڵەتی چاوەڕوان نەکراو.

نووسراوی مێدیایی هەمیشە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

- مەبەست لە ڕووداوەکە.
- جلوبەرگ نارەسمییە، جلوبەرگی کار ڕەسمییە.
- باری کەشوهەوای چاوەڕوانکراو بۆ ڕۆژی ڕووداوەکە.
- قەبارەی جەماوەرەکە.
- ئایا ڕۆژنامەوانان ئامادە دەبن؟ چاوەڕوان دەکرێ کامێراکان لەوێ بن؟
- شوێنی ڕووداوەکە.

- ناوی هەماهەنگکاری فەرمانبەرەکان بۆ ڕووداوەکە لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆن و مۆبایلەکەی و... هتد.
- ئەو پرسە سیاسییە سەرەکییانەی کە لەو ناوچەیەی ڕووداوەکەی تێدا بەڕێوە دەچێ بایەخی هەیە. نووسراوی میدیایی چەند گوتارێکی ڕۆژنامەوانی پاڵپشتکار لەخۆ دەگرێ.
- ناوی بەشداربووان و نازناوەکانیان و شوێنی کاریان و کورتەی ئەوەی لە ڕووداوەکەدا دەیکەن یان دەیڵێن. ئەگەر بگونجێ ژینامەی تایبەتییان دەستەبەر بکە، لەگەڵ گوتنی دروستی ناوی ئەو کەسانەی کە باو نییە.
- کارنامەی جیاواز یان خشتەی کاتی بۆ ڕووداوەکە.
- ئەو پرسیارە چاوەڕوانکراوانە چین کە لەوانەیە ڕۆژنامەوانان یان جەماوەر بپرسن، لەگەڵ وەڵامە چاوەڕوانکراوەکانیان.
- لیستێک لەبارەی ئەو پرسانەی کە باس دەکرێن و ئەوانەی کە دەبێ لێی دوور بکەونەوە ئامادە بکە.
- ناوی هەر کەسێک کە پێویستە لەسەر بەرپرسەکە لە دوانگەکەوە پێشکێشیان بکات.
- شێوەی ڕوونکراوەیی ناوچەی شانۆکە، بەو شوێنەشەوە کە بەرپرسەکە لێی دادەنیشێ و ڕادەوەستێ و، لە تەنیشت کامە خەڵکەوە دەبێ.

## بەشی دوازدەم

پێوەرە ئاکارییەکان: بنەما ڕەفتارییەکان

نووسینگەی ڕۆژنامەوانی حکوومی لە هەمان کاتدا لە دوو بواردا هەیە. بەم خەسڵەتەوە، تۆ نوێنەرایەتی هەڵوێستێکی حکوومی بۆ جەماوەر دەکەیت. ئەم ڕۆڵە دوو لایەنە لە هەندێک بۆنەدا دەتخاتە نێو هەندێک هەڵوێستی ئاکاریی سەختەوە.

تۆ وەک گوتیارێکی ڕەسمی ڕۆژنامەوانی، ئەگەر سەرۆکەکەت داوای لێ کردی ئەو زانیارییانەی نهێنی نین لە ڕۆژنامەوانانی بشاریتەوە، چی دەکەی؟ ئەی چی دەکەی ئەگەر سەرۆکەکەت لە قسەکردنی بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن درۆی کرد و، تۆ ئاگاداری ئەوە بووی؟

لە هەموو وڵاتێک بە وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە، پێویستە بەرپرسە ڕۆژنامەوانییە حکوومییەکان لەگەڵ ئەم پرسانەدا مامەڵە بکەن. بۆ یارمەتیدانیان لەم کارە، زۆر کەس بنەمایان بۆ پێوەرە ئاکارییەکان داناوە.

ئەم سیستەمە بەهاییانە کە بەهۆیەوە کەسەکە دیاری دەکات کامە ڕاستە و کامە چەوتە، کامە دەستپاکە و کامە وا نییە، کامە دادگەر نییە و کامە وایە، کۆمەڵێک نەریتی پەسندکراو بۆ ڕەفتاری پیشەوەران و فەرمانبەرە کارمەندەکان دیاری دەکات. هەروەها ئەمە بە ویژدانی پیشە دادەنرێ. بەهەمان گرینگی، دەکرێ پەیماننامەی پێوەرە ئاکارییەکان کە بەباشی دانی پێدا نراوە، تێگەیشتنێکی ڕوون لەبارەی

پێوەرەکانی ڕەفتار بداتە بەڕێوەبەری کارەکە، کە فەرمانبەرانیش پەیڕەوی دەکەن. گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان پێویستە ئەو بڕیارانە بدەن کە لە بەرژەوەندی جەماوەر و بەڕێوەبەری کارەکەیانە، ئەمە زێدەباری بەها کەسییەکانیان و پێوەرە پیشەییەکانیان، لەبەرئەوەی ئەم بەهایانە لەوانەیە جیاواز بێ ئەوا دواجار بنەما ڕەفتارییەکان پێوەری ڕەفتارێکی دروستە.

لە بنەڕەتدا، ڕاستگۆیی سەبارەت بە گوتیاری ڕەسمی حکوومی زۆر گرینگە. لەگەڵ ئەوەی نیشاندانی دڵسۆزی بۆ بەڕێوەبەری کار گرینگە، بەڵام هەر شتێک لە ڕاستگۆیی تەواو لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کەمتر بێتەوە ئەوا ڕاستگۆیی گوتیاری ڕەسمی ناهێڵێ، دواجار بەهای کەسەکە و بەڕێوەبەرەکەش دەسڕێتەوە.

متمانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە گوتیاری ڕەسمی بەزەحمەت دێتە دی، کە لەمیانەی توانای پیشەیی و ئاکاری بەرزەوەو بەتێپەڕبوونی کات وەدی دێ. بەمەش یەکەم ئامانجی گوتیاری لەبارەی پێوەرە ئاکارییەکان ئەوەیە کە ڕاستگۆیانە ڕاستی ڕووداو، پرس، سیاسەت، یاخۆ پلانەکە بگەیەنێ. لەگەڵ ئەوەی حکوومەت و ڕۆژنامە لە بنەما ڕەفتارییەکانیاندا وەک نەیار دەردەکەون، بەڵام لە سیستەمی دیموکراسیدا ئەم دوو لایەنە بنەماکانیان لە زۆر پرەنسیپەوە هاوبەشن. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، بۆ نموونە، گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان و بنەما ڕەفتارییەکانی ڕۆژنامەوان لە کەسی پیشەوەر دەخوازرێ بەرپرس و ڕاستگۆ و ورد بێ و، لەسەر متمانەی خەڵک نرخێندرابێ.

سەبارەت بە بابەتی متمانە و وردەکاری، کۆمەڵەی نووسیارانی ڕۆژنامەوانی ئەمریکایی لە پەیماننامە رەفتارییەکەیدا ئاماژەی بەوە



مارگریت سولیفان (١٠)

داوە کە "نیـازپاکی بەرامبـەر خوێنەر بنەمـای ڕۆژنامـەوانێکی باشـە. پێـویسـتــە هەمـوو کـۆشـشـێک بکرێ بـۆ گـرێنتـیکردنـی وردەکـاری ناوەڕۆکی هەواڵ و نەبوونی لاگیریی و لە چوارچێوەشدا بێ و، هەمـوو لایەنەکان بەدەستپاکییەوە پێشکێش بکات". هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە کە هەڵە گەورەکان لە ڕاستییەکاندا و، ئەو هەڵانەی پێوەستن بە لابردنەوە، پێویستە بەخێرایی و ڕوونی ڕاست بکرێنەوە.

بەهەمـان شـێـوە کـۆمـەڵەی نەتـەوەیی بۆ گـوتیـارە ڕەسـمـیـیـە حکومـیـیـەکان لە پەیماننامـەی کارەکەیدا دەڵێ: "گـوتیارە ڕەسمـییـە حکوومـیـیـەکـان زانیـاریی هەڵە و چەواشـە بە ئەنقـەست ناگوازنەوە و، زانیـارییـە هەڵە یان چەواشـەکان یـاخۆ پڕوپاگـەندەکان خێـرا ڕاست دەکەنەوە".

پەیماننـامـەی پێـوەرە ئاکـارییـەکـانی هـەردوو کـۆمـەڵەکە ئەوە لەخـۆ دەگرێ کـە ئەندامـە پیشـەوەرەکانیـان لە پێناو بەرژەوەندی گشـتـیدا خـزمـەت دەکەن نـەک خـۆیـان و، ئەوان خـۆیان بەرپرسـێـتی ئەو کـارە هەڵدەگرن کە پێشکێشی دەکەن.

سـەبارەت بە بەرژەوەندی گشـتی و متـمـانەی گشـتیش، پەیماننامـەی کـۆمـەڵەی هەواڵنووسـانی ڕۆژنـامـەوانی ئەمـریکایی پێی وایە ئازادی ڕۆژنامەوانی موڵکی گەلە. لە پەیماننامەکەدا هاتووە "پێویستە لە دژی هەر دەسـتـدرێژی یان هـێـرش لـە هـەر لایەک بـەرگـری لـێ بکرێ، جـا گشـتـیی بێ یان تـایبـەتی. پێـویسـتـە لەسـەر ڕۆژنامـەوانان هەمـیـشـە وریابن بـۆ ئەوەی دڵنیـا ببنـەوە کـە کـاروباری گـەل بـەئاشکرا بـەڕێوە دەچێت و، دەبـێ بەئاگـابن لە دژی هەمـوو ئەوانەی ڕۆژنامـە بۆ نیـازی خـۆویسـتـی دەقـۆزنەوە". پەیمـاننـامـەی کـۆمـەڵەی نەتەوەیی بۆ گـوتیـارە

ڕەسمییە حکوومییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان پێویستە ژیانی پیشەیی خۆیان بەپێی بەرژەوەندی گشتی بەڕێوە ببەن، وەک دانپێدانانێک کەوا هەریەکەمان لەسەر متمانەی گەل نرخێنراوین".

نموونەکانی نێو ئەم دوو پەیماننامەیە بەڵگەیەک دەخەنە ڕوو، بەڵام چۆن دەکرێ پرسە ئاکارییەکان چارەسەر بکرێن لە شوێنگەلێک کە لەوانەیە باش بیری لێ نەکرابێتەوە؟ بەرپرسانی زانیاریی گشتیش دەکرێ ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو بکەن:

- پەیماننامەی پێوەرە ئاکارییەکانی گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان ئامادە بکە و، لەسەر ئاستێکی فراوان لەو کەسانەی کە خەریکی ئەو پیشەیەن و لەسەر فەرمانبەران دابەشی بکە.
- لەگەڵ گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان کۆ ببنەوە، کۆمەڵەو یانە پیشەییەکان پێک بهێنن. لەوانەیە گوشاری هاوڕێکان لەسەر ئاستگەلی ڕەفتاری دیاریکراو ڕۆڵ ببینن، ببێتە هێزی هاوسەنگ دژ بە کارە نائاکارییەکان. هەروەها قسەکردن لەبارەی تێکشکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و ململانێیەکان یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی ئاستێکی بۆ دابنرێ.
- پاڵپشتی بەرنامە فێرکارییەکان بکە سەبارەت بەو کەسانەی کە ئارەزووی کارکردن لە پێوەندییە ڕۆژنامەوانییەکان دەکەن.
- سەبارەت بەو کەسانەی بەتەواوی لە پیشەکەدا کار دەکەن، هانیان بدەن بۆ مەشقکردن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات. بۆ ئاگەداربوون لە چۆنیەتی کاری ئەوانی تر و فێربوونی پەسندترین کار دەرفەت بڕەخسێنە.

- چاپەمەنی و بەلاڤۆکی ناوبەناو و سایتی ئینتەرنێت دابمەزرێن، بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە هاوشێوەکان.

ئەمەی خوارەوە بەشە سەرەکییەکانە لە پەیماننامەی پێوەرە ئاکارییەکانی کۆمەڵەی نەتەوەیی بۆ گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان:

"ئەندامانی کۆمەڵەی نەتەوەیی بۆ گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان پەیمان دەدەن و دڵسۆزی نیشان دەدەن، بۆ ئامانجی پێوەندییەکان و لێکگەیشتن و هاوکاریی باشتر لە نێوان هەموو خەڵکدا".

" ئێمە لەو بڕوایەداین کە ڕاستی شتێکی پیرۆزە و نابێ پێشێل بکرێت، پێشکێشکردنی زانیاریی گشتی خزمەتێکی مەدەنی سەرەکییە، خەڵک بەگشتی و هەر هاووڵاتییەک لەم شوێنەدا مافی گەیشتن بە ڕاستییەکانیان بەشێوەیەکی یەکسان و تەواو و لێکگەیشتووانە و سەردەمییانە لەبارەی حکوومەتەکەیان هەیە".

ئەندامانی ئەم ئەرکانە ڕادەپەڕێنن:

- بە پێوەری پیشەیی هەڵسوکەوت دەکەن، پابەندن بە ڕاستی و وردەکاری و دەستپاکی و هەست بە بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە لە بەردەم جەماوەردا و، خۆبەستنەوە بە پێوەرە باوەکانی سەلیقەی دروستەوە.
- ژیانی پیشەییان بەپێی بەرژەوەندی گشتی بەڕێوە دەبەن، وەک دانپێدانانێک کە هەریەکەمان لەسەر متمانەی جەماوەر نرخێنراوین.
- ڕاستییەکان بۆ ئیدارەو ئاژانسەکانیان دەگوازنەوە و، هیچ کارێک ناکەن کە دەستپاکی کەناڵەکانی گەیاندن یان پرۆسەکانی حکوومەت پووچەڵ بکاتەوە.

- زانیــاریـی هەڵە یان چـەواشـــە بـە ئەنقـــەست ناگـــوازنەوە و، بـۆ ڕاسـتکردنـەوەی زانیـارییـە هـەڵە و چەواشـەکان یان پڕوپاگـەندەکان بەخێرایی ڕەفتار دەکەن.
- خــــــتنەڕووی نـاو و نـازنـاوی ئەو کـــەســـانـەی لـە بـڕیاردانـە ســیـاسـیـیـەکـانـدا بەشـداریـیـان کـردووە، هـەروەهـا هـاووڵاتـیـیـە بایەخمەندەکان چۆن بتوانن بەشداری بکەن.
- نوێنەرایـەتی هیچ بەرژەوەندییـەکی جـیاواز یان دژ بەیەک نـاکـەن و، بەتەواوی پابەند دەبن بە هـەموو یاسـا و فـەرمانە جێبەجێکراوەکان و، ئەو سیستەمـانەی پێوەستن بە ئاشکراکردنی کەسی لەبارەی ئەو بەرژەوەندییانەوە.
- لە هـەر بەکارهێنانێکی نادروستی زانیـارییـەکان لە لایەن کـەسێکی ئاگـەدار لە ناوەوە یـان لایەنی سـێیـەم دوور دەکـەونەوە و، هـەرگـیـز زانیارییە نێوخۆییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکار ناهێنن.
- گرێنتی یان بەڵێن دەدەن بەوەی هـەر ئەنجامـێکی دیاری نەکراو کـە لە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ئەندامەکە دەربچێت، وەدی بێ.
- هیـچ یـارمـەتی، پـاداشت، دیاری یاخـۆ بەڵێن بۆ داهـاتوو وەرنـاگـرن، دەکرێ وا لێی بـڕوانرێ کە پێوەسـتە بە دامـەزراندنی مـەدەنی گشتی یان چالاکییەکانی پێوەست بەوە.
- متـمانەی فەرمـانبەرانی ئێسـتا و ئەوانی پێشـوو دەپارێزن، هـەروەها ئەو زانیـارییـانەش کە لەکۆبـوونەوە و ڕاگەیاندراوەکانـدا دەسـتـیـان کەوتووە، هـەروەک لە یـاسا و سیـستەمـەکان و بیرکردنەوەی دروست و دانا داواکراوە.
- ڕێگـر نـابێ لـە زیـانـگـەیـانـدن بـە نـاوبـانـگـی یـان پـەیـڕەوکــــــردنـە

پیشەییەکانی کەسێکی تر، یان ڕێکخراوێکی تایبەت یاخۆ ئاژانسێکی حکوومی.

- لە هیچ چالاکییەکی تایبەت بە یاریکردن بە بەڵگە داراییەکانی هەر کۆمپانیایەک بەشدار نابن.

"کاتێک لای هەر ئەندامێک بەڵگە یان گومانێک هەبووە بەوەی ئەندامێکی تر کارێکی نائاکاری یان نایاسایی یاخۆ دوور لە دەستپاکی کردووە، لەوانەش پێشێلکردنی ڕوحی ڕاگەیاندراوەکە، پێویستە ئەندامەکە خێرا ڕەوانەی دەسەڵاتی پێوەندیدار بکرێ کە بریتییە لە سەرۆکی کۆمەڵەی نەتەوەیی بۆ گوتیارە ڕەسمییە حکوومییەکان یاخۆ سەرۆکی لیژنەی پێوەرە ئاکارییەکانی کۆمەڵەکە. ئەو ئەندامانەی کە دەسەلمێنرێ پێشێلی پەیماننامە ئاکارییەکانی کۆمەڵەکەیان کردووە، داوایان لێ دەکرێ لە کۆمەڵەکە واز بهێنن".

## لەبارەی دانەرەوە

"مارگریت هـ. سولیڤان" پسپۆڕە لە کاروباری گشتی و گەیاندندا. سەرەتای کاری پیشەیی وەک پەیامنێرێکی ڕۆژنامەوانی و بێژەر لە خزمەتی هەواڵەکانی کوبلی بوو، پاشان وەک نووسیارێکی جێبەجێکار لە کۆواری The Washington Woman لە ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٦ کاری کردووە.

ئەم خانمە لە ساڵی ١٩٨٦ەوە ڕووی کردە بواری سیاسەت و وەک بەڕێوەبەری گەیاندنی دەستەی بەخشینە نەتەوەییەکانی ئەمریکا بۆ کارە مرۆییەکان دەستبەکار بوو. لە ساڵی ١٩٩١ پێوەندی بەدەستەی فەرمانبەرانی کۆشکی سپییەوە کرد، وەکو یاریدەدەری دان کویل جێگری سەرۆک جۆرج بوش کاری کرد، هەروەها سەرۆکی دەستەی فەرمانبەران و سکرتێری ڕۆژنامەوانی مارلین کویلی خێزانی جێگری سەرۆک بوو. دوای ئەوە وەک ئەندام لە وەزارەتی ویلایەتی نیوجیرزی و بەڕێوەبەری پێوەندی فیدراڵی کریستین تود وتمانی خانمە دەسەڵاتداری ئەوکاتی ویلایەتەکە کاری کرد.

سولیڤان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٠دا، پۆستی سەرۆکی دەستەی فەرمانبەران و سکرتێری ڕۆژنامەوانی لین چینی خێزانی دیک چینی جێگری سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش بوو. ئێستا لە پەیمانگەی کۆماری نێودەوڵەتی جێگری سەرۆکی گەیاندن و کاروباری دەرەوەیە، کە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستی تایبەتە، ئامانجی پێشخستنی دیموکراسییەتە لە سەرانسەری جیهاندا.

# ناوەڕۆک


لە دانەرەوە ........ 5
بەشی یەکەم: ئەوەی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی دەیکات ........ 8
بەشی دووەم: ئەرکی بەرپرسی ڕۆژنامەوان ........ 16
بەشی سێیەم: نووسینگەی ڕۆژنامەوانی لە کاتی کاردا ........ 34
بەشی چوارەم: پلانی گەیاندن ........ 60
بەشی پێنجەم: گەشەپێدانی پەیام ........ 69
بەشی شەشەم: کەرەسەکانی نووسینگەی ڕۆژنامەوانی ........ 79
بەشی حەوتەم:ڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکان و بەڵاڤۆکە میدیاییی و... ........ 94
بەشی هەشتەم: چاوپێکەوتنەکان ........ 101
بەشی نۆیەم: کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان ........ 117
بەشی دەیەم: گەیاندن لە کاتی تەنگژەکاندا ........ 126
بەشی یازدەم: پلاندانان بۆ ڕووداو ........ 136
بەشی دوازدەم: پێوەرە ئاکارییەکان: بنەما ڕەفتارییەکان ........ 144
لەبارەی دانەرەوە ........ 151